لەشانۆی فەرەنسییەوە

- پادشا دەمرێت
- چوارینە

**سەرچاوە**

* سلسلة من المسرح العالمی / الاعمال المختارة

یوجین یونسکو -٥-

الملك یموت

ترجمة : د. جمادة إبراهيم

وزارة الاعلام- الكويت

* یوجین یونسکو

دراسة ونصوص

محمد جمعة — محمود حجازي

دار الثقافة العربية للطباعة

---

**ناوی کتێب: لە شانۆی فەرنسییەوە/ پادشا دەمرێت ، چوارینە**

**ناوی نووسەر: یۆژین یۆنسکۆ**

**وەرگێڕانی: عەلی کەریم**

**بابەت: دەقی شانۆ**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**نرخ: ٢٠٠٠ دینار**

**ژمارەی سپاردن: ٥٢٠ ی ٢٠٠٨**

**چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨**

**کوردستان -سلێمانی**

www.serdam.net

www.serdam.info

یۆژین یۆنسکۆ

لە شانۆی فەرەنسییەوە

# • پادشا دەمرێت
# • چوارینە

وەرگێڕانی

عەلی کەریم

سلێمانی ٢٠٠٨

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٢٩ )**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

شانۆنامەی

# پادشا دەمرێت

# پێشەکی

لــە بۆخارســتو، وێنــەی ئــەو ســەربازانەی کــە لەشــەقامەکانی شــاردا بەپۆستاڵەکانیان زرموکوتیــان بــوو لەلایــەكو، لەلایــەکی تریــشەوە توندڕەوی فاشیزمەکان کە لەرێگەی جەنگەکانیانــەوە تــاوانی دژ بەمرۆڤایــەتییان ئــەنجام ئەدا، یۆنــسکۆیان هێنــابووە سەرســوڕمانو، پاناتاییــەکی فراوانیــان لەهزریــدا داگیرکردبو، ئەم دیمەنە ترسناکانە وایان لە یۆژین یۆنسکۆ کردبو کە بەبــەردەوام هەست بەنامۆیییەکی کوشندە بکاتو، بەناچاری بەدوای نیــشتمانێکی ئــارامو، دوور لەجەنگو، وەیشومەی شەڕەنگێزان عەوداڵ بێت، یۆنسکۆ روی لە پاریس کرد، پاریسی کردە ئەو نیشتمانە ئارامەی کــە بەبــەردەوام بەدویــدا وێــڵ بــوو، بەرهەمەکانی یۆنسکۆ بریتین لە (ژنــە گــۆرانی بێــژە ســەررۆتاوەکە)و (وانــە)و (کورسییەکان)و (قوربانیانی ئــەرك)و (کرێــچی نــوێ)و (تــابلۆ)و (توڕەبــون)و (تینـــوێتیو برســـێتی)و (پادشـــا ئـــەمرێت)و چـــەندینی دی. یۆنـــسکۆ لەبەرهەمەکانیدا ئەوە ئەدات زمان هەڵوەشێنێتەوەو، لەبری ئەو زمانە نەزۆکــە زمانێکی دی دابهێنێت، بەبۆچوونی هەوڵی ئەو زمان نەزۆکەو، لەتوانایدا نییــە ئەرکــەکانی خــۆی وەك پێویــست بهێنێتــەدی. وەك چــۆن مــردن کێــشەیەکی ئەزەلییەو، هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە مرۆڤــی سەراســیمە کــردووەو، بوە بەبابەتێکی بنــەڕەتی لەزۆربــەی نــەریتو، ســروتو، هونــەرە میللیــەکانی گەلانی کۆنو نوێی دنیــا، ئاوهــاش ئــەم بابەتــە لــەناخی یۆنــسکۆدا زێــدەتر

چەسپیوەو، لەبەرهەمەکانی رەنگیداوەتەوە، هەر لەمنداڵییەوە  مردن لەلای ئـەم نوسەرە بووە بەڕاسـتییەکی رەهـاو گـەورەو، لەگـەڵ خۆیـدا ماناکـانی بـوونی لەهزریدا قایمتر کردووە، هەر لەسەرەتاوە چ وەکو مرۆڤ و، چ وەکـو نوسـەر ئـەم کێشەیە یۆنسکۆی گەمارۆداوەو، هەموو هزری داگیرکـردوە، لەتەمـەنی پێـنج ساڵیدا کاتێك لەگەڵ دایکیدا لەبەردەرگای ماڵەوە تەرمی مردویـەك ئـەبینیّ و، دایکی پیّ ی ئەڵیّ: مردن کۆتاییەکی حەتمی هەمو مرۆڤێکە، یۆنسکۆ سەرسـام ئەبێت و، هەمو هزری پڕئەبن لەپرسیاری بیّ وەڵام، لێرەوە مەرگ لەگەڵ یۆنسکۆ ئەبێتە دوانەیەکی لەیەك نەترازاو، هیچ دەقێکی یـۆژین یۆنـسکۆ نییـە مـردن پانتاییەکی ئەگەر کـەمیش بێـت داگیرنـەکردبێت، لەبەرهەمـەکانی یونـسکۆ مردن بەچەندین وێنـە خـۆی ئـەنوێنیّ، وەك مردنـی خوێندکارەکـە لەشـانۆیی (وانە)و، خەونەکانی شۆبێر لەقوربانیانی ئەرکـداو، تـەرمی میـدیا لەئامیـدیا. کێشەی مردن وای لەیۆنسکۆ کردوە کە دو شاکاری تایبەت بەمردنەوە بنوسێت وەك شانۆیی (گەمەی کوشتن)و (پادشا ئەمرێت) کە لەهـەردو ئـەم شـانۆییەدا بەپیّ ی هەڵکشانی روداوەکان وردەکارییـەکانی مردنـی تـا رادەی سەرسـامبون بەرجەستەکردوەو، لایەنە وردو درشتەکانی ساتەوەختە ترسناکەکانی گیانـەڵڵاو، گیاندان شیبکاتەوە، ئەتوانین بڵێین یۆنسکۆ لەم شـانۆییەداو، هـەر لەسـەرەتاوە وەك سروتێك لەوردەکارییەکانی مردن ئەدویّ، بەڵام ئەشکریّ بڵێین یۆنسکۆ لـە مردن ئەترسـێت؟ لەکاتێکـدا لەشـانۆییەکی مـەزنی وەکـو (پادشـا ئـەمرێت) هـەموو لایەنـە نهێنیـەکانی سـاتەوەختی گیانـەڵڵاو، نزیکبونـەوە لـەمردن

بدرکێنێت وەك ئەوە وایە لەچرکە بەچرکەی ساتەکانی مردندا بژێت، راستر بوو یۆنسکۆ و مردن لەیەکدی دوربکەوتبانو، بەهیچ جۆرێك نە بەخەیاڵیدا بهاتباو، نە لێیشی بترسابا، بەڵام ئێمە ئەوەمان بۆ رون ئەبێتەوە کە یۆنسکۆ بەقەد ئەوەی لەمردن ترساوە ئەوەندەش خۆشیویستووە. جا ئەگەر ئەم شانۆییە گەمەیەك نەبوبێت خۆی لەمردن پێ بپارێزێت ئەبێ چی بێت هانی دابێت ئەم شانۆییە واتە (پادشا ئەمرێت) بنوسێت، ئەمە وەك ئەوە وایە چۆن روحەکان لەخۆت دورئەخەیتەوە، ئاوهاش بەم نوسینە مردن لەخۆی دوربخاتەوە، ئەمە وەك دەرمانێك وایە خۆی پێ چارەسەر بکات، ئەم شانۆییەش وانەیەکە لەوانەکانی مردن، دیارە یۆنسکۆش بەر لەنوسینەوەی ئەم شانۆییە بیری لەوە کردۆتەوە کە چەندین پادشای ناوداری مەزن مردن لەبیری بردونەتەوە وەك (لیرپاشا)و (ریشاردی دوەم) بۆ نمونە. ئایە بیرانژێ ئەم راستییە ئەزەلییە ئەسەلمێنێ؟ باوەڕی پێئەهێنێت؟ لەکاتێکدا هەمو ئاماژەکان ئەو راستیە دوپات ئەکەنەوە کە بیرانژێ لەمەرگەوە نزیکە، زەوی درزی تێئەکەوێت، چیاکان دائەڕوخێن، خۆر لەهەڵهاتن دوائەکەوێت، مەملەکەت بچوکئەبێتەوە، گەل بەرەو نەمان ئەچێت، ئایە ئەمەش ئەوە ناسەلمێنێ کە مردنی مرۆڤ مردنی دنیاو سروشتو هەمو شتێکە؟ لەکاتێکدا هەردو ژنەکەی پادشا (مارگریتو ماری) رابوردوی پاشا ئەگێڕنەوە، هەست ئەکەیت ئەم رابوردوە رابوردوی هەمو مرۆڤایەتییە، ئەوەتا بیرانژێ ئاگر لەخوداوەند ئەزدێو، فڕۆکەیشی دروستکردوەو، ئەمریکاش ئەدۆزێتەوە، تاوەری ئیڤلیشی بونیادناوە. بەڵام

لەلایەکی تریشەوە ئـەوەتا روبـەڕوی مـردن بۆتـەوەو، لەتوانایـدا نییـە رێگـە بکاتو، سەولەجانەکەی لەدەسـت ئەکـەوێتو، ناشـتوانێت سـەرکەوێتە سـەر عەرشـەکەی، کـە نـزیکیش ئەبێتـەوە لـەمردن هـەزاران بیـانوی نابـەجێ ئەهێنێتـەوەو، نایـەوێت وەك پادشـایەك لـە رێـورەسمێکی شایـستەدا بمرێـت. سەبارەت بە (ووشە) لەم دەقە شـانۆییەدا ئـەتوانین بڵـێین بەپێـچەوانەی هـەمو دەقە شانۆییەکانی دی یۆنسکۆ، لەم شانۆییەدا زیـاتر بـەلای شـێوازی شـانۆی کلاسـیکدا ئـەڕوات، جگـە لەدیالۆگـەکانی پاسـەوان نـەبێت کـە هەنـدی لەدیالۆگەکانی ئەوان دوبارەئەکاتەوە، ئەگینا رەخنەگران وای بۆ ئەچن کـە ئـەم شانۆییەی یۆنسکۆ شێوازێکی دییەو لەوانی دی ناچێت.

**عەلی کەریم**

**کارەکتەرەکانی شانۆییەکە**

**بیرانژێی یەکەم: پادشا**

**شاژن مارگریت: ژنی یەکەمی پادشا**

**شاژن ماری: ژنی دووەمی پادشا**

**پزیشك: نەشتەرگەر، جەلالدو، زانای بەکتریاو، زانای فەلەك**

**ژولیێت: بەڕێوەبەری کۆشكو، سستەر**

**پاسەوان:**

❊ ❊ ❊

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمین جار لەپانزەی سەپتەمبەری ساڵی ١٩٦٣ لەسەر شانۆی پەیمانگای (ئالیانزی فرانسیز) لەپاریس نمایش کراوە، دەرهێنەرەکەی (جاك موکلێر) بوە، (چاك نوبلیش) جلوبەرگو، نەخشەسازی دیکۆرەکەی کردوە، مۆزیکیش لەلایەن (جۆرج دیلیرۆ)ەوە ئامادەکراوە، دواتر لە رۆژی ٣ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٦٦ لەسەر شانۆی (ئالاتیتییێ) دوبارە نمایشکراوە.

❊ ❊ ❊

## دیکۆر

هۆڵی پادشایەتی، نیمچەوێرانو، نیمـچە (**قـوطی**)یـە، لەناوەڕاسـتی شانۆکەدا،بەتەنیشت دیـواری ئەوسـەری شـانۆکەوە، چـەند پلیکانەیـەك ئەڕوانێتـە شـوێن نـشینی پادشـا، لەهـەردو لای شـانۆکەداو، لەپـشتی پێشەوە، دو تەختی بچوکی پادشایی بۆ هەردو ژنە پادشا، ژنـانی پادشـا دانـراوە. لـەلای راسـتی شـانۆکەداو، لەوپـەڕییوە، دەرگایـەکی بـچوك ئەڕوانێتە ژورەکانی پادشا، لەوپەڕی لای چەپی شانۆکەیشەوە دەرگایەکی بچوکی دی هەیە، هەر لەلای چەپەوەو، لەپێـشەوەدا دەرگایـەکی گـەورە هەیە، لەنێوان دەرگا گەورەکەو، دەرگا بچوکەکەدا پەنجەرەیەکی (**قـوطی**) هەیـە، لـەلای راسـتی شـانۆکەدا پەنجەرەیـەکی دی هەیـە، هـەر بـەلای راستداو، لەبەردەمدا دەرگایەکی بچوك هەیە، لەنزیك دەرگـا گەورەکـەوە پاسەوانێکی پیرەمێرد، بە رمێکەوە وەستاوە، دوای هـەڵکردنی پـەردەو، هـەر لەوکاتـەداو، دوای کـەمێك، گوێمـان لـەموزیکێکی پادشـایانەی تەوسئامێز ئەبێت، کە لاساییکردنەوەیەکی ئەو ئاوازانەیە کە لەکۆشـکی هەژدەهەمیندا پادشای پێخەبەرئەکرایەوە.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنـەوە) خـاوەن شـکۆ، بیرانـژێی یەکـەمین پادشـا، بژی پاشا!

(پادشـــا، تارادەیـــەك بەهـــەنگاونانێکی گورجوگۆڵانـــەو، بەعەبایـــەکی ئەرخەوانیو، تاج بەسەرەوەو، سەوڵەجانێکیش بەدەستیوە لـەدەرگا بـچوکەکەی لای چەپەوە دێتەژورێو، لەدەرگاکەی ئەوپەڕی لای راستەوە وەدەرئەکەوێ)

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) خانمی خـاوەن شـکۆ، شـاژن مارگریـت، ژنـی یەکەمی پادشا، ژولیێتی بەڕێوەبەری کۆشكو، سستەر بەدواوەیەتی، خانمی خاوەن شکۆ، بژی شاژن!

(مارگریت، ژولیێت دوایکەوتوە، لەدەرگای یەکەمی لای راستەوە دێتەژورێو، لەدەرگا گەورەکەوە دەرئەچێت)

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) خانمی خاوەن شکۆ، شاژن ماری، ژنی دووەمی پادشاو، هەردەم لەدڵدا، ژولیێتی بەڕێوەبەری کۆشكو، سستەری خاوەن شکۆکان

بەدواوەیەتی، بژی شاژن! (شاژن ماری، ژولیێت دوایکەوتوە، لەدەرگا گەورەکەی لای چەپەوە وەژورئەکەوێو، لەگەڵ ژولیێتدا لەدەرگاکەی کە ئەکەوێتە یەکەم مەوداوە دەرئەچێت، ماری لەمارگریت گەنجترو، جوانتر دیارە، تاجی لەسەرناوەو، عەبایەکی ئەرخەوانی پۆشیوەو، بەخشڵو زێڕ خۆی ڕازاندۆتەوە.. عەباکەی مۆدێلی ئەو رۆژگارانەیە، لەوەئەچێت دەستکردی خانەیەکی پۆشاکی مەزنی بەناوبانگ بێت، لەدەرگاکەی ئەوپەڕی لای چەپەوە پزیشك وەژورئەکەوێ)

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) زانای گەورە، پزیشکی پادشا، نەشتەرگەرو، زانای بەکتریاو، جەللادو، زانای فەلەك ناسی دەربار.

(تا ناوەڕاستی شانۆکە پزیشك هاتوە، لەپڕ وەك ئەوەی شتێکی بیرچوبێت بەرەودوا ئەگەڕێتەوە، هەر لەهەمان دەرگا دەرئەچێتەدەرێ، بۆ ساتێك پاسەوان بێدەنگ ئەمێنێتەوە، ماندویەتی پێوەدیارە، رمەکەی ئەنێ بە دیوارەکەوە، فو لە لەپی ئەکات بۆئەوەی گەرمی بێتەوە)

**پاسەوان:** لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەوەختێکداین کە ئەبوایە کەشوهەوا گەرمبوایە، دەی ئامێرەکانی گەرمکەرەوە هەڵکەن، سودی نییە، داناگیرسێن، ئامێرەکانی گەرمبونەوە داگیرسێن، سۆپاکە تائێستاش هەر ساردە، خەتای من نییە، پێی نەووتم، وەکالەتی ئاگرەکەی بەرەسمی لێ سەندومەتەوە، هەر هیچ نەبێ مرۆڤ لەتەك ئەوانەدا نازانێ چی بکات (لەپڕ پەلاماری چەکەکەی ئەداتو، شاژن مارگریت سەرلەنوێ لەوپەڕی لای چەپی شانۆکەوە دەرئەکەوێ تاجێکی بەسەرەوەیەو، عەبایەکی ئەرخەوانی کەم ئاڵو واڵی لەبەردایە، دیار نییە لە چ

تەمەنێکدایە، زیاتر لە زەبروزەنگەوە نزیکە، لەپێشەوەی ناوەڕاستی شانۆکەدا ئەوەستێ، ژولێت دوایکەوتوە).

بژی شاژن.

**مارگریت:** (بە ژولێت، سەرنجی دەوروبەری خۆیئەدات)

ئەم قنەجگەرەو، تۆزو خۆڵە چییە؟

**ژولێت:** لە گەورەکەوە هاتوم، مانگاکەم ئەدۆشی، خانمی خاوەن شکۆ خەریکە شیری وشك ئەکات، فریانەکەوتم ژوری میوان پاکبکەمەوە.

**مارگریت:** ئەمە ژوری دانیشتن نییە، ئەمە هۆڵی پادشایەتیە تاکەی ئەمەت پێبڵێم؟

**ژولێت:** دەباشە، باشە، هۆڵی پادشایەتی، ئەگەر خانمی خاوەن شکۆ بفەرموێ.. نەمتوانی ژوری دانیشتنەکە پاکبەکەوە.

**مارگریت:** دنیا ساردە.

**پاسەوان:** خانمی خاوەنشکۆ هەوڵمدا ئاگر بکەمەوە، ئامێرەکە داناگیرسێت، سۆپاکان گوێم لێناگرنو، ئاسمانیش هەور دایگرتوە، لەوەئەچێت هەروا بەئاسانی نەڕەوێتەوە، هەڵاتنی خۆریش دواکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا گوێم لێبوو پادشا فەرمانی دا خۆرهەڵبێت.

**مارگریت:** سەیرە، ئەوەتا خۆر بەقسەی ناکات.

**پاسەوان:** ئەمشەو گوێم لەتەقەتەقێك بوو، درزێك لە دیوارەکەدایە.

**مارگریت:** بەم کوتوپڕییە؟ کات بەخێرایی ئەڕوات، لەوبڕوایەدا نەبوم بەم زووە ئەمە روبدات.

**پاسەوان:** لەگەڵ ژولێتدا هەوڵمدا چاکیکەینەوە.

**ژولێت:** لەشیرینی خەودا بووم، لەنیوەشەودا لەخەو هەڵیسانم.

**پاسەوان:** دیسان کەلەبەری تێکەوتوە، جارێکی دی هەوڵبەینەوە.

**مارگریت:** پێویست ناکات، چاك ناکرێتەوە، (بەژولێت) شاژنە ماری لەکوێیە؟

**ژولێت:** رەنگە تائێستاش هەر خەریکی خۆڕازاندنەوە بێت.

**مارگریت:** وایە.

**ژولێت:** بەر لەشەبەق لەخەوهەڵساوە.

**مارگریت:** ئا! سودی نییە!

**ژولێت:** ئاگام لێبوو لەژورەکەیدا ئەگریا.

**مارگریت:** یا پێکەنین، یا گریان، هەر ئەوە ئەزانێت (بەژولێت) با هەر ئێستا بێت، برۆ بیهێنە (هەر لەم کاتەدا شاژن ماری وەك باس ئەکرا دەرئەکەوێت)

**پاسەوان:** (پێش دەرکەوتنی شاژن ماری بەساتەوەختێك) بژی شاژن!

**مارگریت:** (بە ماری) ئازیزەکەم چاوەکانت سورهەڵگەڕاوون ئەمەش لەجوانیت کەمئەکاتەوە.

**ماری:** ئەزانم.

**مارگریت:** ئەوەندە مەگری.

**ماری:** بەداخەوە ناتوانم، ناتوانم نەگریم!

**مارگریت:** دڵی خۆت تەنگ مەکە، هیچ سودێکی نییە، دنیا هەر وابوە، ئەی وا نییە؟ ئەمەت بەخەیاڵدا ئەهات، نەء هەرگیز بەخەیاڵتدا نەئەهات.

**ماری:** لەوەزیاتر هیچت بەخەیاڵدا نەئەهات.

**مارگریت:** بەخت یار بێت، بەهەرحاڵ، هەمو شتێك بەدڵی خۆمانە (بەژولێت) کەواتە دەسەسرێکی دی بەری.

**ماری:** تائێستاش هەر بەئومێد بووم..

**مارگریت:** خۆهەڵواسین بەئومێدەوە، کات بەفیڕۆدانە، ئومێد، ئومێد (شانی هەڵئەتەکێنێ) هیچیان بەسەر زمانەوە نییە لەوەزیاتر، چاویشیان پڕە لە فرمێسك، چ خوویەکە!

**ماری:** چووی بۆ لای دکتۆر، چی ئەڵێ؟

**مارگریت:** ئەوەی ئەیزانێت.

**ماری:** ڕەنگە بەهەڵەداچووبێت.

**مارگریت:** دیسان بەئومێدو شتی واوە خۆت هەڵمەخەڵەتێنە، هێماکان هەڵەناکەن، تۆ خۆت ئەمە ئەزانیت.

**ماری:** (سەیرێکی دیوارەکە ئەکات) ئاە، ئەم درزو کەلەبەرە!

**مارگریت:** ئەیبینی؟ لەوەزیاتر نییە، خەتای تۆ بوو ئامادەنەببوو، ئەگەر لەناکاو هەستی پێبکات ئەوە خەتای تۆیە، جێتهێشت بەهەوەسی خۆی، یاخود یارمەتیتدا لەهەوەسی خۆیدا بمێنێتەوە، ئاە! خۆشی ژیانو، ئاهەنگی

سەماکردنتانو، کەیفۆ سەفاو، بەزمۆرەزمی ئاهەنگو، ئێوارەخوانو، فرتوفێڵو، ئاگرە دەستکردو، ئاهەنگی شاییو، سەیرانی زەماوەندەکەتان! ئـەرێ بەراسـت چەند سەیرانی زەماوەندتان رێکخست؟

**ماری:** ئەوە ئاهەنگی جەژنی زەواجمان بوو.

**مارگریت:** ساڵی چوار جار ئەم ئاهەنگەتان ئـەگێڕا، (ئـەبێ چـێژ لـە ژیـان وەرگرین) بەردەوام ئەمەت ئەوتەوە.. نابێت ئینکاری بکەین.

**ماری:** ئەو زۆر حەزی بەئاهەنگە.

**مارگریت:** خەڵکی ئەزاننو، وایشی پیشانئەدەن کە نازانن! ئـەزاننو بیریـان ئەچێتەوە، بەڵام ئەو پادشایە، نابێت بیری بچێتەوە، ئەبوایە سەیری بەرپێی خۆی بکردایەو، هەستی بەقۆناخەکان بکردباو، درك بە رێگە دورودرێژو مەبەستەکەی بکات.

**ماری:** خۆشەویستە داماوەکەم، پادشای داماوم.

**مارگریت:** (بەژولێت) دەسەسرێکی دی بدەرێ، (بـەماری) تـۆزێ دڵخۆشـی خۆت بدەرەوە ئەگینا ئەویش تووشی ئەبێت، ئەمە وەك نەخۆشی وایە، ئەو خۆی لاوازە، ئەو زاڵبونە ناشیرینەت کە ئەتنواند بەرانبەری با بۆ دواجار بێت، وابـو؟ کارئەکاتەسەر، بەداخەوە! هەستم بەئیرەیی نەئەکرد، بەهیچ شێوەیەك نـا ئـەبو، ئێستاش هیچت بۆ ناکرێت بۆی بکەی، ئەوەتا غەرقی فرمێسکەکانی خۆتیتو، ناشـــتوانیت روبـــەڕوی بیتـــەوە تەماشـــاکردنەکانت نامترســـێنن، ئـــەی کـــوا هەڵەوەرییەکـــەت کـــوا چـــی لێهـــات؟ ئـــەی پێکەنینـــە گاڵتەجارییەکـــەتو،

پیاڕابواردنەکـەت؟ دەی راپـەڕە، شـوێنی خـۆت بکـەرەوەو، هەوڵبـدە قـەدت راستکەرەوە، ئاە! هێشتا ملوانکەکەت هەر جوانە، وەرە، کەواتە شوێنی خـۆت بکەرەوە.

**ماری:** (دانیشتوە) ناتوانم پیَی بلێم.

**مارگریت:** من ئەوە ئەکەم راهاتوم لەگەڵ کارە قورسەکاندا.

**ماری:** نا.. نا نەکەی پیَی بلێی، تکات لیێئەکەم، هیچی پیێمـەڵێ، دەسـتم دامێنت.

**مارگریت:** لیێم گەڕێ با رەفتار بکەم، تکات لیێئەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی ئاهەنگ گێڕاندا پیێویستمان پیێت ئەبێ، تۆ، تۆ ئاهەنگێڕیت.

**ماری:** ئەمەیان نەء.

**مارگریت:** (بەژولیێت) وەك پیێویست دامێنی جلەکانمان چاککەرەوە.

**ژولیێت:** فەرمانتە خانمی خاوەن شکۆ.

(ژولیێت فەرمانەکە جیێبەجیێئەکات)

**مارگریت:** ئاهەنگێکی هەروا بۆ خشی، نەك وەکو ئەو ئاهەنگە سـەمایانەی کە تایبەت بوون بەسەردەمانی منـاڵیو، ئەوەیـشی کـە تایبەتـە بەسـەردەمی بەسالاچونو هـەروەها ئاهەنگـە زەماوەنـدو، ئاهەنگـەکانی تایبـەت بەوانـەی رزگاربون لەمردنو، یان میدالییان وەرگرتبوو، ئـەو ئاهەنگـەی کـە بـۆ ژنـانی نوسەرو، ئامادەکاری ئاهەنگەکانو، هیدیش لەو ئاهەنگە زۆر سـەمائامێزانەی دی، بەلام ئەم ئاهەنگە دور لەکەسانی غەریبو سەماو، سەماکەر ئەبیێت.

**ماری:** نا.. هیچی پیّمەڵێ، چاکتر وایە ئاگای لەهیچ نەبێت.

**مارگریت:** ئەی بەگۆرانی کۆتایی بێت؟ مەحاڵە.

**ماری:** تۆ دڵت نییە،

**مارگریت:** با.. .. با ئەوەتا لێئەدات.

**ماری:** تۆ مرۆڤ نیت.

**مارگریت:** یەعنی چی؟

**ماری:** شتێکی ناخۆشە، بەرگەی هەواڵێکی وا ناگرێت.

**مارگریت:** ئەگەر بەرگە نەگرێت خەتای تۆیە، وەك موسافیرێك وایە لەئوتێلەکە ورتەورت بکاتو، بیری چوبێتەوە کە ئوتێلەکە ئامانجی ئەم سەفەرە نییە، کە بیرمئەخستیتەوە، ئەبێ بژیو، درك بە چارەنوسی خۆی بکات، پێت ئەوتم گوایە من زمان لوسمو، قسە زۆر هەڵئەبەستم.

**ژولێت:** (لەبەرخۆیەوە) لەگەڵ ئەوەشدا هەر زمان لوسییە.

**ماری:** ئەگەر هەر ناچاربوین، با هەر هیچ نەبێت، با بەلەفزی شیرینو ناسکییەوە پیّی بلێین.

**مارگریت:** ئەبوایە هەر لەزووەوە خۆی بۆ ئەمە ئامادەبکردبا، هەر لەزووەوە، ئەبوایە هەمو رۆژێك ئەمەی بەخۆی بووتایەتەوە، کاتێکی زۆرمان لەدەست چو! (بەژولێت) چییە، چیت بەسەرداهاتوە تا بەم شێوەو، بەو دو چاوە خەیاڵاوییانەتەوە ئاوها سەیرمان بکەیت، نەکەی تۆش لەهۆش خۆت بچیت، ئەتوانیت برۆیت زۆر دورمەکەوەرەوە، نەبا بنێرین بەدواتدا.

**ژولێت:** کەواتە ژوری دانیشتنەکە پاك ناکەمەوە؟

**مارگریت:** تازە کات نەما، با هەروا بێت، بڕۆ (ژولێت لەلای راستەوە دەرئەچێتەدەرەوە)

**ماری:** لەسەرەخۆ مەسەلەکەی پێرابگەیەنە، تکایە بەهێمنی، با دڵی نەوەستێت.

**مارگریت:** کاتێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نەماوە چاوەڕێ بین، کاتی رابوردون بەسەرچوو، کاتی بێئیشیش هەر بەسەرچوو، رۆژگارە جوانەکانیش هەر بەسەرچوون، ئەوکاتەش نەما خۆت لە جلوبەرگ داماڵیت، تا دوا سات ئیش‌وکارەکان بەتەوەزەلی بەرێوەئەچوو، کاتمان بەدەستیەوە نەماوە لەدەستی بدەین، ئەمە دوا ساتەوەختە، چەند ساتەوەختێکمان بەدەستەوەیە ئەبێ ئەوە بکەین کە ساڵەهایە بۆمان نەلواوە بیکەین، کە هەمو شتێکیش تەواو بو بەتەنیا لەگەڵیدا جێم بهێڵن، دواتر ئاگادارت ئەکەمەوە، تائێستاش کارێکت لەبەردەمدایە ئەبێ بیکەیت، ئارامگرە، با بۆتی ئامادە بکەم.

**ماری:** ئەوە زۆر زەحمەتە، لەوە زەحمەتر نییە.

**مارگریت:** بۆ منو، تۆو، ئەو هەریەك زەحمەتە، خۆت مەگرێنە، ئەوە دوبارەی ئەکەمەوە، ئامۆژگاریت ئەکەم، ئەمرت پێئەکەم.

**ماری:** قبوڵی ناکات.

**مارگریت:** لەسەرەتا، ئا.

**ماری:** یارمەتی ئەدەم روبەڕوبێتەوە.

**مارگریت:** نابێت پاشگەزبێتەوە، ئەگینا ئـەبێ وریابیـت، ئـەبێ ئـەوە وەك پێویست ئەنجام بدرێت، با ئەوە سـەرکەوتنێك بێـت، بردنەوەیـەك بێـت، زۆری بەسەرچوو هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، کۆشکەکەی وێرانو، کاول بوە، زەوییەکانیـــشی بـــەیارو، وشـــکانین، چـــیاکانیش پوکبونەتـــەوەو، دەریـــاش بەربەستەکانی تێکشکانو، وولاتی ژێرئاوخست، بایەخی پێنادات، لەباوەشـتدا هەمو شتێکت بیربردۆتەوە، ئەو باوەشەی کە ناخۆشترین بۆنی هەیە، بـەدزەوق! ئەگەرچی ئەمە زەوقی خۆی بوو، لەبری ئەوەی زەوییەکان بەهێزو بەپیت بکـات چەندین هیکتـاری فەرامۆشـکرد، چـەندینی دیـشی کـردە قـوڕگی کەلەبـەرو گێژاوەکانەوە.

**ماری:** تۆ چەند وریاو بەئاگای! یەکەم، هەرگیز ناتوانین روبەڕوی بومەلـەرزە بینەوە.

**مارگریت:** تۆ چەند نارەحەتو پەستم ئەکەیت!..

ئەیتوانی رێگە لەزۆر شت بگرێت، لەلمدا درەختی سنۆبەر بنێـژێت، زەوییـە هەرەشەلێکراوەکان تۆکمە بکات، بەلام ئێستا مەملەکەت پڕە لە درزگەلێك کە لە لەتە پەنیرێکی گەورە ئەچێت پڕبێت لە کون.

**مـــاری:** دژ بـــەم چارەنوســـە حەتمییـــە هیـــچمان شـــك نەئـــەبرد، دژ بـــە کاریگەرییەکانی سروشت.

**مارگریت:** هەروەها هەمو ئەو جەنگە وێرانکارییە شومە، لەکاتێکدا سەربازە سەرخۆشـەکانی ئەوانـەی شـەوان یـان دوای خوانـە پـڕ خواردەمەنیـەکان لـە

سەربازگەکان لەشیرینی خەودا بوون، دراوسێکانمان سنوریان ئەبەزانین، هەر لەبەر ئەوەش بوو خاکی نیشتمان تا ئەهات بچوك ئەبووەوە، سەربازەکانی شەڕیان نەئەویست.

**ماری:** بەبیانوی سیاسەتو ئایینەوە خزمەتی سەربازیان رەتئەکردەوە.

**مارگریت:** وەك ویژدان لەخۆباییبون، ئێمە وایان پێئەڵێین، بەلاّم لەلای سوپابراوەکان پێیانئەووتن ترسنۆك، هەلاّتوو، ئەیانکوشتن، تیرباران ئەکران، ئەوەتا ئەبینی کەلەبەری قوڵو، شاری کاولبوو، حەوزی مەلەکردنی سوتێنەر مەیخانەی چۆڵوهۆڵ، بەکۆمەڵ لاوان کۆچ ئەکەن، لەسەرەتای دەسەلاّتی ئەودا، ژمارەی دانیشتوان نۆ ملیۆن کەس بوو.

**ماری:** ژمارەیان زۆر بوو جێ نەبو بیانگرێتەخۆی.

**مارگریت:** بەلاّم ئێستا لە هەزار پیرەمێردێك بەولاوە هیچی وا نەماوە، تۆ بڵێ کەمتریش، لەم کاتەی کە قسەت بۆ ئەکەم رەنگە لێیان بمرێت.

**ماری:** هەروەها چلوپێنج گەنجیش هەیە.

**مارگریت:** ئەوانەی کەس قبوڵی نەکردنو، ئێمەش نەمانئەویستن بەزۆر بۆیان گەڕاندینەوە، سەرباری ئەوەش زۆر بەخێرایی پیرئەبن، کە گەڕانەوە لەتەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا بوون، هەر لەماوەی دو رۆژدا تەمەنیان گەیشتە هەشتاوپێنج ساڵی، نەکەی بڵێی ئەوانە بەشێوەیەکی سروشتی تەمەن بەسەرئەبەن.

**ماری:** بەلاّم پادشا هێشتا خۆی هەر گەنجە.

**مارگریت:** دوێنێ وا بوو، دوێنێ ئاوهابوو، ئێستا سەیری بکە.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) ئەوەتا زانای پایەدارمان جەنابی پزیشك گەڕایەوە، زانای پایەدارمان، پایەدار زانامان.

(لەو دەرگایەی کە لەخۆیەوە ئەکرێتەوەو دائەخرێت پزیشك وەژورئەکەوێ، لەم کاتەدا بەرِوخساریدا وەك زانایەکی فەلەکیو جەللادێك دەرئەکەوێ، کلاوێکی قوچکەیی لەسەرە، ئەستێرەی جلوبەرگەکەی سورن، سەرپۆشەکەی سەری دو کونی تێدایەو، نوساوە بەیەخەی کراسەکەیەوە، چاویلکەیەکی گەورەی بەدەستەوەیە)

**پزیشك:** (بە مارگریت) بەیانیت باش خانمی خاوەن شکۆ، (بە ماری) بەیانیت باش خانمی خاوەن شکۆ، داوای لێبوردن لە هەردو خانمی خاوەن شکۆ ئەکەم، تۆزێك دواکەوتم، ئێستا لەنەخۆشخانە گەڕامەوە، خەریکی چەند نەشتەرگەرییەك بوم، لەڕووی زانستییەوە زۆر گرنگ بون.

**ماری:** ناکرێت: نەشتەرگەری بۆ پاشا بکرێت.

**مارگریت:** زۆر راستە، ئەو بەرگەی نەشتەرگەری ناکرێت.

**پزیشك:** (تەماشای مارگریت ئەکاتو، دواتر ماری) ئەزانم، خاوەن شکۆ.. لەوە نییە..

**ماری:** جەنابی دکتۆر، شتێك هەیە؟ رەنگە حاڵی باش بوبێت، وا نییە؟ چییە؟ بۆ نابێت؟

**پزیشك:** ئەمە حاڵەتێکی تایبەتە، رەنگ نییە بگۆڕدرێت.

**ماری:** راستە، ئومێد نییە، ئومێد نییە، (سەیری مارگریت ئەکات) ئەم نایەوێت ئومێدم هەبێت، ئەوەشم لێ زەوت ئەکات.

**مارگریت:** زۆر هەن دوچاری خۆبەزلزانین بوون، تۆ توشی شێتی بویت، تۆ سووكو چروكی، ئەم دنیایە شاژنێکی وەکو تۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، قیزت لێئەکەمەوە، ئاه! ئێستا دەست بەگریان ئەکەیتەوە.

**پزیشك:** لەڕاستیدا شتێك هەیە.

**ماری:** شتی وەکو چی؟

**پزیشك:** شتێك، بەپێی راستی قسەکانی پێشوتر، مەریخو زوحەل بەریەکتر کەوتوون.

**مارگریت:** پێشبینی ئەوەمان ئەکرد.

**پزیشك:** هەردو هەسارەکە تەقینەوە.

**پزیشك:** خۆریش نزیکەی پەنجا بۆ حەفتاوپێنج لەسەد تینی کەمبۆتەوە.

**مارگریت:** ئەمە شتێکی سروشتییە.

**پزیشك:** سەرما لە جەمسەری هەتاوی باکورەوە دائەکەوێت، هەسارە دورەکانیش وا خۆیان دەرئەخەن یەکئەگرنەوە، ئەستێرە کلکدارەکانیش ماندونو بەساڵداچوونو، کلکیان گرێئەدەن وەك ئەو سەگەی کە خەریکە ئەتۆپێت خۆیان گرمۆڵەکردوە.

**ماری:** ئەمە راست نییە، تۆ زیادەڕۆیی ئەکەیت، هەروایشە، تۆ زیادەڕۆیی ئەکەی.

**پزیشك:** ئەتەوێ لەچاویلکەکەوە تەماشا بکەیت.

**مارگریت:** (بەپزیشك) نا، پێویست ناکات، ئێمە بڕوات پێئەکەین، ئەی چۆن.

**پزیشك:** ئەو بەهارەی کە تا دوێنێ ئێوارە لێرە بوو، دو سـەعاتونیو پـێش ئێستا بەجێی هێشتین، ئەوەتا ئێمە لە مانگی نۆڤەمبەرین کەچی لەسەر سنور گژوگیا بەرزبۆتەوەو، درەختەکانیش گەڵایان کـردوە، هـەمو ڕۆژێـك گایـەك دو گوێرەکەی ئەبێت، یەکێکیان بەیانیانو ئـەوی تریـشیان ئێـواران، لەدەروبـەری سەعات پێنج یان پێنجو چارەك، بەڵام لەلای خۆمان گەڵای درەختەکان وشکیان کردوەو گەڵارێزانە، درەخت هەناسەهەڵئەکێشیو ئەمرێت، زەویش لەجاران زیاتر ئەقڵیشێتەوە.

**پاسەوان:** پەیمانگەی کەشناسی دەوڵەت ئاگادارمـان ئەکاتـەوە، بـا و هـەوا خراپە.

**ماری:** گوێم لە زەوییە ئەوەتا درزی تێئەکەوێت، گوێت لێیە؟ ئاە، بەداخەوە من گوێم لێیە.

**مارگریت:** قڵیشانەوەکە گەورەئەبێتەوەو، بڵاوە ئەکات.

**پزیشك:** هەورەبروسکە لەئاسمانـدا بەسـتویەتی، هـەوریش بـۆق ئـەبارێنێ، هەورەتریشقەش ئەگرمێنێ، ئێمـە گوێمـان لـێ نییـە چـونکە دەنگـی نایـە، بیستوپێنجی دانیشتوان بون بە ئاو و، دوانزەشیان بێ سەرماو نەتەوەو، لەملیان دراوە، ئەم جارەیان من هەقم بەسەرەوە نەبووە.

**مارگریت:** ئەمە ڕێك وەك پێشبینی هێماکان وایە.

**پزیشك:** قسەی پێئەبڕێت) تەواوی مەکە، ئەمە بەسە، لەم جۆرە حاڵەتانە ئەم شتانە هەمیشە روئەدەن، ئێمە ئەوە ئەزانین.

**پزیشك:** (بەئاگادارکردنەوە) خاوەن شکۆ، پاشا؟

(موزیکی ئاگادارکردنەوە) خاوەن شکۆ، بژی پادشا!

(لەلای دەرگای ئەوپەڕی راستەوە پادشا بەپێی پەتی، ژولیێتی بەدواوەیە دێتەژورەوە)

**مارگریت:** پێڵاوەکانی لە کوێ توڕداوە؟

**ژولێت:** خانمەکەم ئەوەتانێ.

**مارگریت:** (بە پادشا) چەند ناشیرینە بەپێخاوسی رێبگەی.

**ماری:** (بەژولێت) خێرا لەپێی بکە با سەرمای نەبێت.

**مارگریت:** سەرمای ببێت یان نا، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خوویەکی قێزەوونە.

(لەکاتێکدا ژولێت پێڵاوەکان لە پێی پادشا ئەکات ماری ئەسڵەمێتەوە بەبینینی پادشا)

**پزیشك:** (بەمیهرێکی پڕ لە نیفاقەوە، زیاد لەپێویست سەردائەنەوێنێت) خۆشحاڵم، بەنوازشەوە هیوای رۆژێکی بەختەوەرتان بۆ بخوازم، لەگەڵ جوانترین ئاواتم.

**مارگریت:** لە رستەیەکی بێمانا زیاتر هیچی تر نییە.

**پادشا:** (بە مـاریو مارگریـت) ڕۆژتـان بـاش، ڕۆژبـاش مـاری، ڕۆژبـاش مارگریت، تائێستاش هەر لێرەیت؟ مەبەستم چ زوو هاتیت؟ چۆنی؟ مـن بـاش نیم، نازانم چیمە، هەردو لاقم سڕن، تەنانەت بەزۆر توانیم هەڵسم، قاچـم ئـازارم ئەدات، پێڵاوەکانم ئەگۆڕم، لەوانەیە گەورەبوبم، نەمتوانی بەئیـسراحەت بنـوم، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم زەوییەی تەپەتەپی دێـتو، ئـەم سـنورەش کـە پاشەکـشە ئەکاتو، ئەم مێگەلەی کە کاوێژ ئەکاتو، دەنگی ئەو واقوویقانەی کە ئەوەڕن، بەڕاسـتی ژاوەژاوێکـی ناخۆشـە، بەهـەرحاڵ پێویـستە وەزعەکـە چـاکبکەم، هەوڵئەدەین ڕێکیانخەینەوە، ئاە، باڵەکانم، (بەپزیـشك) دکتـۆر بـەیانیت بـاش، ئەمە لۆمباژویە؟ (بەهەردو شاژنەکە) چاوەڕێی ئەندازیارەکە ئەکەم.. بیانییـە، ئەندازیارەکانی خۆمان هیچ نین، ئەوەندە ئەوەیان بەلاوە گرنگ نییـە، سـەرباری ئەوەش ئەندازیارێکی ئەوتۆمان نییە، ئەی بۆچی کۆلێژی ئەندازیاریم داخـست؟ ئا، بەڵێ! کەوتمە چاڵەکەوە، بۆچـی بونیـادی بنێینـەوە مـادام هـەمومان هـەر ئەکەوینە چاڵەکەوە، سەرەڕای ئەوەش هەست ئەکەم سەرم ئێشێ، ئەم هەورەش.. بڕیاری قەدەغەکردنیم دا، هەورەکان بەسێتی باران، وتم بەسێتی.. بەسێتی باران بارین، وتم بەسێتی، ئاە! ئەوەتا دەستیپێکردەوە، ئەم هەورە گەلحۆیە لێناگەڕێت، دڵۆپەکانی تەواو نابن، وەك پیرەژنێکی میزکەر وایە. (بـەژولێت) بـۆ وا سـەیرم ئەکەیت، تۆ ئەمڕۆ دەموچاوت سورهەڵگەڕاوە، ژوری نوستنەکەم پڕە لـە تـەونی جاجاڵۆکە، کەوابوو بڕۆ پاکیبکەرەوە.

**ژولێت:** کە خاوەن شکۆتان نوستبوون هەموم لەبن هەڵکێشا، نازانم ئەمە لەکوێوە دێ، بەردەوام سەرهەڵئەداتەوە.

**پزیشك:** (بەمارگریت) خانمی خاوەن شکۆ بینیت؟ ئەمە زیاتر ئەوە ئەگەیێنێت.

**پادشا:** (بە ماری) گوڵەکەم، چیتە؟

**ماری:** (زمانی گۆ ناکات) نازانم.. .. هیچ نییە، هیچ نازانم..

**پادشا:** لەدەوری چاوەکانتدا دو پەڵەی رەش هەن، گریاویت، ئەی بۆچی؟

**ماری:** وای خودایە.

**پادشا:** (بە مارگریت) رێنادەم کەس هیچی پێبڵێ، بۆ ئەڵێی وای خوایە؟

**مارگریت:** ئەمە قسەیەکە (بە ژولێت) برۆ سەرلەنوێ تەونە جاڵجاڵۆکەکان پاکبەرەوە.

**پادشا:** ئا.. .. وایە، ئەم تەونی جاڵجاڵۆکانە مرۆڤ توشی ڕشانەوە ئەکات، ئەبێتە هۆی مۆتەکە.

**مارگریت:** (بە ژولێت) دە بڕۆ دەی، خاوەخاو مەکە، چییە لەوەئەچێت گسکدانت بیرچوبێتەوە؟

**ژولێت:** گسکەکەم کۆن بوەو، بەکەڵك نایەت، پێویستیم بە گسکێکی تازە هەیە، هەر ئەوە نا، بەڵکو پێویستیم بەدوانزە گسکی تر هەیە. (ژولێت وەدەرئەکەوێت)

**پادشا:** ئەوە چیتان لێبەسەرهاتوە ئاوها سەیرمئەکەن؟ هیچ بوە؟ شتێکی ئەوتۆ نەبوە، ئەگەر شتێکیش بوبێت چارەسەرئەکرێ.

**ماری:** (بەپەلە بۆ لای پادشا ئەچێت) پادشام تۆ ئەشەلی؟

**پادشا:** (هەنگاوێ دوان ئەڕوا بەڕێوەو ئەشەلێت) من ئەشەلم؟ نا من ناشەلم، تۆزێك ئەشەلم.

**ماری:** ئازارت هەیە؟ خۆت بەمنەوە بگرە.

**پادشا:** من ئازارم نییە، جا بۆ ئازارم هەبێت؟ ئا، وایە، هەندێ ئازارم هەیە، هیچی وا نییە، شتێکی کەمە پێویستم بەهیچ کەسێك نییە خۆمی پێوە بگرم، لەگەڵ ئەوەشدا حەزئەکەم خۆمت پێوەبگرم.

**مارگریت:** (روەو پادشا ئەڕوات) گەورەم، ئەبێ هەمو شتێکت پێبڵێم.

**ماری:** نا.. .. بێدەنگ بە.

**مارگریت:** ووسبە (بە ماری)

**ماری:** (بە پادشا) ئەوەی ئەو ئەیڵێت هیچی راست نییە.

**پادشا:** چیم پێئەڵێ؟ ئەی ماری چی راست نییە؟ ئەم هەمو خەمە چییە بەروخسارتەوە، چیت لێکراوە؟

**مارگریت:** (بە پادشا) ئەبێ پێتراگەێنین کە تۆ ئەمریت.

**پزیشك:** بەڵێ بەداخەوە گەورەم خاوەن شکۆ.

**پادشا:** ئێ من ئـەزانم، هـەموومان ئـەوە ئـەزانین، هـەر کـە کـاتی هـات بیرمخەرەوە، مارگریت ئەمە چ شێتیەکە وات لێئەکات لەکاتی هەڵهاتنی خۆردا ئەم قسە قۆڕانەم پێبڵێی؟

**مارگریت:** نیوەڕۆیە.

**پادشا:** نا، نیوەڕۆ نەبوە، ئۆە، با ئەوەتا نیوەڕۆیە، دەی بەلای منەوە گـرنگ نییە، ئێمە هێشتا لەسپێدەداین، من نانم نەخواردوە، خـواردنی سـبحەینێم بـۆ ئامادەبکەن، لەراستیدا من ئەوەندە هەست بەبرسییەتی ناکەم، دکتۆر حـەبێکی شەهیەم بدەرێ با ئارەزوی خواردنم هەبێتو جگەرم بێتەجۆش، لەوانەیـە زمـانم سپی هەڵگەڕابێتو بۆگەن بێت، ئەی وا نییە؟ (زمانی دەرئەخات بۆ دکتۆر).

**پزیشك:** ئاوایە.. گەورەم.

**پادشا:** جگەرم پیس بوە، دوێنێ ئێوارە هیـچم نـەخوارد، لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆنێکی پیس لەدەما دێت.

**پزیشك:** گەورەم شاژنە مارگریت راست ئەڵێت تۆ ئەمریت.

**پادشا:** ئەزانن ئێوە نارەحەتم ئەکەن، ئەمرم بەڵێ ئەمرم، دوای چل ساڵ، دوای پەنجا ساڵ، دوای سێسەد ساڵ، لەئاییندەدا، ئەوکاتەی خۆم بمەوێت، کاتێ وەختم بەدەستەوە بێت، ئەوکاتەی خۆم بڕیاربدەم، تـا ئەوکاتـەش پێویـستە ئاگـاداری وولات بین، (سەرئەکەوێتە سەر تەختی شاهانە) ئای قاچەکانم، گورچیلەکانم، لەم کۆشکە ساردو، پەنجەرە شکاوانەی کە سەرمای زۆری لـێدێتەژورەوە سـەرمام بوە، هیچیان بەبنیمچەکەوە دانەناوە بۆیە سەرما دێتەژورەوە، کەس هیچ ناکات،

ئەبێ ئاگام لەخۆم بێت، کاری زۆرم لەبەردەمدایە، نابێت پشت بەکەس ببەستم (بە ماری کە خۆی پێوەگرتووە) نا.. نا.. ئەتوانم..

(خـۆی ئـەدا بەسـەر سـەوڵەجانەکەیدا وەك ئـەوەی دارعەسـا بێـت) ئـەم سەوڵەجانە تائێستاش ئەتوانێ یارمەتیم بدات، (بەبێ ئەوەی ماری یارمەتی بدات زۆر بەنەهامەتی دائەنیشێت) نا.. نا.. ئەتوانم تەواو، ئۆف، ئەم عەرشە خەریکە دژوار ئەبێت، ئەبێ وەلای نێین، بارودۆخی مەملەکەت چۆنە؟

**مارگریت:** هەر ئەوەیە کە ماوەتەوە.

**پادشا:** لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ماوەتەوە جوانە، بەهەرحاڵ پێویستە ئاگامـان لێبێـت، ئەمـەش هـزرت ئـەگۆڕێت، دەی وەزیرەکـانم بـۆ بهێـنن (ژولیێـت دەرئەکەوێت) بڕۆ وەزیرەکانم بۆ بانگ بکـە، لەوەئەچـێت تائێـستاش لەخـەوی خۆیاندا بن، وائەزانن هیچ ئیش‌وکارێك نییە بیکەن؟

**ژولێت:** پشوویانە، سەفەریان کـردوە، کـە وولاتـیش بـچوکبۆتەوە، زۆر دور نەڕۆیشتوون، ئەوەتان لەوبەری وولاتدان، سێ هـەنگاو لێـرەوە دورن، لەسوچـی دارستانەکەن، لەقەراخی جۆگەلەکەن، خـەریکی ماسـیگرتنن، خۆزگـە هەنـدێ ماسییان بگرتباو، میللەتیان پێ تێربکردایە.

**پادشا:** بڕۆ لەسوچی دارستانەکە بەدوایاندا بگەڕی.

**ژولێت:** نایەن، ئەوان لەپشودان، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەڕۆم.

(ئەڕوات لەپەنجەرەکەوە ئەڕوانێت)

**پادشا:** چ ئاژاوەیەکە!

**ژولێت:** کەوتونەتە جۆگەلەکەوە.

**ماری:** هەوڵبدە بیانگریتەوە (ژولێت ئەڕواتەدەرەوە)

**پادشا:** ئەگەر لەدەوڵەتدا دو پسپۆڕی حکومەتیم هەبا ئەمگۆڕین.

**ماری:** هەوڵبەی ئەیاندۆزیتەوە.

**پزیشك:** گەورەم خاوەنشکۆ لەوان زیاترت دەستناکەوێت.

**مارگریت:** بیرانژێ.. .. وایە، لەوان زیاترت دەستناکەوێت.

**ماری:** با، لەنێو منداڵانی قوتابخانەکاندا، با چاوەڕێ بین تۆزێك گەورەبن، ئێستا کە دوو وەزیرەکەیان لە ئاوەکە رزگارکرد با جارێ هەر خۆیان ئیش‌وکارەکان بەڕێوەبەرن.

**پزیشك:** لەقوتابخانەکان منداڵگەلێکی کەم هەن، هەندێکیان دوچاری نەخۆشی غوددەو، هەندێکی تریشیان کەم عەقڵیو، ئەوانی تریش گەمژەیی مەغۆلی، بوونو، ئەوەیشی ماوەتەوە کیسە ئاوی کەللەسەریان هەیە.

**پادشا:** باری تەندروستی رەگەزی مرۆڤ باش نییە، هەر بەڕاستی هەوڵبدە چارەسەریان بکە، یان تۆزێ بەئاگایان بهێنەرەوە، هەر هیچ نەبێت فێری چوارەمو پێنجەمو، پیتەکانی ئەلفوبێ بن کە لەرابردودا ئەیانکوشتن.

**پزیشك:** گەورەم ناتوانێت رێگە بەخۆی بدات، ئەگینا کەس لەهاووڵاتیان نەئەمان.

**پادشا:** بیانکەن بە شتێك.

**مارگریت:** لەتوانادا نییە حالێان چاکبکرێت، ناشتوانرێت کەسیان چاکبکرێتەوە، تۆ خۆت ناتوانیت خۆت چاکبکەیتەوە.

**پزیشك:** گەورەم: تۆ لەتواناتدا نییە خۆت چاك بکەیتەوە.

**پادشا:** من نەخۆش نیم.

**ماری:** حالّی زۆر باشە (بە پادشا) وا نییە؟

**پادشا:** ئەوەندە نەبێت تۆزێك ووشك بونەوە، ئەمەش هەر هیچ نییە، سەرەڕای ئەوەش هەست بە باشبوونی خۆم ئەکەم.

**ماری:** بینیتان، بینیتان، ئەڵێ هەست بە باشبوونی خۆم ئەکەم.

**پادشا:** بەڵکو زۆر زۆر باشم.

**مارگریت:** دوای سەعاتونیوێکی دی ئەمریت، دوای نمایشەکە ئەمریت.

**ماری:** وای خودایە!

**پزیشك:** بەڵێ گەورەم ئەمریت، سبەی بەیانی نان ناخۆیت، تەنانەت خواردنی ئەم ئێوارەیەش ناخۆیت، چێشت لێنەرەکە تەباخە غازەکەی کوژاندۆتەوەو، مێزەرەکەیشی تەسلیم کردۆتەوەو، ئەوەتا خەریکی هەڵگرتنەوەی فەرشو سەرپۆشەکانە لەستۆرەکە بۆ هەتا هەتایە.

**ماری:** بەم پەلەپەلە قسەمەکە، دەنگت نزم بکە.

**پادشا:** کەواتە بەبێ ئاگاداری من کێ ئەم هەمو فەرمانەی دەرکردوە؟ من باشم، ئێوە گاڵتەئەکەن، ئەمانە درۆودەلەسەی مارگریتن، تۆ هەمیشە مردنی

منت ویستوە (بە ماری) بەردەوام حەزی بەمردنی من کردووە، (بـە مارگریـت) کاتێك ئەمرم کە خۆم بمەوێت، من پادشام، من بڕیارئەدەم.

**پزیشك:** لەتواناتدا نییە بەتەنیا خۆت بڕیاربدەیت گەورەم خاوەنشکۆ.

**مارگریت:** تەنانەت لەتواناتدا نییە نەخۆشییەکەشت لەخۆت دوربخەیتەوە.

**پادشا:** من نەخۆش نیم (بە ماری) ئەی نـەتووت مـن نـەخۆش نـیم، مـن تائێستاش هەر جوانم.

**مارگریت:** ئەی ژانو ئازارەکانت؟

**پادشا:** من ئازارم نییە.

**مارگریت:** کەمێ بجولێ، ئەوسا ئەیبینین.

**پادشا:** (دانیشتووە ئەیەوێت هەڵسێتەسەرپێ) ئای.. ئەوە لەبەرئەوەی هـیچ لەمێشکمدا نییە جگـە لـەوەی هەسـت بـەئازار بکـەم، کـاتم نـەبو بـیر لـەوە بکەمەوەو، چاکببمەوە، پادشا خۆی خۆی چاکئەکاتەوە، من سەرقاڵی کاروباری مەملەکەت بووم.

**مارگریت:** ئەی توخوا وەزعی مەملەکەتەکەت چۆنە؟

تۆ ناتوانیت حوکمی بکەیت، تۆ خۆت ئەمە ئەبینیو، ناشتەوێ بیزانیت، تۆ خۆت بۆ کۆنترۆڵ ناکرێو، ناشتوانیت رێگە لە کـاولبونو، وێرانکـاری بگریـت، دەستەڵاتت بەسەر ئێمەیشدا ناشکێت.

**ماری:** هەمیشە دەستەڵاتی بەسەر مندا ئەشکێو، هەیشێتی.

**مارگریت:** تەنانەت بەسەر خۆشتدا (ژولێت دێتەژورێ)

**ژولێت:** لەتوانادا نەبوو هەردو وەزیرەکە بگرینەوە، ئەو روبارەی تێی کەوتبوون چووبو بەقوڵداو، کەنارەکەش دەوری دابوو.

**پادشا:** تێگەیشتم، ئەمە پلانە، چییە ئەتانەوێت واز لەتەختی پادشایی بهێنم.

**مارگریت:** ئەوە باشترە بەحوسنو رەزای خۆت وازی لێبێنی.

**پزیشك:** گەورەم دەستبەردابە ئەوەیان چاکترە.

**پادشا:** دەستبەردار بم؟

**مارگریت:** بەڵێ بەئەدەبەوەو، لەڕوی ئیداریشەوە وازی لێبێنە.

**پزیشك:** وەك جەستەش وازی لێبێنە.

**ماری:** رازی مەبە، گوێیان لێمەگرە.

**پادشا:** ئەمانە یان شێتن، یان خیانەتکارن.

**ژولێت:** گەورەم، گەورەی داماوم، گەورەم گەورەی داماوم.

**ماری:** (بە پادشا) پێویستە فەرمان بدەی بیانگرن.

**پادشا:** (بەپاسەوان) پاسەوان، بیانگرە.

**ماری:** پاسەوان، بیانگرە (بە پادشا) ئەوەتا، فەرمان بدە.

**پادشا:** (بە پاسەوان) هەمویان دەسگیربکە، زیندانیان بکە، لە.. لەناو تاوەرەکە زیندانیان بکە.

نا.. نا.. تاوەرەکە روخاوە، بیانبە ژێرزەمینەکەوەو توند توند دەرگایان لەسەر داخە، یان بیانبە زیندانــە تاریکەکانــەوە، یــان کونەکەروێــشکەکان، فــەرمانت پێئەکەم هەمویان دەسگیر بکە.

**ماری:** دەی بیانگرە (بە پاسەوان).

**پاسەوان:** (بێئەوەی جولّە بکات) بەناوی خاوەنشکۆوە دەستگیرتان ئەکەم.

**ماری:** (بە پاسەوان) دەی بجولّێ.

**ژولێت:** ئەو خۆی خۆی ئەوەستێنێ.

(خۆی خۆی دەستگیر ئەکات)

**پادشا:** (بە پاسەوان) پاسەوان.. بجولّێ.. بجولّێ.

**مارگریت:** تەماشا، ئەها ناتوانێت بجولّێتەوە، ئەوە توشی روماتیزمە بوە.

**پزیشك:** (ئاماژە بۆ پاسەوان ئەکات) گەورەم سوپا ئیفلیج بووە، فایرۆسێکی نادیار چۆتە مێشکییەوەو، سەنتەرەکانی بەئاگابونی بۆگەن کردووە.

**مارگریت:** (بە پادشا) وەك ئــەبینی خاوەنــشکۆ فەرمانــەکانت وایلێکــردوە نەبزوێت.

**ماری:** (بە پادشا) بڕوای پێمەکە، ئەیەوێ لەخشتەت بەرێ، مەسەلەکە بونی ئیرادەیە، هەمو بخەرە ژێر سێبەری ئیرادەی خۆتەوە.

**پاسەوان:** من.. بەناوی پادشاوە.. من..

(لە قسە ئەکەوێت دەمیشی کراوەیە)

**پادشا:** (بە پاسەوان) چیت لێبەسەرهاتوە، قسە بکە، بـڕۆ پێـشەوە، چـییە بتی؟

**ماری:** (بە پادشا) پرسیاری ئاڕاستە مەکە، مەیدوێنـە، فـەرمانی پێبکـە، بیخەرە گێژاوی ئیرادەی خۆتەوە.

**پزیشك:** ناتوانێت بزوێت، وەك ئەبینی گەورەم خاوەنشکۆ توانای قسەکردنی نییە، بـوە بەبـەرد، گوێـت لێنـاگرێ، ئەمـەش هێمایـەکی تایبەتـە، لـەڕووی پزیشکییەوە ئەمە شتێکی رونو ئاتشکرایە.

**پادشا:** با سەیری بکەین دەستەڵاتم لەدەستداوە یان نەء؟

**ماری:** (بە پادشا) بۆیان بسەلمێنە کـە تـۆ دەسـتەڵاتت هەیـەو، لەدەسـتت نەداوە، ئەگەر بتەوێ ئەتوانیت بکەیت.

**پادشا:** ئەتوانم ئەگەر بمەوێت، ئیسپاتی ئەکەم کە ئەتوانم.

**ماری:** جارێ یەکەم هەستە سەرپێ.

**پادشا:** ئەوا هەڵئەستم (کۆششێکی زۆر ئەکاتو، پەست ئەبێ)

**ماری:** ئەوەتا ئەبینی هەر زۆر ئاسانە.

**پادشا:** ئەوەتا ئەبینن مەسەلەکە زۆر ئاسانە.. ئەمانە لێبوکن، پیلانگێـڕن، بەلشەفین (ئەڕوات، بە ماری کە بەنیازە یارمەتی بدات) نا.. نا.. خۆم.. خـۆم، مادام خۆم ئەتوانم (ئەکەوێ ژولێت بەپەلە ئەڕوات بۆ هەڵـسانەوەی) مـن خـۆم هەڵئەسمەوە، (هەر بەڕاستی بەتەنها خۆی هەڵئەستێتەوە، بەڵام زۆر بەزەحمەت).

**پاسەوان:** بژی پادشا! جارێکی دی پادشا ئەکەوێتەوە.

(پادشا گیان ئەدات)

**ماری:** بژی پادشا.

(زۆر بەزەحمەت هەڵئەستێتەوەو خۆی بە سەوڵەجانەکەیەوە ئەگرێت)

**پاسەوان:** بژی پادشا (جارێکی دی پادشا هەڵئەستێتەوە) پادشا مرد.

**ماری:** بژی پادشا، بژی پادشا.

**مارگریت:** چ گاڵتەجاڕییەکە!

(پادشا زۆر بەزەحمەت هەڵئەستێتەوەو، سەرلەنوێ ژولێت پاش ئەوەی دیارنەمابو دەرئەکەوێتەوە، پادشا جارێکی دی ئەکەوێتەوە)

**ماری:** نەخێر، بژی پادشا، هەستەوە، بژی پادشا!

**ژولێت:** (دەرئەکەوێتو ونئەبێتەوە، پادشا هەڵئەسێتەوە) بژی پادشا.

**پاسەوان:** بژی پادشا.

(ئەم دیمەنە بەشێوەی کەرەکۆزی تراژیدیایی ئەنجام ئەدرێت)

**ماری:** ئەوەتا چاکی ئەبینن حاڵی چاتر بۆتەوە.

**مارگریت:** ئەمە ئەو چاکبونەوەیەیە کە بەر لەکۆتایی دێ، وا نییە؟ جەنابی دکتۆر.

**پزیشك:** (بە مارگریت) بێگومان ئەمە ئەو چاکبونە لاوازەیە کە پێش کۆتایی ئەکەوێت.

**پادشا:** پێم هەڵکەوت، هیچ نەبوو، ئەمە زۆرجار روئەدات، روئەدات، تاجەکەم! (لەکاتی کەوتنی پادشا تاجەکە ئەکەوێتە سەر زەوییەکە، ماری تاجەکە هەڵئەگرێتو، ئەیخاتەوە سەر پادشا) ئەمە سەرەتاییەکی خراپە.

**ماری:** بڕوات پێنەبێت (سەوڵەجانەکەی پادشا ئەکەوێ)

**پادشا:** ئەمەش سەرەتاییەکی خراپە.

**ماری:** بڕوا بەمە مەکە (سەوڵەجانەکەی ئەداتەوە دەستی) باش بیگرە بەدەستەوە مشتت بگرە.

**پاسەوان:** بژی.. .. بژی (دواتر بێدەنگ ئەبێ)

**پزیشك:** (بە پادشا) گەورەم..

**مارگریت:** (بە پزیشك و ئاماژە بۆ ماری ئەکات)

پێویستە ئەمە بێدەنگ بکەین، بەخۆڕایی قسەئەکات، بێ پرسی ئێمە ئیتر نابێت قسە بکات.

(ماری جوڵەناکات)

**مارگریت:** (بە پزیشكو ئاماژە بۆ پادشا ئەکات)

ئێستا هەولبدە تێی بگەیێنە

**پزیشك:** (بە پادشا) گەورەم خاوەنشکۆ، بەر لە دەیان ساڵ، یان پێش سێ رۆژ ئیپمراتۆرییتەکەتان پێشکەوتو بوو، هەر لەماوەی سێ رۆژدا جەنگتان دۆڕاندو، ئەوەیشی بەدەستانهێنابوو لەدەستان چوو، ئەوەیشی لەدەستاندا بوو جارێکی دی لەدەستان چووە، دوای ئەوەی بەروبومەکان خراپ بوونو، بیابانەکانیش

کیشورەکەمانی رامالّی، روەکەکانیش سەوزبونەتەوە، وولآتە دراوسێکانیش ئەوانەی رۆژی پێنجشەمەی رابوردو لەبیابان بوون ئەو موشەکانەیش کە ئەمانەوێت هەلّیدەین ناتەقێنەوە، یان بەواتایەکی دی لەیەکئەترازێن‌و، دواتر بەبێ‌دەنگی ئەکەونەوە.

**پادشا:** کێشەیەکی هونەرییە.

**پزیشك:** جاران ئەم کێشە هونەرییە رویئەدا.

**مارگریت:** ئەبێ ئەوە چاك بزانین کە کۆتایی بە سەردەمی سەرکەوتن هاتووە.

**پزیشك:** ئازارو ووشکبونەوەی جومگەکانت.

**پادشا:** جاران هەستم پێنەئەکرد، ئەمە یەکەم جارە.

**پزیشك:** رێك ئەمە نیشانەکەیەتی، بەیەکجاری ئەوانە گشتی نەمان، وا نییە؟

**مارگریت:** ئەبوایە پێشبینی ئەوەت بکردایە.

**پزیشك:** بەیەکجاری نەمان‌و، تۆش خاوەنی خۆت نیت، گەورەم هەستیشی پێئەکەیت، دەی بڕوانە، یەك تۆز ئازایەتی.

**پادشا:** تۆ درۆئەکەیت، ئەوەتا رابووم، وا لەکەوتنەکەم هەلّئەسمەوە.

**پزیشك:** تۆ پڕیت لەنەخۆشی‌و، ناتوانیت جارێکی تر خۆت ماندووبکەیت.

**مارگریت:** وایە ئەم وەزعە زۆر ناخایەنێ، (بە پادشا) ئەتوانیت کارێك بکەیت؟ ئەتوانیت شتێك بگۆڕیت؟ هەولّبە شتێك بکە.

**پادشا:** هەمو شتێك تێكچوە، چونكە نەمتوانی خواستەكانم بخەمەكار، لەتەمەڵی زیاتر هیچی تر نییە، هەموشتێك چاك ئەبێ، سەرلەنوی هەمو شتێك ئەگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی، ئەبینن چی ئەكەم، بجوڵی‌و نزیك بەرەوە.

**مارگریت:** ناتوانێت، ناتوانێت بەگوێی كەس بكات، پاسەوان دو هەنگاو وەرەپێشەوە، (پاسەوان دو هەنگاو پێشئەكەوێت) پاسەوان بگەڕێرەوە دواوە، (پاسەوان ئەگەڕێتەوە)

پلدشا: با سەری پاسەوانەكە بكەوێت، با سەری لەلەشی بێتەوە، (سەری پاسەوان بە لای راست‌و چەپدا دێت‌و (ئەڕوات) سەری ئەكەوێ، سەری ئەكەوێت.

**مارگریت:** نەخێر، هەر ئەلەرێتەوە، لەوەزیاتر نییە.

**پادشا:** با سەری پزیشك بكەوێتەوارێ، با هەر ئێستا بكەوێت، دەی، دەی!

**مارگریت:** بەدرێژایی ژیانم هەرگیز سەری پزیشكم نەبینیوە لە ئێستا زیاتر چەسپتر و، قایمتر بێت.

**پزیشك:** گەورەم ببورە، من زۆر خەجاڵەتم.

**پادشا:** با تاجەكەی مارگریت بكەوێتە سەر زەوییەكە، با تاجەكەی بكەوێت، (تاجەكەی پادشا ئەكەوێت‌و، مارگریت هەڵیئەگرێتەوە).

**مارگریت:** ئەیخەمەوە سەرت.

**پادشا:** سوپاس، ئەم تڕوتەشقەڵەیە چییە، چۆن لەدەستم رائەكەن، وامەزانن هەروا ئەبێت، هۆی ئەم بەزمە ئەزانم، رەنگە كونێك كەوتبێتە وەزعەكەوەو، مەسەلەكەی شلۆق كردبێت.

**مارگریت:** (بە ماری) ڕێت ئەدەین، ئێستا ئەتوانیت قسە بکەیت.

**ماری:** (بە پادشا) داوای هەرچ شتێکم لێئەکەی بیکە، ئامادەم بۆتی بکەم، ئەمر بکە گەورەم ئەمر بکە، من ئامادەم بۆ هەمو فەرمانێك.

**مارگریت:** (بە پزیشك) پێت وایە ئەوەی پێی ئـەڵێن خۆشەویـستی هـەموو شتێك بکات، ئـەوە واهیمەیـە، وەزع گـۆڕاوە، ئەمـە شـتێکی راسـتە، ئێمـە ئێستامان تێپەڕاندوە، هەر بەڕاستی تێپەڕاندوە.

**ماری:** (کە بەداهێزراوییەوە روەو لای راستو، بەرانبەر بەپەنجەرەکە چـووە) فەرمانم پێ بکە گەورەم، خۆشەویستم فەرمانم پێبکە، تەماشـا چـەند جـوانمو، چەند بۆن خۆشم، بفەرموو بێم بۆ لاتو، ماچت بکەم.

**پادشا:** (بە ماری) وەرەو ماچم بکە (ماری لەشوێنی خۆیدا ووشـك ئـەبێت) گوێت لێمە؟

**ماری:** بێگومان گوێم لێتەو، ئەوەی ئەتەوێ ئەیکەم.

**پادشا:** وەرە لام.

**ماری:** حەزئەکەم بێمو، ئەیشیکەم.. ئا ئەیکەم، باڵەکانم.. باڵـەکانم راسـت نابنەوە.

**پادشا:** کەواتە سەما بکە (ماری ناجولێتەوە)

دە دەی سەما بکە، کەواتە هەر هیچ نەبێ بجولێوە، بڕۆ بۆ لای پەنجەرەکەو، بیکەرەوەو، دایخەرەوە.

**ماری:** ناتوانم.

**پادشا:** کەواتە تۆ توشی ملگێڕی بویت، ئا توشی ملگێڕی بویت، بەرەو لای من وەرە.

**ماری:** فەرمانتە گەورەم.

**پادشا:** وەرەو بۆم پێکەنە.

**ماری:** ئەمرەکەی گەورەم.

**پادشا:** دە دەی ئەوەی ئەیلێم بیکە.

**ماری:** نازانم چۆن چۆنی رێبکەم.

لەپڕێکدا بیرم چووە.

**مارگریت:** (بە ماری) چەن هەنگاوێ بەرەو ئەو بڕۆ.

**پادشا:** تەماشا بکەن ئەوەتا دێت.

**مارگریت:** ئەو فەرمانی من جێبەجێ ئەکات.

(بەماری) بوەستە، بوەستە.

**ماری:** گەورەم ببورە، خەتای من نییە.

**مارگریت:** (بە پادشا) پێویستت بەبەڵگەی تر هەیە؟

**پادشا:** من فەرمانت پێئەکەم لەم زەوییەی ئەم کۆشکەوە درەخت بڕۆیت، (وەستانێك) فەرمانت ئەدەمێ بنمیچەکە لاببرێت، (وەستانێك) ئەڵێم با باران بباریت، (وەستان) (هیچ شتێك رونادات) فەرمانم ئەوەیە هەورەتریشقە داباریێتو من بیگرمەوە، (وەستانێك) فەرمانئەدەم سەرلەنوێ گەڵاکان سەوزبنەوە (روەو پەنجەرەکە ئەڕوات) چی! چی، هیچ نییە؟ فەرمان ئەدەم ژولیێت لە دەرگا

گەورەکەوە بێتەژورێ (ژولیێت لەدەرگا بچوکەکەی کـە ئەکەوێتــە لای ئەوپــەڕی راستی شانۆکەوە دێتەژورێ)

لەمەیانەوە نا، لەوەوە، دەی لەدەرگاکەوە بچۆرە دەرێ.

(ئاماژە بۆ دەرگا گەورەکـە ئـەکاتو، لـەدەرگا بـچوکەکەوە دێتـەدەرەوە، روبەڕوو لەگەڵ ژولیێت قسەئەکات) فەرمانت پێئەکەم لێرە بمێنەرەوە.

(ژولیێت ئەچێتەدەرێ)

فەرمان ئەکەم دەنگی زەنگەکان ببیسرێت، با زەنگ لێبدرێت، فەرمان ئەدەم سەدوبیستویەك گوللەتۆپ وەك رێزلێنان بۆ من بتەقێنرێ.

(گوێ قولاخە) هیچ نییە!.. ئاە ئەوەتا گوێم لـێیە، گوێم لە شتێکە.

**پزیشك:** خاوەن شکۆ، ئەمە جگە لە گوێ زرنگانەوە هیچی تر نییە.

**مارگریت:** (بە پادشا) هەوڵی دی مەدە، تۆ خۆت ئەکەی بە گاڵتەجاڕ.

**ماری:** (بە پادشا) پادشا بچوکەکەم، تۆ خـۆت ماندوئەکـەیت، بـێ ئومێـد مەبە، تۆ عارەق دەردێنی، کەمێك پشووبدە، دوای تۆزێك دەست پێئەکەیتەوە، دوای ساتێکی دی سەرئەکەوین.

**مارگریت:** (بە پادشا) دوای یـەك کاتـژمێرو، بیـستوپێنج دەقـەی تـر تـۆ ئەمریت.

**پزیشك:** بەڵێ گەورەم، دوای سەعاتێكو، بیستوچوار دەقەو، پەنجا خولەکی دی.

**پادشا:** (بە ماری) ماری!

**مارگریت:** دوای سەعاتێكو، بیستوچوار دەقەو، چلۆیەك خولەك (بە پادشا) ئامادەبە.

**ماری:** خۆت نەدەیت بەدەستەوە.

**مارگریت:** (بە ماری) غافلگیری مەکە، باوەشی بۆ مەکەرەوە، ئەوەتا بەلادادێتو، ناشتوانێت رێگە لەو حاڵەتە ناهەموارەی خۆی بگرێت، بەرنامەکە خاڵ بەخاڵ جێبەجێ ئەکرێت.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) ئاهەنگەکە دەست پێئەکات.

(جوڵەیەکی سەراپاگیری، ئاهەنگەکە دەست پێئەکات، پادشا لەسەر تەختی پادشایەتییە، ماری بەتەنیشتییەوەیەتی)

**پادشا:** با زەمەن بگەڕێتەوە.

**ماری:** با پێش بیست ساڵ بەر لەئێستا بێت.

**پادشا:** با پێش هەفتەیەك بەر لە ئێستا بێت.

**ماری:** با دوێنێ ئێوارە بوایە، دوێنێ بگەڕێرەوە، کاتەکانی رابوردو بگەڕێنەوە، کاتەکان بوەستن.

**مارگریت:** هیچ کاتێك بەدەستەوە نەماوە، هەمو لەناو دەستیدا توانەوە.

**پزیشك:** (بە مارگریت، دوای ئەوەی بە چاویلکەکەی ئەیرِوانییە ئاسمان) بەپێی ئەم چاویلکەیە کە پشتی دیوارو، بنمیچەکانو، بۆشاییەکان ئەبینێ، هەر لەئاسمانو، ئەو دیوارانەی کە کۆمەڵە ئەستێرە پادشاییەکان لەتۆمارگەکانی جیهاندا بەدیئەکات، خاوەن شکۆ یەکێکە لە لێخۆشبوان.

**پاسەوان:** پادشا مرد، بژی پادشا.

**مارگریت:** (بە پاسەوان) گەمژە، بێدەنگ بە.

**پزیشك:** هەروایە لەمەرگەوە نزیکترە وەك لە ژیان.

**پادشا:** نەخێر نامەوێت بمرم، تکاتان لێ ئەکەم، مەهێڵن بمرم، رەحم پێبکەن، نامەوێ بمرم، بمرم، نامەوێت.

**ماری:** نازانم چیبکەم وای لێبکەم بەرگە بگرێت، من خۆم لەو بێهێزو، پوکترم، بڕوام پێناکات، جگە لەوان بڕوای بە کەس نییە، (بە پادشا) ئومێدت هەبێت، سەرەڕای هەمو شتێك هیوا مەبڕە.

**مارگریت:** (بە ماری) سەری لێمەشێوێنە، ئەوەی تۆ ئەیکەی زەرەری پێئەگەیێنیت.

**پادشا:** نامەوێت، نامەوێ.

**پزیشك:** مەسەلەکە لێرەوە دەست پێئەکات، زۆر ئاساییە، ئەوەتا لە روبەڕوبونەوەی یەکەمدا هەرەسی هێنا.

**مارگریت:** (بە ماری) ئەم مەسەلەیە درێژەئەکێشێت.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) پادشا ئەڕوات!

**پزیشك:** پێت ئەڵێم، زۆر بەداخەوە، ئەمە زۆر بەسەر خاوەن شکۆ ئەکەوێتەوە، لە ئێمەی وەرگرە.

**پادشا:** نامەوێ بمرم.

**ماری:** ئەفسوس، هەر بەڕاستی، هەر بەیەکجاری قژی سەری سپی بوو، (هەر بەڕاستی قژی سەری پاشا سپی بووە) چرچی کەوتە سەر روخسارو، دەموچاوییەوە، لەناکاو چواردە سەدە لەتەمەنی بەسەرچوو.

**پزیشك:** زۆر بەخێرایی رۆژگار لەگەڵ خۆیدا راپێچی کرد.

**پادشا:** پادشاکان ئەبێ نەمر بن.

**مارگریت:** نەمربونیان کورت خایەنە.

**پادشا:** پیانووتم تا خۆم بڕیار نەدەم نامرم.

**مارگریت:** وایانزانی تۆزوو ئەو بڕیارە ئەدەیت، تۆ زۆرت لەحوکمڕانیدا بەسەربرد، ئەبێ بەزۆر ئەو بڕیارەت پێبدەن، تا بیناقاقات لەپۆخڵیدا بردە سەر، ئێستا چوارپەلت لەپەلوپۆئەکەوێت.

**پادشا:** هەڵیانخەڵەتاندم، ئەبوایە ئاگادارم بکەنەوە، خەڵەتانیانم.

**مارگریت:** ئاگادارمان کردیتەوە.

**پادشا:** پێش ئێستا وریات کردمەوە، بەڵام دوای چی وریامئەکەیتەوە، من نامەوێ بمرم.. نامەوێت، مادام من ناتوانم خۆم رزگار بکەم، دە ئێوە رزگارم بکەن.

**مارگریت:** ئەگەر مەسەلەکەت هەروا بەئاسانی وەرگرتوە، ئاوا تۆ هەڵەیت، ئەبوایە هەر لەسەرەتاوە خۆت ئامادەکردبا کات بەسەرچو، تۆ ئەبێت بمریت، ئەبوایە رۆژی یەکەم ئەوەت لەبیربوایە، دواتر هەمورۆژێك، هەر رۆژەی پێنج دەقیقە بیرت لێبکردایەتەوە، ئەوە زۆر نەبوو، هەمو رۆژێ پێنج دەقیقە، دواتر دە

دەقە، ئەنجا چارەکە ساعاتێك، دواتر نیوسەعات، راهێنانو خۆئامادەکردن ئـاوا ئەبێت.

**پادشا:** بیرم لەوە ئەکردەوە.

**مارگریت:** بەجددی بیرت لێنەکردۆتەوە، بیرکردنەوەیەکی قوڵ نەبوە، هەرگیز بە روحو گیانەوە بیرت لێنەکردۆتەوە.

**ماری:** ئەو تەنها ژیانی بەسەر ئەبرد.

**مارگریت:** زیاد لەپێویست، (بە پادشا) بەشێوەیەکی گشتی ئەبوایە لەقولاّیی بیرکردنەوەکانتدا زۆر بەوریاییەوە بیرت بکردایەتەوە.

**پزیشك:** هەرگیز دوربین نــەبوو، وەك هــەر بونــەوەرێك ئــەمرۆی ئەدایــە دەم سبەینێوە.

**مارگریت:** لەتەمەنی بیست ساڵاندا ئێستات ئەدایە دەم تاوێکی تر بەخۆتت ئەووت با چاوەڕوانی چــل ســاڵی تــر بکــەم، ئەوســا خــۆم رائــەهێنم، لــە چــل ساڵانیشدا..

**پادشا:** تەندروستیم زۆر باش بوو، لەهەرەتی لاوێتیدا بووم.

**مارگریت:** لە چل ساڵیدا دوات خست بۆ پەنجا ساڵیو، لە پەنجاش بۆ..

**پادشا:** جۆشم ئەدا، چ جۆشبوونێك.

**مارگریت:** لە پەنجا ویستت چاوەڕوانی شەست بکەیتو، گەشتیتە شەستو، هەشتاو، گەیشتیتە سەدوپەنجاو، دواتر دوسەدو، چوارسەد، وەنەبوو دە ساڵ.. دە

ساڵ دوایخەی، بەڵکو پەنجا پەنجا دوات ئەخست، تا وایلیێهات سەدە دوای سەدە دواتئەخست.

**پادشا:** خەریك بوو دەستبکەم بەخۆئامادەبون، ئاخ، ئەگەر یەك سەدە کاتم لەبەردمدا ئەبوو، رەنگە ئەوە فریام بکەوتایە.

**پزیشك:** گەورەم، هەر سەعاتێك، سەعاتو شتێکت لەبەردەمدایە، پێویستە لەم یەك سەعاتە هەمو شتێك تەواوبکەیت.

**ماری:** فریاناکەوێت، مەحاڵە، ئەبێ کاتی زیاتری بدرێتێ.

**مارگریت:** ئەمەیان مەحاڵە، سەعاتێك بەسە.

**پزیشك:** سەعاتێك ئەگەر باش بەکاربهێنرێت لە چەندین سەدەو سەدەی خۆغەفلاندنو، بیرچونەوە باشترە، پێنج دەقە بەسە، دە چرکە، سێ هەزارو شەش سەد چرکە، ئەو بەختی هەیە.

**مارگریت:** زۆر خاوەخاوی ئەکرد.

**ماری:** حوکمڕانیمان ئەکرد، کاری ئەکرد.

**پاسەوان:** کاری مەزن.

**مارگریت:** کاری پوچ (ژولیێت دێتەژورێ)

**ژولیێت:** داماو، لەبری ئەوەی بچێتە قوتابخانە یاریو پیاسەی ئەکرد.

**پادشا:** لەخوێندکارێك ئەچم بچێت بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام نە سەعی کردبێتو، نەخۆی ئامادەکردبێت.

**مارگریت:** (بە پادشا) خەمت نەبێت.

**پادشا:** .. .. وەك ئەكتەرێك نەزانێت یەكەم ئێوارەی نمایشەكە دەورەكەی چیەو، هەر بیربچێتەوەو، بیری بچێتەوە، بیربچێتەوە، یان وەكو ووتار خوێنێك دەستی بگرنو بیبەن بۆ سەكۆی ووتارخوێندنەوە، بەلاّم یەكەم وشەی ووتارەكەی نەزانێتو، نەشزانێت گوێگرەكانی كێن، من نازانم ئەم جەماوەرە كێنو، ناشمەوێ بزانم، نازانم بلێّم چی.. .. من لە چ حالێكدام!

**پاسەوان:** (بەئاگاداركردنەوە) پادشا ئاماژە بۆ حاڵی خۆیئ ەكات.

مارگیت: چ جەهالەتێكە!

**ژولێت:** لەبری ئەوەی بچێت بۆ قوتابخانە، حەزئەكات یاریو پیاسەبكات.

**پادشا:** چەند حەزئەكەم ساڵ بگەڕێنمەوە.

**مارگریت:** ئەبی تاقیكردنەوەكە بكەیت، دوبارەكردنەوەش نییە.

**پزیشك:** تۆ تەمەڵو، تەوەزلی، گەورەم ئێمەش هەروەكو تۆین، ئێمە ناتوانین نەكردە بین، ئێمە پزیشكارین.

**پادشا:** میللەت ئاگای لەم وەزعە هەیە؟ ئاگادارتان كردونەتەوە؟ من حەزئەكەم خەڵكی هەموو بزانن پادشا لەسەرەمەرگدایە.

(بەپەلە بۆ پەنجەرەكە ئەڕوات‌و، هەوڵێكی زۆر ئەدات‌و، ئەیەوێ بیكاتەوە، بەلاّم زۆر ئەشەلێ) خەڵكەكە، خەڵكە دڵپاكەكە من لەسەرەمەرگدام گوێم لێبگرن، منی پادشاتان وا خەریكە ئەمرم.

**مارگریت:** (بە پزیشك) نابێت كەس گوێی لێبێت، مەهێڵە هاواربكات.

**پادشا:** دەست لە پادشا مەدەن، من ئەمەوێ هەمو خەڵکی بزانن من ئەمرم (هاوار ئەکات)

**پزیشك:** ئەمە حەیابردنە.

**پادشا:** گەلینە من ئەمرم.

**مارگریت:** ئەمە پادشا نییە، بەڵکو بەرازێکە سەریئەبڕن.

**ماری:** نەخێر پادشایە، مرۆڤ نییە.

**پزیشك:** گەورەم، بیر لە مەرگی لـویزی چـوارەمو، فیلیبـی دوەمو، چـارلزی پێنجەم کە بیست ساڵ لەتابوتەکەیدا خەوت بکەرەوە، ئـەرکی ئێـوەش ئەوەیـە بەجوامێرییەوە بمرن.

**پادشا:** بەجوامێرییـەوە بمـرم؟ (لەپەنجەرەکـەوە) فریـام کـەون، پادشـاکەتان ئەمرێت.

**ماری:** پادشا داماوەکەم، پادشای داماوم.

**ژولێت:** هاوارکردن سودی نییە.

(لەدورەوە دەنگێکی لاواز ئەبیسترێت: پادشا ئەمرێت)

**پادشا:** گوێتان لێیە؟

**ماری:** من گوێم لـێیە.. گوێم لێیە.

**پادشا:** وەڵامم ئەدەنەوە، لەوەئەچێت بەهانامەوە بێن.

**ژولێت:** کەس دیار نییە، (گوێی لەدەنگدانەوەیە، فریامکەوون!)

**پزیشك:** ئەمە هیچ نیە جگە لە دەنگدانەوەیەکی لەسەرخۆ.

**مارگریت:** ئەم لەسەرخۆییە بەردەوامە، هەمو شـتێکی ئـەم مەملەکەتـەی بەرەو نائارامی بردوە.

**پادشا:** (لەپەنجەرەکـە دورئەکەوێتـەوە) ئەمـە مەحاڵـە (بـەرەو پەنجەرەکـە ئەگەڕێتەوە) من ئەترسم ئەمە مەحاڵە.

**مارگریت:** وائەزانێت ئەو یەکەمین مرۆڤە ئەمرێت.

**ماری:** هەمو مرۆڤێك یەکەمین مرۆڤە ئەمرێت.

**مارگریت:** شتێکی قورسە.

**ژولێت:** وەك هەرچ کەسێکی تر ئەگری.

**مارگریت:** ترسەکەی وای لێکردوە لە قسەی پڕوپوچ بەولاوە هیچی تر نەڵێ، ئومێدم وابوو گوێمان لە چەند قسەیەکی بەبەهای جوانی بێت، (بە پزیشك) بـۆ مێژو پێت ئەڵێم، با چەند ووتەیەکی خەڵکی دی بـەناوەوە هەڵبەسـتین، ئەگـەر پێویستی کرد بۆی هەڵئەبەستین.

**پزیشك:** ئیدیۆمی وای بۆ ئەهۆنینەوە دەماودەم بووترێتەوە (بـە مارگریـت) بایەخ بە ناوو شورەتی ئەدەین، (بە پادشا) گەورەم ئەتکـەین بەئەفـسانەو، وەك ئەفسانەش باست ئەکەین.

**پادشا:** (لە پەنجەرەکەوە) میللەت فریامکەوون، ئەی میللەت فریام کەون!

**مارگریت:** بەس نییە خاوەنشکۆ؟ تۆ لەخۆڕایی خۆت ماندوئەکەیت.

**پادشا:** (له پەنجەرەکەوە) کێ ئەیەوێت ژیانی ببەخشێت بە پادشا؟ کێ ئەیەوێت ژیانی پێشکەش بکات بە پادشا، پادشای دڵپاك، ژیانی بەپادشای بەسزمان؟

**مارگریت:** بێشەرمییە.

**ماری:** لێگەڕێن با لە هەمو دەرگاکانی بەختی خۆی بدات، تەنانەت ئەوانەی کە هەر بەدەنگییەوە نایەن.

**ژولێت:** مادام کەس نییە لە مەملەکەت.

(دەرئەچێتە دەرەوە)

**مارگریت:** سیخوڕەکان هەن.

**پزیشك:** دوژمن گوێی هەیە، ئەوانەی لەسەر سنور خۆیان مەڵاس داوە.

**مارگریت:** ترسەکەی خەجاڵەتمان ئەکات‌و حەیامان ئەبات.

**پزیشك:** دەنگدانەوەی دەنگی نایەت‌و، ناگاتە گوێ، هەرچەند هەوار بکات خۆی بێدەنگ ئەبێ، دەنگی ناکاتە پەرژینی باخچەکە.

**مارگریت:** (پادشا ئازاری هەیەو، نوزەنوز ئەکات) لەپەلوپۆ کەوتوە.

**پزیشك:** لە من‌و تۆ بەولاوە کەس گوێی لێنییە، خۆی گوێی لەخۆی نییە.

(پادشا لائەکاتەوە، هەنگاوئەنێ بەرەو ناوەڕاستی شانۆکە)

**پادشا:** من سەرمامە، ئەترسم، ئەگریم.

**ماری:** هەمو لەشی داهێزراوەو، سڕ بوە.

**پزیشك:** روماتیزمە لەجوڵەی خستوە. (بە مارگریت) دەرزییەکی لێبدەم ئارامی بێتەوە؟

(ژولێت وەژورئەکەوێ، کورسییەکی تایەداری پێیە وەك عارەبانە وایە بۆ پەککەوتوان بەکاردێت، تاجێکی بەسەرەوەیەو، لەگەڵ کەلوپەلە پادشاییەکان)

**پادشا:** دەرزیم لێمەدەن.

**ماری:** دەرزی لێمەدەن.

**پادشا:** من ئەزانم ئەمە چی بوو، دەرزیتان لێدام. (بە ژولێت) کەی من پێم وتی ئەم کورسییە بێنە! ئەمەوێ پیاسەبکەم، ئەمەوێ هەوا هەڵمژم، ئەمەوێ هەوا هەڵمژم (ژولێت عارەبانە کورسییەکە لەلای راستی شانۆکەدا دائەنێتو دەرئەچێت)

**مارگریت:** با نەکەوێت، لەسەر عارەبانە کورسییەکە دانیشە.

(هەر بەڕاستی پادشا لەترئەدات)

**پادشا:** من رازی نیم، ئەمەوێت هەر بەپێوە بم.

(ژولێت ئەگەڕێتەوەو چەرچەفێکی پێیە)

**ژولێت:** گەورەم چاك ئەبیو، زیاتر ئیسراحەت ئەکەی بەتایبەتی ئەمە بدە بەسەر چۆکتدا.

(دەرئەچێت)

**پادشا:** ئەمەوێت بەپێوە بوەستم، ئەمەوێ هاوار بکەم، ئەمەوێت هاوار بکەم.

(هاوار ئەکات)

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) خاوەن شکۆ هاوار ئەکات.

**پزیشك:** (بە مارگریت) ئەوەندە نابات بێدەنگ ئەبێ، من لەحاڵەتەکە ئەگەم، کەمێکی دی ماندوئەبێتو، لەهاوارهاوار ئەکەوێتو، گوێمان لێئەگرێ.

(ژولێت دێتەژورەوەو جلێکی قورسو گەرمی پێیە)

**پادشا:** رێت نادەم.

(ئەیەوێ بچێتە سەر کورسی پادشـایەتی، ناتوانێـت، ناچـار ئەچـێتە سـەر کورسییەکی لای چەپی خۆیەوە کە کورسی شاژنەو دائەنیـشێت) نـازانم بۆچـی خەریکە ئەکەوم (ژولێت کە هەمو شتەکانی پادشای هێنـاوە ئـەیبات‌و لەسـەر عاربانە کورسییەکە دایانئەنێت).

**مارگریت:** سەوڵەجانەکە بەرە، زۆر قورسە.

**پادشا:** (بەژولێت کەروەو پاشا ئەڕوات) ئەو کڵاوەم ناوێت (نایکاتەسەری)

**ژولێت:** ئەمە تاجێکی سوکەڵەیە.

**پادشا:** لەسەوڵەجانەکەم گەڕێ.

**مارگریت:** توانای هەڵگرتنیت نییە.

**پزیشك:** پێویست ناکات خۆتی پێـوە بگریـت، ئێمـە هەڵتئـەگرین، بەسـەر کورسییەکەوە ئێمە پیاسەت پێئەکەین.

**پادشا:** حەزئەکەم لەلای خۆم بێت.

**ماری:** مادام وایپێخۆشە وازی لێبێنە.

(ژولێت سەرنجی شاژنە مارگریت ئەدات)

**مارگریت:** بەهەرحاڵ لێیگەڕێ.

(ژولێت سەوڵەجانەکە ئەداتەوە پاشا)

**پادشا:** بەڵکو ئەمە خوایە راست نەبێت، پێم بڵێن ئەم مەسەلەیە راست نییە، ئەمە مۆتەکەیە (ئەوان بێدەنگ ئـەبن، پادشـا ئـەگری) هەمیـشە لەیانـسیبدا ئەمبردەوە.

**پزیشك:** خاوەنشکۆ.

**پادشا:** نامـەوێ گـوێم لـە ئێـوە بێـت، هەسـت بـە ترسـێکی زۆر ئەکـەم (نکەنکێتی)

مارگریت گەورەم، ئەبێ گوێرایەڵ بیت.

**پادشا:** قسەی ئێوەم ناوێت، ئەمترسێنێ، نامەوێت گوێم لە هـیچ قـسەیەك بێت (ماری نزیکـی ئەبێتـەوە) تـۆش لـێم نزیـك مەبـەرەوە، ئـەم بەزەییـەت ئەمترسێنێ.

(پادشا سەرلەنوێ ئەنکێنێ)

**ماری:** لەمناڵێکی بچوك ئەچێ، بۆتەوە بە مناڵێکی چکۆڵە.

**مارگریت:** مناڵێکی چکۆڵەی ریشن، مۆن، ناشیرین، تۆ چەند لێبوردەیت!

**ژولێت:** (بەمارگریت) تۆ خۆت ناخەیتە جێی ئەو.

**پادشا:** دەی قسەم لەگەڵدا بکەن، قسەم لەگەڵدا بکـەن، لـەدەورم دانیـشن، بمگرنەخۆتان، نا، نا، ئەمەوێ هەڵبێم.

(بەزەحمەت هەڵئەسێت بچێتە لای راست بۆ سەر تەختی پادشاو دائەنیشێت)

**ژولێت:** ناتوانێت خۆی بەپێوە بگرێت.

**پادشا:** هەروەها ناتوانم باڵەکانم بجولێنم، ئەمە هەوەڵێتی؟ نەخێر، مادام تـا هەتایە نامێنمەوە ئەی کەواتـە بـۆ لـەدایك بـوم، لەعنـەت لـەدایكوباوك، چ بیرکردنەوەیەکی قۆڕە، بەر لە پێنج دەقە هاتمەدنیاوەو، ئەوەتا سێ دەقەیـشە ژنم هێناوە.

**مارگریت:** پێش دوسەدوهەشتاوسێ ساڵ بەر لە ئێستا ئەمە رویداوە.

**پادشا:** بەر لە دە دەقەو نیوە چومەتە سەر تەختی پادشایەتی.

**مارگریت:** دوسەدوحەفتاوحەوت ساڵو سێ مانگ بەر لە ئێستا ئەمە بووە.

**پادشا:** کاتم بەدەستەوە نەبوو بڵێم ئۆف!

وەختم نەبوو حاڵی بم لە ژیان.

**مارگریت:** لەم رێگەیەدا هیچ هەوڵێکی نەدا.

**ماری:** هەروەك پیاسەیەك وابـوو بـەناو رێگەیـەکی پـڕ لـەگوڵو گـوڵزاردا، وەعدێك بوو بەجێنەهێنرا، زەردەخەنەیەك بوو بەپەلە ئاوابوو.

**مارگریت:** (دوابەدوا بە پزیشك) لەگەڵ ئەوەشدا مەزنترین زانای لەگەڵدا بوو، ئەوەی بۆ رونکەنـەوە، زانایـانی لاهـوتو، کەسـانێك تاقیکردنـەوەکانی ژیـان قاڵیکردبونەوە.

**پادشا:** کاتم نەبوو.

**مارگریت:** (بە پادشا) بەبەردەوام ئەتووت هەمو وەختێکت مولکی خۆتە.

**پادشا:** کاتم نەبوو، کاتم نەبوو، کاتم نەبوو.

**ژولێت:** دیسانەوە ووتییەوە.

**مارگریت:** (بە پزیشك) دیسانەوە هەمان شتە.

**پزیشك:** بەرەو چاکتر ئەڕوات، ئەنکێنێ‌و، ئەگری، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا بیرئەکاتەوە، سکاڵا ئەکاتو، گوزارشت لەخۆی ئەکاتو، ناڕەزایی خۆی دەرئەبڕێ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە خەریکە مل ئەداتو، تەسلیم ئەبێت.

**پادشا:** هەرگیز مل نادەم.

**پزیشك:** مادام نایەوێت، ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە خەریکە مل ئەداتو نارازی بێت. کێشەکە ئەخاتەڕو.

**مارگریت:** لەکۆتاییدا!

**پزیشك:** گەورەم سەدوهەشتا جار جەنگاویت، بەسەرکردایەتی لەشکرەکەتەوە بەشداری قورسترین شەڕت کردووە، لەسەرەتادا بەسەر پشتی ئەسپێکی سپییەوەو، خوودەیەکی سورو، دواجار سپی بەسەرتەوە کە هەموان ئەیانبینی، لەگەڵ ئەوەشدا هەستت بەترس نەئەکرد، کە هاوکات لەگەڵ روحی سەردەمیش لەشکرەکەت مودێرنە کردو، لەسەر زرێپۆشەکەدا ئەوەستایت، یان بەسەر باڵی فڕۆکەیەکی وەدوکەوتوویی پۆلە فڕۆکەیەوە ئەجەنگیت.

**ماری:** هەر خۆی قارەمان بوو.

**پزیشك:** هەزاران جار روبەڕوی مەرگ بویتەتەوە.

**پادشا:** بەتەنها روبەڕوی ئەبومەوە، هیچم نەبوو، هەستم بەوەئەکرد.

**ماری:** پاڵەوان بویت، گوێت لـێیە، بیرکەرەوە.

**مارگریت:** لـەڕێی ئـەم پزیـشكو جـەللادەوە کـە ئـەوەتا لەبەردەمماندایـە خەڵکانێکت کوشت.

**پادشا:** نەمکوشتوون، لەسێدارەم داون.

**پزیشك:** (بە مارگریت) خانمی خاوەن شکۆ لەسێدارەم ئەدان، نەمکوشـتوون، من فەرمانم بەجێئەهێنا، من تەنها ئامێرێك بووم فەرمانم بەجێئەهێنا لـەوەی کە سـزای لەسـێدارەدان بـەجێبێنم، ئەوەشـم بەوپـەڕی دڵنـەرمیو بەزەییـەوە ئەنجامئەدا، هەروەها من پەشیمانمو داوای لێبوردن ئەکەم.

**مارگریت:** (بە پادشا) ئەڵێم تۆ فەرمانت دا کەسوکارم سەربڕنو، براکانت کە دژە هاوکورسیت بـوونو، کـوڕە مـامو، کـوڕی کـوڕە مـامو، خێزانـەکانیانو، برادەرەکانیـانو، مـەڕومالآتیانو، هـەروەها فـەرمانت دا زەوییەکانیـشیان بسووتێنن.

**پزیشك:** خاوەن شکۆ ئەیووت، هەرچۆنێك بێت ئەمرێ نا بەیانی هەر ئەمرن.

**پادشا:** ئەوە پەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەبوو، دەوڵەتیش منم.

**ژولێت:** نەگبەتە، لە چ حاڵێکدایە.

**ماری:** ئەو خۆی یاسا بوو، لەسەرو یاساوە بوو.

**پزیشك:** خۆی دانی پیائەنێت، چاك بەرەوپێشەوە ئەڕوات.

**مارگریت:** ئەمە کارەکە ئاسان ئەکات.

**پادشا:** (ئازاری هەیەو ئەنکێنێ) ئێستا لەسەرو یاساکانەوە نـیم، لەسـەروی یاساکانەوە نیم.

**ژولێت:** لەسەروی یاساکانەوە نەبوو، وەك ئێمە بوو، وەك باپیرم وابوو.

**ماری:** چکۆڵە بەسزمانەکەم، کۆرپە داماوەکەم.

**پادشا:** کۆرپە، کۆرپە، کەواتە، کەواتە، من سـەرلەنوێ دەسـتپێئەکەمەوە، ئەمەوێ سەرلەنوێ دەست پێبکەمەوە. (بە ماری) ئەمەوێ ببمـەوە بـە منـاڵ، کۆرپەیەکی شیرەخۆرە، تۆش ئەبی بە دایکم، ئەوسا نایەن بەدوامدا بگەڕێن، نە خوێنەواریم هەیەو، نە ئەشزانم بنوسمو، بیرکاریش نازانم، لەگەڵ منداڵاندا بمبـەن بۆ قوتابخانە، دو و دو ئەکاتە چەند؟

**ژولێت:** دو و دو ئەکاتە چوار.

**مارگریت:** (بە پادشا) تۆ ئەمە ئەزانیت؟

**پادشا:** ئەو بەچـپە وتـی، بەداخـەوە نـاتوانین کـۆپی بکـەین.. بەداخـەوە، بەداخەوە، زۆربەی مناڵان لەم کاتەدا لـەدایك ئـەبن، لەدایکبوویـەکی زۆر، لـە ژمارەنایەن، لەجیهاندا ئاوها لەدایك ئەبن.

**مارگریت:** لە وولاتی ئێمە نا.

**پزیشك:** ژمارەی لەدایکبوان گەیشتۆتە سفر.

**ژولێت:** هیچ شتێك سەوزنابێتو تەنانەت گیاش ناڕوێت.

**مارگریت:** (بە پادشا) ووشکانییەکی تەواوە، هەموشی بەهۆی تۆوە.

**ماری:** نامەوێت ئەوەندە پیایا هەڵشاخێنو، ماندوی بکەین.

**ژولێت:** لەوانەیە هەمو شتێك سەروزبێتەوە.

**مارگریت:** دوای ئەوەی ئەو رازی بێت. بەبێ ئەو.

**پادشا:** بەبێ من، بـێمن، پێئەکـەنن، گالّتـەم پێئەکـەن، لەسـەر گۆڕەکـەم سەمائەکەن، وەك ئەوەی هەرگیز لەژیاندا نەبوبم، ئاخ، بیرم ئەکەن، ئەبێ بگرین، ئەبێ ماتو خەمبار بن، ئەبێ لەکتێبەکانی مێژو یادەوەرییـەکانم نـەمر بـنو، خەڵکی ژیانی منیان لەبەربێتو، دوبارەیکەنەوەو، قوتابخانەو، زاناکان جگە لـە من، نە رابوردو، نە مەملەکەتەکەمو هیچی دی نەڵێنەوەو، هەرچی کتێب هەیە بیسووتێننو، پەیکـەرەکان هـەپرون بکـەنو، لەهـەمو مەیدانەکانـدا تەنهاوتەنها پەیکەری من دابنـێنو، لەگـشتو وەزارەتەکانـداو، لەنوسـینگەی پۆلیسو، گومرگو نەخۆشخانەکاندا وێنەی من هەڵبواسرێتو، هەر ناوی من لە فڕۆکەو، پاپۆڕو، ئۆتۆمبێلەکاندا بنوسرێتو، پەردە بەسەر ژیانی هەمو پادشاو، جەنگاوەرو، شاعیرانو، سترانبێژانو، فەیلەسـوفەکاندا بدرێتـەوەو، کەسـی تـر لەویژدانی خەڵکدا نەمێنێت. یەك ناوو، یەك نازناویش بۆ هەمو خەڵك.

با هەمو منالێکیش ئەوە بزانێتو، بەحینجەش ناوی مـن: بـــ یـــــ ر ا ن بیرانژێ بلێتەوەو، وێنەکەم لە جێگەی وێنەی قدیسەکانی کەنیسە لەچـاپبدرێو، لەسەر هەزاران خاچ دابنرێتو، لەپێناویشمدا نوێژی بکریو، من نمەکی قوربانی بمو، پەنجەرەکانیش بە رەنگی چاوم بدرەوشێنەوەو، شێوەی چاوم لـەخۆبگرێتو، لەبەرانبەر چاویشمدا وێنەی روبار لەداشتاییەکاندا بکێشرێتو، تا هەتایە خەڵکی بمدوێننو، بەچۆکدا بێنو، لێم بپاڕێنەوە

**ماری:** لەوەئەچێت جارێکی دی بگەڕێتەوە.

**پادشا:** لەوانەیە بگەڕێمەوە، با کەس دەست لە جەستەم نەداتو، ئاگاداری بنو، لەسەر تەختی پادشایی لەکۆشدا بیپارێزن، با خواردنم بۆ بهێنن، موزیك ژەنەکانیش موزیکم بۆ بژەنن و، کچان لەبەردەم هەردو قاچە ساردەکانمدا بگەوزێنەوە.

(پادشا هەستاوەتەسەرپێ بۆئەوەی ئەمە بڵێ)

**ژولێت:** (بە مارگریت) خانمەکەم، ئەمە ئەوپەڕی وڕێنەکردنە.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) خاوەن شکۆ وڕێنەئەکات.

**مارگریت:** جارێ ماوییەتی، زۆر ئاگای لەخۆیە. وایە، وایش نییە.

**پزیشك:** (بە پادشا) مادام ئەمە خواستی خۆتە، جەستەت ئەپارێزین.

**ژولێت:** ئەوەندەی بۆمان بکرێت.

**پادشا:** ئەی هاوار! نامەوێت مومیا بکرێم، ئەم بەتەرمبونەم ناوێت، نامەوێت بسوتێنرێم، نامەوێت، بنێژرێم، ناشمەوێ بکرێم بەخۆراکی داڵو دڕندەکان، ئەمەوێ لەباوەشی گەرمدا بمهێڵنەوە، لەباوەشی ترتو نەرمدا، لەباوەشی پڕ لەسۆزدا، لەباوەشی توندوتۆڵدا.

**ژولێت:** نازانیت چی ئەوێت.

**مارگریت:** ئێمە لەجیاتی ئەو بڕیارئەدەین، (بە ماری) لە هۆش خۆت مەچۆ، (ژولێت ئەگری) ئەمیش بەبەردەوام هەروایە.

**پادشا:** ئەگەر خەڵکی یادیان کردم، جا ئــەوە تاکــەی بــوو؟ بـا تـا کۆتــایی سەردەمو زەمەنەکان بێت، یان دوای زەمــەنو کۆتــایی ســەردەمەکان یـا دوای بیست هەزار ساڵ، یاخود تا دوای دوسەدوپەنجاوپێنج ملیار ساڵ.. بــوە بــە بــاو کەس گوێ لە کەس نەگرێت، هەمویان، هەمویان خۆپەرستن، بیریان ئەچــێتەوە، جگە لە خۆیان بیر لە کەس ناکەنەوە، تەنها لە ژیانی خۆیان نەبێ، بیر لــە مــن ناکەنەوە، ئەگەر زەوی نەماو، کاول بوو، کە هەر روئەدات، ئەگەر هەموو دنیــا تەقییەوە کە ئەشتەقێتەوە، ئەمرۆ بێت یا دوای چەندین سەدە هەر ئەتەقێتەوە، فەرقی نییە، ئەوەی ئەبێ ببێ هەر ئەبێ ببێت.

**مارگریت:** هەمو شتێك بوو بەدوێنێ.

**ژولێت:** تەنانەت ئەمرۆش بوو بە دوێنێ.

**پزیشك:** هەمو شتێك بەسەرچوو.

**ماری:** خۆشەویستم، پادشام، رابوردو نییە، ئایندەش نییە، هــەر بــۆ خــۆتی بڵێرەوە، تا کۆتایی هەر لەئێستادایین، هەمو شتێ: لەئێستادایە، دە لە ئێستادا بە، لەئێستادا بە.

**پادشا:** ئەفسوس، من تەنهاوتەنها لەرابوردوم.

**ماری:** نەخێر.

**مارگریت:** (بە پادشا) ئەوەتا، زۆر چاکە بیرانژێ لەسەرخۆ و، وریابە.

**ماری:** بەڵێ پادشام، خۆشەویستم ورد بین بە، ئەوەندە خۆت عەزێت مــەدە، ژیان ووشەیەکە، مردنیش ووشەیەکە، رستەیەکە، بیروباوەڕێکە ئێمە بۆ خۆمانی

ئەهۆنینەوە، ئەگەر درك بەوە بکـەیت هـیچ شـتێك لـەئیرادەت کەمناکاتـەوە، جڵەوی خۆت بگرەو، جوان رەفتار بکەو، پشتگوێی مەخـەو، لەچـاوی بگـرەو، ئەوانەی دی لەبیر خۆت بەرەوە، تۆ ئێستا خۆتی، لەمەودوا ببە بە پرسـیارێکی بەردەوام، ئەمە چییە، ئەمە چییە، مـەحاڵبونی وەڵام، وەڵامدانەوەیـە، خـودی تۆیـە کـە ئەتەقێتـەوەو، بڵاوەئـەکات، لێگـەڕێ بـا خـودی خـۆت پڕبێـت لەسەراسیمەو، حەپەسانێکی لەڕادەبـەدەر، بەمـە ئـەتوانیت رەهابیـتو، هـەر بەمەش ئەتوانیت بێکۆتا بیت، حەپەساوبە، حەپەساوبە، هەمو شتێك سـەیرەو، پێناسەناکرێت، دەرگاو دیواری بەندیخانە بڕوخێنەو بشکێنە، خـۆت دەربازبکـە، ئەوسا هەست بەدڵنیایی ئەکەیت.

**پزیشك:** خەریکە ئەخنکێ.

**مارگریت:** ترس ئاسۆی لەبەرچاویدا لێڵ کردوە.

**ماری:** لێگەڕێ با شادمانی سـەرتاپات داگیربکـات، هـەروەها رونـاکیش، بحەپەسێ، حەپەساوبە، حەپەسـان لەگۆشـتو ئێـسکماندا شـەپۆلئەدا، ئەگـەر بتەوێت وەك روبارێکی بریقەدار وایە.

**ژولێت:** حەزی لێئەکات.

**ماری:** (هەردو دەستی لەناویەکدانوـ وەك ئەوەی بپارێتەوە)

بیرکەرەوە، تکات لێئەکەم، ئەو بەیانییەی کە رۆژێکـی مـانگی یونیـو بـو لەسـەر کـەناری دەریـا بـووین، بیرتـە، ئـەها هـەردوکمان بـوین، شـادمانی بەڕوخسارتدا تیشکی ئەدایەوەو، بەگیانتـدا تێئەپـەڕی، هەسـتت بـەم شـادییە

ئەکرد، ئەشتووت قەد ناگۆڕێت، خۆشییەکی لەبننەهاتووە، سەرچاوەکەی ووشك ناکات، ئەگەر ئەوسا ئەوەت ئەووت دە ئێستاش بیڵێ، ئەو سپیدە رەنگینەی کە دەوری دابویت ئەوسا، ئەوەتا ئێستاش هەروایە، هەوڵبدە بیهێنەرەوە یادت، بەدوایدا بگەڕێ.

**پادشا:** من تێناگەم.

**ماری:** تۆ وات لێهاتووە لەخۆت نەگەی.

**مارگریت:** هەرگیز لە خۆی ناگات.

**ماری:** دان بەخۆتدا بگرە.

**پادشا:** چۆنی بکەم، کەس ناتوانێت، یان، هەر بەڕاستی کەس نایەوێت یارمەتیم بدات، من خۆم ناتوانم یارمەتی خۆم بدەم، ئەی هەتاو تۆ یارمەتیم بدە، خۆرەتاو تاریکی راماڵەو، رێگە لە شەو بگرە، ئەی خۆرەتاو هەموو گۆڕەکان روناکبکەرەوە، بچۆرە نێو هەمو سوچو کەلەبەرە تاریکەکانەوە، لەگەڵ مندا هاوڕێبە، ئاە، سەرلەنوێ قاچەکانم سەرمایانە، وەرە گەرمکەرەوە، لەژێر پێستەکەمەوە وەرە ناو وەرە ناو جەستەمەوە، وەرە ناو چاومەوە، سەرلەنوێ روناکیان پێبەخشە تا ببینم..

تا ببینم.. تا ببینم، ئەی خۆرەتاو بەکۆچی من دڵتەنگ ئەبیت، ئەی خۆرەتاوە نەشمیلەکەم، خۆرەتاوە دڵپاکەکەم، بەرگریم لێبکە، دنیا ووشککەرەوەو، لەناوی بەرە، ئەگەر ئەزانیت ئەم قوربانییەی گەرەکە، با مەرگ هەمو کەسێك راپێچ بکات بەمەرجێك من بمێنم، با بەتەنیاش بمو، لەبیابانێکی بەربلاوی

بێسنوریش بم، خۆم لەگەڵ خۆمدا ئەگونجێنم، یادی خەڵکی ئەکەمەوەو، خەفەت بۆ نەمانیان ئەخۆم، من ئەتوانم لەدەوروبەری ئەم پانتاییە بەربلاوە بژیم، من خەفەت بۆ خەڵکی ئەخۆم، زیاتر لەوەی خەڵکی بۆ من بەداخو خەفەت بن، سەرباری ئەوەش خۆ هێشتا من لەو بارە ناهەموارە نیم، روناکییەکانی هەتاو فریام بکەوون!

**پزیشك:** (بە ماری) ئەو روناکییە چییە کە بۆت باس ئەکرد، ئەی ئەو بیابانە بێکۆتاییە چییە کە بۆت ئەگێڕایەوە، ئەو لەمەبەستی تۆ نەئەگەیشت، عەقڵی پیاداناشکێت، لەتوانایدا نییە.

**مارگریت:** خۆهەڵقورتاندن سودی نییە، ئەمە راست نییە.

**پادشا:** بەس بژیم، با دان ئێشە سەدە دوای سەدە هەراسانم بکات، ئەوەی لەچارەی نوسراوە، نەمێنێ، هەر بەڕاستی نەما.

**پزیشك:** گەورەم، ئەی کەواتە چاوەڕێی چیت؟

**مارگریت:** هیچی وای نەماوە، تەنها ئەو قسەیە نەبێت کە خۆی نایەوێت تەواو بێت، (ئەڕوانێتە شاژن ماریو ژولێت) ئەم دو ژنەش کە ئەگرین، ئەمان زیاتر سەری لێئەشێوێننو، وایلێئەکەن زیاتر وابەستەبێت، ئەمەیشە رێگرو، هەر ئەمەیشە کۆسپ.

**پادشا:** نا، ئەم گریانە لەدەرومدا بەس نییە، نا، ئەم لاواندنەوەش هەر نا، ئەم خەفەتەش بەس نییە، (بە مارگریت) نابێت کەس رێگە لەگریانو فیغانو لاوانەوەی پادشا بگرێت، پادشای لاو، پادشای بەسزمان، پادشای پیرەمێرد، کە

ئەبینم بۆ کۆچی من بەداخەوەن زۆر دڵم پێیانئەسوتێت، ئیدی قەت نـامبینن‌و، دواتر هەست بە دوری‌و تەنیایی ئەکەن.

منێك كە بیر لەوان بکەمەوەو، ئەوانیش كە دڵمدان، هەروەها ئێوەش بێن بە من، دەی وەرنە ناو جەستەمەوە من ئـەمرم، گوێتـان لــێیە، مەبەسـتم مـن ئەمرم، ناشتوانم ئەوە بڵێم، كە ئەیشیڵێم تەنها وەك ئەدەب ئەیڵێم.

**مارگریت:** ئەگەر بکرێت ئەمە ئەدەبە.

**پزیشك:** هیچی تازە نییە، قسەکانی ئەوەنین تۆمار بکرێن.

**پادشا:** هەمویان بە من نامۆن، وامئەزانی هـەمومان یـەك خێـزانین، مـن ئەترسم، خەریکە لەچاو ون ئەبم، ئەکوژێمەوە. هیچ نازانم، من.. ، من ئەمرم.

**مارگریت:** ئا ئەمەیە ئەدەب.

**پادشا:** ئێمە تا دواهەناسە لەژیاندا هەر ئـەدەب ئەنوسـینەوە، تـا زینـدوبین هەموشتێك رەنگدانەوەی ئەدەبە.

**ماری:** خۆزگە ئەمە باری سووك ئەکرد.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) ئەدەب هەندێ باری پادشا سووك ئەکاتەوە.

**پادشا:** نەخێر.. .. نا..، من ئەزانم هیچ شتێك بارم سووك ناکات، پـڕم لـە کات، بەتاڵم ئەکات، ئاە، لەلا.. لەلا.. لەلا..،! (وەڵامئەداتەوە، دواتر بەبێ وتن وەك ئەوەی بەهێمنی بنکێنێ) دواتر هەموتان، ئەی ئەوانەی لە ژمـارە نایـەن، ئەی ئەوانەی پێش من مردن، هاوکاریم بکەن، فێرم بکـەن. سـەبوری لـەئێوەدا بدۆزمەوە، با پشت بەئێوە ببەستم وەك ئەوەی پشت بەگەورەپیاوان ئەبەستم، وەك

ئەوەی پشت بە برا ببەستم، دەستم بگرن با لەو دەرگایەوە تێپەڕم کە ئێوە لێوەی چونەتەدەرێ، لەوێشەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی رزگارم بکەن، رێنمومایم بکەن ئەی ئەوانەی هەستان بەترس ئەکردو، ئارەزوتان نەئەکرد، ئەمــە چــۆن رویــدا، کــێ ئامۆژگاری کردنو، پشتی گرتن، کێ دەستیگرتنو؟ هانی دان، ئەی تا کۆتــایی هەروا هەستان بەترس ئەکرد، ئەوانەی بەهێزو چــەلەنگ بــوون، ئــەی ئەوانــەی بەگیانێکی خاوێنو بێباکەوە رازیبون بمرن، فێری بێباکیم بکەن.

(ئەم بڕگانەی دوایی ئەبێت بەشێوەیەك بوترێتەوە وەك ئەوەی سرودی ئایینی بنو لەگەڵ جوڵەی هەمەڕەنگی ئەکتەرەکان وەك سوجدەبردنو پاڕانەوە)

**ژولێت:** ئەی پەیکــەرەکان، خــاوەن عــەقڵــە پرشــنگدارو، تاریکــەکان، ئــەی خەڵکانی دێرین، تارمایىو یادەوەرییەکان.

**ماری:** فێری بێگەردی بکەن.

**پاسەوان:** فێری بێباکی بکەن.

**پزیشك:** گوێڕایەڵیو رازیبوونی فێربکەن.

**مارگریت:** عەقڵی پێ پشان بدەنو، ترسەکەی بڕەوێننەوە.

**پادشا:** ئێوەش ئەی کوڕگەلی خۆکوژ رێگەی هەستکردن بە بێتــامی ژیــانم نیشانبدەن، فێری بێهودەیم بکەن، چ حەبێك بۆ ئەوە پێویستە بیخۆم؟

**پزیشك:** ئەتوانم هەندێ کولاجی بەتامو، حەبی ئارامکەرەوەت بۆ بنوسم.

**مارگریت:** هەڵیدێنیتەوە.

**ژولێت:** ئەی بیرەوەرییەکان.

**پاسەوان:** ئەی وێنە کۆنەکان.

**ژولێت:** ئەی ئەوەی هەست بەبونت ناکرێت تەنها لەیادەوەریدا نەبێت.

**پاسەوان:** ئەی یادەوەرییەکان.. یادەوەرییەکان، یادەوەرییەکان.

**مارگریت:** ئەوەی کە پێویستە فێری بێت ئەوەیە تۆزێك لەکەلی شەیتان بێتەخوارێو، خۆ بدا بەدەستەوە.

**پاسەوان:** ئێمە داوات لێئەکەین.

**ماری:** ئەی ئەوەی نادیاری، ئەی ئاونگەکە..

**ژولێت:** ئەی دوکەڵەکە، ئەی هەورەکە.

**ماری:** ئەی پاکیزەکان، ئاقڵەکان، ئەی شێتەکان یارمەتیدەری بن مادام من ئەوەم پێناکرێت.

**ژولێت:** یارمەتی بدەن.

**پادشا:** ئێوە ئەی ئەوانەی بەخۆشنودییەوە کۆچتان کرد، ئەوانەی روبەڕوی بونەوە، ئەی ئەوانەی کۆتایی ژیانی خۆتان بەچاوی خۆتان بینی..

**ژولێت:** یارمەتی پادشا بدەن.

**ماری:** هەموتان یارمەتی بدەن، یارمەتی بدەن، تکاتان لێئەکەم.

**پادشا:** ئێوە کە خۆشیتان پێبەخشرا، قەد روخسارێکتان بینی لە روخساری ئێوە بچێت؟ چ زەردەخەنەیەك خۆشحاڵیکردن، پێبکەنن؟ چ روناکییەك ئێوەی روناك کردوە؟

**ژولێت:** ملیۆنەها مردو یارمەتی بدەن.

**پاسەوان:** ئاخ ئەی مەرگی مەزن یارمەتی پادشا بدە.

**پادشا:** هەزاران مردو، ژانەکانم زیاتر ئەکەن، من لەبری ئەوان گیانەڵلامە، مردوەکانم لەژمارە نایەن، چەند دنیا لەژیانمدا ئاوا ئەبێتو، ئەشارێتەوە.

**مارگریت:** ژیان تاراوگەیە.

**پادشا:** ئەزانم، ئەزانم.

**پزیشك:** بەکورتی خاوەنشکۆ ئەگەڕێیتەوە وڵاتەکەی خۆت.

**ماری:** ئەچیتەوە بۆ ئەو شوێنەی بەرلەوەی تێدا لەدایك بیت، ئەوەندە سڵمەکەرەوە، دیارە ئەو شوێنە ئەناسیت، زۆر چاك نا!

**پادشا:** من مەنفام خۆشئەویٚ، لە وڵاتەکەی خۆم دورخراومەتەوە، ناشمەویٚ بگەڕێمەوە، ئەو دنیایە چی بوو.

ماگریت: بیرکەرەوە، هەوڵبە بزانە چی بوو.

**پادشا:** هیچ نابینم، هیچ نابینم.

**مارگریت:** بیرکەرەوە، دەی بیرکەرەوە، کەواتە تۆ هەرگیز لەژیانتدا بیرناکەیتەوە.

**پزیشك:** قەد بیری لەوە نەکردۆتەوە.

**ماری:** ئەی ئەو دنیا، ئەی ئەو دنیایەی ژێرکەوتووی، چارێکی دی سەرکەوە سەریٚ.

**ژولێت:** ئەی دەشتاییەکەی دی، ئەی چیا، ئەی شیوەکەی دی؟ ..

**ماری:** بەناوی خۆت بیری خەرەوە.

**پادشا:** حاڵی حازر ئەو نیشتمانەکەم بیرناکەوێتەوە.

**ژولێت:** نیشتمانەکەی خۆی بیرناکەوێتەوە.

**پزیشك:** تەواو، داهێزرا، هۆشی بەخۆیەوە نییە.

**پادشا:** لاواز بێت یان نا، هیچ هەستێکم بەرانبەری نییە.

**مارگریت:** رۆبچۆ ناو یادەوەرییەکانتەوە، لەپشتی بیرەوەرییەکانەوە بچۆرە ناو نەبوونەوە، (بەپزیشك) ئەگەر لەم دنیایەی ئێمە نـەبێت هەسـت بـە پەشـیمانی ناکات.

**ماری:** ئەی یادەوەری دوای یادەوەرییەکان خۆت پیشانبدەو، یارمەتی بدە.

**پزیشك:** ئەگەر بەردەوام بێت کارێکی دوورودرێژە.

**مارگریت:** ئەبێ وا بکات.

**پاسەوان:** گەورەمان خاوەنشکۆ هەرگیز لەژیانیدا بنبڕ نەبووە.

**ژولێت:** بەداخەوە، خۆی رانەهێناوە.

**مارگریت:** ئەبێت فێری پیشەکە ببێت.

**پادشا:** بچوکترین مێرولە، کاتێ روبەڕوی ترسـی مـردن ئەبێتـەوە بـەرگری لەخۆی ئەکاتو، هەوڵی رزگاربوون ئەدات، لەرەگەزەکەی خۆی دورئەکەوێتەوە، بەزۆر ریشەکێش ئەکرێت، مادام ئێمە نامانەوێتو، دنیاش پڕیەتی لـەوە، مـن ئەمەوێ ببم بە.

**ژولێت:** تائێستاش ئەیەوێ ببێ بە، لەوەزیاتر هیچی دی نازانێت.

**ماری:** بەردەوام وابووە.

**مارگریت:** پێویستە ئەوەندە سەیری دەوروبەری خۆی نەکات‌و، بەسییەتی بـا خۆی بە وێنەکەوە خەریك نەکات‌و، لەخەڵکی بەدووربێت، (بـە پادشـا) ئەوەنـدە قسەمەکەو، بێدەنگ بەو، هەر خۆت‌و خۆت بە. بەسێتی ئەوەندە سەرنج مەدەو، مەڕوانە، ئەمەت بەخێر بۆ ئەگەڕێتەوە.

**پادشا:** ئەم خێرەم ناوێت.

**پزیشك:** (بە مارگریت) تا ئێستا نەگەیـشتۆتە ئـەو قۆناخـە، حـاڵی حـازر ناتوانێت، پێویستە لەسەر خاوەن شکۆتان هانی بدەن، بێگومان بەڵام جارێ نا.

**مارگریت:** ئەوە ئەوندە ئاسان نییە، بەڵام پشومان درێژە.

**پزیشك:** ئێمە دڵنیاین لەئەنجامەکەی.

**پادشا:** دکتۆر.. دکتۆر گیانەڵڵا دەستی پێکرد؟ نەخێر تـۆ زۆر هەڵـەی.. .. جارێ نا، جارێ نا، (ئۆخەیەکی پڕ لە خۆشی) جارێ دەستیپێنەکردوە. من ئـەم دیوارانە ئەبینم، ئەمەش کەلوپەلن، ئەوەش کەرەسەیە، مــن، مــن لەســەرنجەو، دەنگەکان ئەڕوانم‌و گوێ ئەگرم، پێم ئەڵێن، من ئەژیم، من درك بـەوە ئەکـەم‌و، ئەیشیبینم‌و، گوێم لـێیە، ئەیبینم‌و، گوێم لێیە، گوێم لـە هەمانەیـە، دەنگـی موزیکی (قەرب) دێت.

**پاسەوان:** پادشا رێئەکات، بژی پادشا.

(پادشا ئەکەوێت)

**ژولێت:** کەوت.

**پادشا:** پادشا ئەکەوێت، پادشا ئەمرێت.

**ماری:** هەڵئەستێتەوە.

**پاسەوان:** بژی پادشا (پاشا ئەکەوێتەوە) پادشا مرد.

**ماری:** هەڵئەسێتەوە (هەر بەڕاستی هەڵئەستێ) ئەوەتا زیندوە.

**پاسەوان:** بژی پادشا.

(پادشا روەو تەختی پادشایی ئەڕوات)

**ژولێت:** ئەیەوێت لەسەر عەرش دابنیشێت.

**ماری:** ئەوەتا حوکمڕانی ئەکات، حوکمڕانی ئەکات.

**پزیشك:** ئێستا کاتی وڕێنە هاتووە.

**ماری:** (بە پادشا کە هەوڵئەدات بەپلیکانەی تەختی پادشایی سەربکەوێ) هەوڵبدە، وازمەهێنە، (بە ژولێت کە ئەیەوێت هاوکاری پادشا بکات) خۆی ئەتوانێت، خۆی ئەتوانێت (پادشا ناتوانێ بەپلیکانەی عەرشەکە سەرکەوێت)

**پادشا:** لەگەڵ ئەوەشدا دوو قاچم هەیە.

**ماری:** هەنگاو بنێ.

**مارگریت:** سیودوو دەقەو سی چرکەمان لەبەردەمدا ماوە.

**پادشا:** من هەڵئەسمەوە.

**پزیشك:** ئەمە دوا هەڵمەتە (قسە بۆ مارگریت ئەکات)

(پادشا ئەچێتە سەر کورسیو عارەبانەکە کە پێش تۆزێك ژولێت هێنایەژوورەوەو، گەرم پادشا ئەپۆشێت، بەردەوام قسەئەکات)

**پادشا:** من هەڵئەسمەوە.

**ماری:** تۆ هەناسەبڕکێتە، ماندوی، پشو بدە، دواتر هەڵسێرەوە.

**مارگریت:** (بە ماری) تۆ درۆئەکەیت، ئاوها ناتوانێت هەڵسێتەوە.

**پادشا:** (لەسەر کورسسیو عارەبانەکەیە) حەزم لە موزیکی موزار.. ..

**مارگریت:** بیرتئەچێتەوە.

**پادشا:** (بە ژولێت) شەڕواڵەکەت بۆ دورویمەوە؟ ئەبینی هیچ پێویستی بەوە نەئەکرد؟ عەبا ئەرخەوانییەکەم دڕابوو دوریتەوە؟ ئەی قو قوبچەکانی بیجامەکەمت پێوەکرد، پێڵاوەکانمت پاککردۆتەوە؟.

**ژولێت:** بیرم لەوە نەکردۆتەوە.

**پادشا:** بیرت لەوە نەکردۆتەوە؟ ئەی بیرت لە چی ئەکردەوە؟ پێم بڵێ مێردەکەت چ کارەیە؟

(ژولێت کڵاو و مێزەرێکی سپی سستەرانە دائەنێ)

**ژولێت:** من بێوەژنم.

**پادشا:** کە ئیشی ناوماڵ ئەکەیت بیر لە چی ئەکەیتەوە.

**ژولێت:** گەورەم بیر لە هیچ ناکەمەوە.

(هەمو ئەوەی کە پادشا لەم دیمەنەدا ئەیڵێ ئەبێ زۆر بەگەمژەیی بووترێت نەك کاریگەرانە)

**پادشا:** تۆ خەڵکی کوێیت؟ کەسوکارت کێن؟

**مارگریت:** (بە پادشا) تۆ هەرگیز ئەوەت بەلاوە گرنگ نەبووە.

**ماری:** لەبەر سەرقاڵی نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی پرسیاری وای لێبکات.

**مارگریت:** (بە پادشا) هەر بەڕاستی ئەمەت بەلاوە گرنگ نەبوە.

**پزیشك:** ئەیەوێ کاتی بەدەستەوە بمێنێ.

**پادشا:** (بە ژولێت) باسی ژیانی خۆتم بۆ بکە، چۆن ئەژیت؟

**ژولێت:** بەدەردی سەری.

**پادشا:** نابێت بەدەردی سەری بژین، ئەمە نەگونجاوە.

**ژولێت:** ژیان خۆش نییە.

**پادشا:** ئیتر ئەمە ژیانە.

(ئەمە ووتوویژێکی راستەقینە نییە، لەراستی پادشا پتر لە ژولێت خۆی ئەدوێنێ)

**ژولێت:** لەزستاندا کە لەخەو هەلئەسم، ئەبینم هێشتا هەر شەوە، خەریکە رەقئەبمەوە لەسەرما.

**پادشا:** منیش وام، بەلام سەرماکەی جودایە، حەزت لەسەرما نییە؟

**ژولێت:** لەهاوینیشدا کاتێ لەخەو هەلئەسم ئەبینم بەئاستەم خۆر هەلهاتووەو، روناکیش کزە.

**پادشا:** (بەخۆشحالییەوە) روناکییەکە کزە! روناکی جۆری هەیە، شینو، پەمەییو، سپیو، سەوزو، کزیش.

**ژولێت:** من هەموو شتێك لەناو مەغسەلەکەدا ئەشۆمو، هەست بەئازاری دەستم ئەکەمو، پێستیشم قلیشاوەتەوە.

**پادشا:** (بەشادییەوە) جل شتن ئێشی زۆرەو، مرۆڤ هەست بەپێستی ئەکات، بۆ غەسالەیان بۆ نەکڕیوی؟

**مارگریت:** یەك غەسالەی کارەبایی لەکۆشکدا نییە؟

**مارگریت:** بەناچاری لەبەرانبەر قەرزێکی دەوڵەتدا رەهنمان کردوە.

**ژولێت:** شوێنی میزکردنەکەش بەتاڵ ئەکەمەوەو، نوێنەکانیش رێك ئەخەم.

**پادشا:** نوێنەکانیش رێك ئەخەی؟ ئێمە تیا ئـەنوین، ئـەنوینو، هەڵئەسـین، ئەبینی، تۆ هەمو رۆژێك هەڵئەسیت لەخەو، هـەمو رۆژێـك هەڵئەسـین، ئێمـە هەمو بەیانییەك لەدایك ئەبینەوە.

**ژولێت:** زەوییەکەش پاك ئەکەمەوە، هەر گـسکی ئـەدەمو گـسکی ئـەدەمو گسکی ئەدەم، شتێکە تەواو نابێت!

**پادشا:** (بەخۆشحاڵییەوە) شتێکە تەواو نابێت!

**ژولێت:** ئەوە وایلێکردوم پشتم بێشێت.

**پادشا:** ئەمە راستەپشتی هەیە، ئێمەش پشتمان هەیە.

**ژولێت:** هەست بە ئازاری گورچیلەکانم ئەکەم.

**پادشا:** هەروەها گورچیلەش.

**ژولێت:** هەروەها لەورۆژەوەی باخەوانەکە رۆشتوە، من ئاوی ئەدەمو ئەیکێڵمو تۆوی ئەکەم.

**پادشا:** درەختیش گەشەئەکات.

**ژولێت:** ئیشکردن ماندووی کردوم.

**پادشا:** ئەبوایە پێت بوتینایە.

**ژولێت:** پێم وتووی.

**پادشا:** ئەمە راستە، زۆرم لێبەسەرچو، هەمو شتێکم نەئـەزانی، لـە هـەمو شوێنێکدا نەبوم، ئەکرا هەمو ژیانم پڕبوایە لە کارو چالاکی.

**ژولێت:** ژورەکەشم پەنجەرەی نییە.

**پادشا:** (بە شـادییەوە) پەنجـەرەی نییـە، ئەچـینە دەرێ بـەدوای روناکیـدا ئەگەڕێین‌و، ئەیدۆزینەوەو، بۆی پێئەکەنین، بۆئەوەی دەرچێتەدەرێ ئەبێ کلیلەکە بەناو دەرگاکە بادەیت‌و، دەرگاکە بکەیتەوە، ئەنجا سەرلەنوێ کلیلەکە بادەیتەوە بۆئەوەی دەرگاکە پێوەدەیت،ماڵتان لەکوێیە؟

**ژولێت:** لەژورێکە لەخوارەوە.

**پادشا:** بۆئەوەی دابەزیتە خوارەوە ئەبێ قالدرمە بەکاربهێنیت‌و، پایە.. پایە، ئەنجا پایە.. پایە دابەزیت، ئەی جل‌وبەرگ، گۆرەوی‌و، پێڵاو لەپێئەکەیت.

**ژولێت:** پێڵاوی پاژنەبەرز.

**پادشا:** کراسیش زۆر جوانە.

**ژولێت:** کراسێکی هەرزان بەهای ناشیرین.

**پادشا:** تۆ نازانیت چی ئەڵێی، کراسی ناشیرین زۆر جوانە!

**ژولێت:** لەدەممەوە پاشەڕۆ رشامەوە، دانێکیان لەدەمم هەڵکێشا.

**پادشا:** ئێمە ئازارمان زۆرە، چ خۆشییەکی لەرادەبەدەرە.

**ژولێت:** من، ماندوم، ماندوم، ماندوم.

**پادشا:** دواجار پشووئەدەیت، ئەوە جوانە.

**ژولێت:** کاتم نییە.

**پادشا:** هەوڵبە لەئایندەدا کات بەدەستبێنی، تۆ ئەڕۆی زەمیلەکەت ئەگریتەدەستو ئەڕۆی بازاڕئەکەیت، بەدوکاندارەکە ئەڵێی بەیانیت باش.

**ژولێت:** پیاوێکی قەڵەوە، ناشیرینە، ئەوەندە ناشیرینە تەنانەت پشیلەو باڵندەکانیش لێی ئەترسن.

**پادشا:** چەند جوانە، تۆش ئەڕۆیتو، جانتای پارەکەت پێیە، پارە ئەدەیتو، ئەوەی ماوەتەوە ئەدەدەنەوە، لە بازاڕیشدا هەمو جۆرە خواردنێك هەیە، روەکی سەوز، گێلاسی سوور، ترێی ئاڵتوونیو، باینجانی مۆر، هەمو رەنگێك، پەلکەزێڕینە!.. شتێکی سەیرە، ئەقڵ قبوڵی ناکات، حیکایەتێکی عەجباتییە.

**ژولێت:** دوای ئەوە، ئەگەڕێمەوە، هەر بە هەمان رێگادا.

**پادشا:** لەرۆژێکدا دو جار ئەو رێگەیە ئەبڕیت! لەکاتێکدا ئاسمان بەسەرتەوەیە، ئەشتوانیت لەڕۆژێکدا دوو جار سەیری بکەیت، هەناسەش هەڵئەکێشیتو، هەرگیز بیر لەوە ناکەیتەوە کە هەناسە ئەدەی، بیر لەوە بکەرەوە، من لەوبڕوایەم تۆ ئاگات لەوە نییە، ئەوە نەکردەیە.

**ژولێت:** دوای ئەوە، دوای ئەوە، قاپوقاچاخەکانی ئێوارە پاك ئەکەمەوە، کە پڕن لە رۆنی لنج، ئەنجا موبەقەکە.

**پادشا:** لەوە خۆشتر هەیە!

**ژولێت:** بەپێچەوانەوە ئەوە قاڵسم ئەکات، پەستی کردوم.

**پادشا:** پەستت ئەکات؟ کەسانیٚ: هەن لیٚیـان ناگـەیت، لـەوە جـوانتر نییـە دڵتەنگ بین‌و، لەوەش جوانتر نییە دڵتەنگ نـەبین‌و، تـوڕەبین‌و، تـوڕەش نـەبین، هەست بە خەم بکەین‌و، دەستەپاچە مل بۆ بەختەوەری بدەین‌و، وەك شۆڕشگێڕ یاخی ببین. تۆ ئەجولێیتەوە و، قسەئەکەیت‌و، ئەتدوێنن، لامیـسەیت‌و هەسـت ئەکەیت هەمو ئەمانە جوانن، ئاهەنگێکی بەردەوام‌و گشتگیرن.

**ژولێت:** وایە، نابێت ئیش بوەستێت، ئەبێ خواردن ئامادە بکەم.

**پادشا:** (بەهەمان شـادمانی) خـواردن ئامـادە ئەکـەیت؟ خـواردن ئامـادە ئەکەیت! ئەی چیمان پێشکەش ئەکەیت؟

**ژولێت:** ئەو چێشتەی کە ئامادەم کردوە.

**پادشا:** وەك؟

**ژولێت:** نازانم خواردنی ئەمڕۆ چییە، سەوزەی سورەوەکراوی ناو تاوە.

**پادشا:** تاوە.. .. تاوە..

**ژولێت:** ژەمێکی خۆشە.

**پادشا:** ئای کە حەزم لە سەوزەی ناو تاوەیە، پەتاتەو، کەلەرمیش، گیزەریش، ئەمە کە بەکەرەوە تێکەڵ بکریٚو، دواتر بهاڕدرێت، ئەبێت بە پەڵوڵە.

**ژولێت:** ئەکرێت هەندێکی بدەینیٚ.

**پادشا:** کەمێکم بدەنیٚ.

**مارگریت:** نەء.

**ژولێت:** قەیچێکە ئەگەر حەزی لێبێت.

**پزیشك:** بۆ تەندروستی باش نییە، ئەو رێجیم ئەكات.

**پادشا:** سەوزەی سورەكراوی ناو تاوەم ئەوێت.

**پزیشك:** ئێمە رێنمایی ئەوانە ناكەین كە لەسەرەمەرگدان.

**ماری:** رەنگە ئەمە دوا ئارەزوی بێت.

**مارگریت:** پێویستە وازی لێبێنیت.

**پادشا:** (وەك ئەوەی خەون ببینێت) خواردن، پەتاتەی گەرم، گێزەری پاككراو.

**ژولێت:** تائێستاش بەمەعناوە قسەئەكات.

**پادشا:** (بەمەبەستەوە) تا ئێستاو بەدرێژایی ژیانم قەد نەمبینیوە گێزەر ئەوەندە جوان بێت.

(بە ژولێت) خێرا ئەو دو جالجالۆكەیەی كە لە ژوری نوستنەكەدایە بیامكوژە، نامەوێت دوای من لەژیاندا بمێنن، نا.. .. مەیانكوژە رەنگە شتێكی منیان تێدا بێت.. مرد، ئەوەی بە تاوە سەوزەی سورئەكردەوە، كەس نازانێت چی بەسەرهات، ئەوەی بەردەوام سەوزەی لەناو تاوەدا سورئەكردەوە بونی نییە.

**پاسەوان:** ئەوەی سەوزەی سورەوەكراو دروست ئەكات لەهەمو دنیا یاساخە.

**مارگریت:** لەكۆتاییدا شتێك رویدا، وازی لێهێنا، ئەبێت لە بچوكترین حەزەكانییەوە دەست پێبكەین، پێویستە زۆر بەوریاییەوە رەفتار بكەین، ئەی چۆن، ئەتوانین ئێستا دەست پێبكەین، بەئاسپایی، وەك ئەو برینەی كە ئەبێ لەسەرەتاوە دەوروبەری برینەكە تیمار بكەین (نزیك ئەبێتەوە لە پادشا) ژولێت ئارەقەكەی بسڕەوە، ئارەقەی كردوە، (بە ماری) تۆ لێی گەڕێ.

**پزیشك:** (بە مارگریت) ئەمە ئەو ترسەیە کە وردە وردە لە گیـانی دێتــەدەر (سەیری نەخۆشەکە ئەکات‌و، ماریش بەهەردو دەستی چاوی گرتــووە بەچــۆکدا ئەکەوێت) بڕوانە تاکەی کەمبۆتەوە، ئەگەرچی تاڕادەیەك پێستی هەڵناڵەرزێت‌و، قژەکەیشی کە بژ بوو خەریکە خاوئەبێتەوە. تائێستا لەگــەڵ ترســدا رانــەهاتوە، نەخێر، نەخێر، بەڵام لەناخیدا ئەتوانێت تەماشای بکات، بۆیە لەتوانایدایە چاوی بنوقێنێ، ئەیکاتەوە، رەنگی زەردهەڵگەڕاوە، تــۆ ســەیر، ســەیر، چــۆن پــیری‌و چرچ‌ولۆچی بەدەم‌وچاوییەوە چەسپیوە. مەسەلەکە هەروا زو تەواونابێت، دوچاری کەمی لەرزوتا ئەبێت، بەڵام هەست بە ترس ئەکات، ئەمە شتێکە جێ رەوشت بەرزییە، دور لە قۆرەقۆری گەدەی هەست بە ترسێکی تــەواو ئــەکات، نــاتوانین چاوەڕێی مردنێکی نمونەیی لێبکەین، بەهەرحاڵ خراپ نابێت، بەهۆی مردنــەوە ئەمرێت، نەك ترس، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە یارمەتی بدەین، خانمی خاوەن شکۆ ئەبێ زۆر یارمەتی بدەین، تا دوا سات، تا دوا هەناسە.

**مارگریت:** یارمەتی ئەدەم، بۆئەوەی لە کۆڵمــان بێتــەوە، یارمــەتی ئــەدەم، بنەبڕی ئەکەم، هەمو گرێیەکان ئەکەمەوە، گرێ بەیەکاچۆکان ئەکەمەوە، بەباشی لەبەدشەڕی‌و، خۆپێوەهەڵواسین جیائەکەمەوە.

**پزیشك:** مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە.

**مارگریت:** ئەم هەموو بیرکردنەوە ئیفلیجانەت لەکوێوە هێناوە، ئەم هــەموو بیروباوەڕە شێتانەیە؟

**پزیشك:** کەم، کەم‌و، ساڵ بە ساڵ روا و، گەشەی کردوە.

**مارگریت:** خانمی خاوەن شکۆ چاکت کرد، ئێستا دڵنیاو ئارامتر نیت؟

**ماری:** (هەڵئەسێتو رو لە پادشا) مادام ئەو لێرە نییە، کە لێرەش بێت، تۆ لێرە نیت، ئیتر چاوت پیێ ناکەوێتو، نایبینیت.

**مارگریت:** درۆکانی ژیان، خەتاکانی جاران، ئێمە ئەیزانین، بەردەوام لێرەبوو، هەر لە رۆژی یەکەمەوە، تۆوی یەکەم، ئەو، ئەو درەختەیە کە گەورەئەبێت، ئەو گوڵەیە کە ئەپشکوێ، تەنها بە.. ..

**ماری:** (بە مارگریت) ئەمە راستیەکی سەرەتاییە ئێمەش ئەزانین.

**مارگریت:** یەکەم راستیو، دوا راستیشە، ئەی وا نییە دکتۆر؟

**پزیشك:** هەردو هەر راستن، کێشەکە پەیوەندی بە تێڕوانینەوە هەیە.

**ماری:** (بە پادشا) جاران بڕوات پێم هەبوو.

**پادشا:** ئەمرم.

**پزیشك:** قسەکەی گۆڕی، ئەوەتا گۆڕا.

**ماری:** ئەگەر پێویست بکات بڕوانیتە هەردو لامان، دە بڕوانە من.

**پادشا:** من ئەمرم، ناتوانم، من ئەمرم.

**ماری:** ئاخ! خەریکە دەستەڵاتم بەسەریدا ناشکێت.

**مارگریت:** (بە ماری) جوانی لەشولارت کەڵکی نەما.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) جوانی لەشولاری شاژن بەلای پادشاوە کەڵکی نییە.

**ماری:** (بە پادشا) خۆشتئەویستم، ئێستاش خۆشت ئـەوێم، منـیش خۆشـم ئەوێ.

**مارگریت:** تەنها بیر لە خۆی ئەکاتەوە.

**ژولێت:** شتێکی ئاساییە.

**ماری:** من هەمیشە خۆشم ویستوی، ئێستاش هەر خۆشم ئەوێ.

**پادشا:** نازانم، ئەمە بەکەڵکی من نایەت.

**پزیشك:** خۆشەویستی شێتایەتییە.

**ماری:** (بە پادشا) خۆشەویستی شێتایەتییە، ئەگەر شێتگیرانە خۆشت بوێ، ئـەگرە بەبێ‌هۆشـی خۆشـت بـوێ، ئەگـەر پڕاوپـڕ خۆشـت بـوێ، مـەرگ دورئەکەوێتەوە، ئەگەر منت خۆشبوێ، ئەگەر هەمو شـتێکت خۆشـبوێ تـرس ئەڕەوێتەوە، خۆشەویستی ئەتباتو، تـۆ بـەدوای خـودی خۆتـدا ئەگـەڕێیتو، ترسیش لێت ئەگەڕێ، دنیاش رو لە کامڵبون ئەکاتو، هەمو شتێك سـەرلەنوێ ئەبوژێتەوەو، بۆشاییەکانیش پڕئەبنەوە.

**پادشا:** من پڕم، پڕم لە درز و کەلەبەر، شتێك نقورچم لێئەگرێت، درزەکانیش گەورەتر ئەبنەوە، هیچ چارەیەکیش نییە، هەرکە لا لە درزەکان ئەکەمەوە سەرم گێژ ئەخوات، من تەواو بووم.

**ماری:** تەواو نەبویت، لەجیاتی تۆ خەڵکی تر خۆشەویـستی ئەکـەن، ئـەوان لەبری تۆ تەماشای ئاسمان ئەکەن.

**پادشا:** من گیانئەدەم.

**ماری:** بچۆ ناو ئەوانەوە، ببە بەوان، هەمیشە ئەمێنیتەوە، هەمیشە، هەمیشە.

**پادشا:** ئەمە چییە؟

**ماری:** ئێستا هەمو ئەم بونەوەرە لەناوناچێت.

**پادشا:** تائێستاش لەوێیە.. هەر لەوێیە، تائێستاش کەمێك هەر لەوێیە.

**ماری:** نەوەی نوێ دنیا گەورەتر ئەکات.

**پادشا:** من ئەمرم.

**ماری:** جوامێرەکان لەدەرگای ئاسمانەکان ئەدەن.

**پادشا:** با تێکیشکێنن، با وردوخاشیکەن.

**پزیشك:** هەر بۆ ئەو مەبەستە وا بەرێگەوەن، بۆ بەدەستهێنانی نەمریی.

**پادشا:** (بە پزیشك) هەی گەماڵ، ئەی تۆ بۆ پێشتر بەدەستت نەهێنا.

**ماری:** هەسارەی دیش وا خەریکە دەرئەکەون.

**پادشا:** زۆر پەستم.

**ماری:** ئەستێرەی زۆر تازەن، ئەستێرەی پاکیزەیی.

**پادشا:** خامۆش ئەبێتو بەهێوایشە، مەسەلەکە وەك یەك وایە بەلامەوە.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) نە هەسارە تازەکانو نە کۆنەکانیش جێی بایەخپێدانی خاوەن شکۆ بیرانژێ نین.

**ماری:** زانستێکی نوێ سەرهەڵئەدا.

پادشت: من ئەمرم.

**ماری:** حیکمەتێکی نوێ جێی حیکمەتە کۆنەکە ئەگرێتەوە، شێتایەتییەکی گەورە، نەزانینێکی گەورەتر، زۆر جیاوازتر، هەر زۆر نزیکتر، با لەوەوە ماتەمگێڕبینو، هەر لەوێشەوە خۆشنود بین.

**پادشا:** من ئەترسم، من ئەمرم.

**ماری:** تۆ خۆت هەمو ئەوانەت ئامادەکرد.

**پادشا:** بەبێ مەبەست بوو.

**ماری:** تۆ خۆت قۆناخێك بویت، توخمێك، پەیامبەرێك بویت، دەستت هەیە لە هەمو پێکهاتەکان، تۆ حیسابی خۆت هەیەو، حیسابیشت لەگەڵدا ئەکرێ.

**پادشا:** حیسابم لەگەڵدا ناکرێت، من ئەمرم.

**ماری:** ئەوەی هەیە ئەبێتو، ئەوەیشی ئەبێ هەیەو، ئەوەیشی هەیە هەبوە، ئەمە لەتۆمارگەکانی دنیا تا هەتایە تۆمارکراوە.

**پادشا:** ئەی کێ تەماشای سجلی ئەوانە ئەکات کە ماوون؟ من ئەمرم، کەواتە با هەمو هەر بمرن، نا با هەمو شتێك بمێنێ، نا با هەموشتێك بمرێ، مادام مردنی من ناتوانێت گەردونەکان پڕکاتەوە، با هەمو شتێك بمرێت، نا با هەمو شتێك بمێنێ.

**پاسەوان:** خاوەن شکۆ ئەیەوێ ئەوەی ماوە بمێنێ.

**پادشا:** نا، بە هەمو شتێك بمرێت.

**پاسەوان:** پادشای خاوەن شکۆ ئەیەوێت هەمو شتێك بمرێت.

**پادشا:** با هەمو شتێك لەگەڵ خۆمدا بمرێت، نا، نا هەمو شتێك دوای من بمێنێ، نا با هەمو شتێ: بمرێت. نا، نا با هەمو شتێك بمێنێ، نا.. نا، با هەمو شتێك بمرێت، با هەمو شتێك بمێنێت، با هەمو شتێك بمرێت.

**مارگریت:** نازانیت چی ئەوێت.

**ژولێت:** وابزانم، ناتوانێ بلێ چیم ئەوێ.

**پزیشك:** ناتوانێت بلێ چیم ئەوێت، خەڵەفاوە، پیرییەتی، وڕێنەئەکات.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) پادشای خاوەن شکۆ خەڵە.. ..

**مارگریت:** (قسەی پاسەوان ئەبڕێت) ناکەس بەچە دەمت داخە، ئەوەندە هەواڵی تەندروستی بە رۆژنامەکەمان مەدە، ئەگینا ئەوانەی توانای پێکەنینیان هەیە پێمان پێئەکەنن، ئەمەش خەڵکی خۆشحاڵ ئەکاتو، لەرێگەی بروسکەکانەوە قسەکانت ئەقۆزنەوە.

**پاسەوان:** بەپێی فەرمانی خانمی خاوەنشکۆ هەواڵە پزیشکییەکان قەدەغەکراوون.

**ماری:** (بە پادشا) پادشام، پادشای خۆشەویستم.

**پادشا:** کە لەنوستندا خەونی ناخۆشم ئەبینیو، لەخەودا ئەگریام، تۆ هەڵتئەساندمو، باوەشت پێدائەکردمو، ترست دەرئەکردم.

**مارگریت:** ناتوانیت ئەوە بکەیت.

**پادشا:** که خـەوم ئـەزڕاو، لـەژورەوە ئەچـومە دەرێ، تـۆش هەڵئەسـایتو ئەهاتیت، لەهۆڵی عەرشدا ئەگەڕایت بەدوامدا، لە پرخەی خەوی قوڵتدا کە بـە گوڵ رازابۆوە دەستت ئەگرتمو، ئەتبردمەوە ناو نوێنەکە.

**ژولێت:** منیش لەگەڵ مێردەکەمدا ئەوەم ئەکرد.

**پادشا:** بەشداری هەڵامەتو، ئەنفلۆوەنزاتم ئەکرد.

**مارگریت:** لەمەودوا توشی هەڵامەت نابیت.

**پادشا:** لەسپیدەداو، لە یەك کاتدا چاومان ئەکردەوە، بەتەنیا ئەمنوقاندەوە، یا هەرکەسەو بۆ خۆی ئەینوقاند، لە یەك کاتدا هەردوکمان بیرمان لە یەك شـت ئەکردەوە، ئەو رستەیەت ئەوتەوە کە من خەریك بووم لەمێشکمدا حازرم کردبو بیڵێم، کە خۆم ئەشت پێم ئـەووتی وەرە پـشتم بـشێلە، تـۆ ملپێـچەکانت بـۆ هەڵئەبژاردم، زۆرجار حەزم لێنەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو عاجزیمان ئەبوو، کەس بەمەی نەئەزانیو، ئێستاش کەس پێی نازانێت.

**پزیشك:** ئەوە ئەوەندە گرنگ نەبوو.

**مارگریت:** ئای بـۆ بـۆرژواو کەمتەرخـەمی! بێگومـان ئـەبێ کـەس بـەم مەسەلانە نەزانێت.

**پادشا:** (بە ماری) حەزت نەئەکرد قژم بژ بێت، قژت بۆ شانە ئەکردم.

**ژولێت:** ئەمانە مەسەلەیەکن لە دڵەوە دەرئەچن.

**مارگریت:** (بە پادشا) لەمەودوا هەرگیز قژبژ نابیت.

**ژولێت:** شتێکی ناخۆشە.

**پادشا:** تاجەکەمت پاکئەکردەوە.

**ماری:** (بە پادشا) خۆشت ئەوێم، خۆشت ئەوێم؟ من تائێستاش خۆشم ئەوێی، ئەی تۆ خۆشت ئەوێم ئەوەتا تائێستاش خۆشی ئەوێم، لەم کاتەی کە ئێستا لێرەم خۆشت ئەوێم.. .. لێرە.. .. لێرە.. بڕوانە، بڕوانە، چاك سەیرم بکە، کەمێك سەیرم بکە.

**پادشا:** من تائێستاش خۆمم خۆشئەوێ، سەرباری هەمو شتێك خۆمم خۆشئەوێ، تائێستاش هەست بە خۆم ئەکەم، من ئەو ئەبینم، من سەیری خۆم ئەکەم.

**مارگریت:** (بە ماری) بەسێتی! (بە پادشا) بەسێتی ئەوەندە بیر لە رابوردو مەکەرەوە، ئێمە ئامۆژگاریت ئەکەین کەواتە خێراکە، کەمێکی دی فەرمانت پێئە کەین (بە ماری) زوتریش پێم ووتی لەزەرەر زیاتر هیچی پێناگەیێنی.

**پزیشك:** (سەیری سەعاتەکەی دەستی ئەکات) ورتەورت ئەکات، ئەوەتا گەڕایەوە.

**مارگریت:** گرنگ نییە، خەم مەخۆ دکتۆر، ئەی جەللاد، ئەم گەڕانەوەیە، ئەم پێچو پەنایە چاوەڕوان ئەکرا، ئەمە بەشێکە لەبەرنامەکە.

**پزیشك:** دڵوەستانێك هەمو ئەم ماندوبونەی لەکۆڵ ئەکردینەوە.

**مارگریت:** دڵوەستان زیاتر دوچاری پیاوانی سەرقاڵو خاوەن ئیش ئەبێ.

**پزیشك:** .. .. یان هەوکردنێکی زۆری سییەکانی.

**مارگریت:** ئەمەش توشی هەژاران ئەبێ نەك پادشاکان.

**پادشا:** ئەتوانم بڕیاربدەم نەمرم.

**ژولێت:** بڕوانن، چاك نەبۆتەوە.

**پادشا:** خۆزگە بڕیار بدەم نامەوێ بمرم، خۆزگە بڕیـار بـدەم نامــەوێت بمـرم، خۆزگە بڕیار بدەم بڕیار نەدەم.

**مارگریت:** ئەتوانین ناچارت بکەین بڕیار بدەی.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) شاژنو پزیشك ئەتوانن پادشا ناچار بکەن بڕیار بدات.

**پزیشك:** ئەمە ئەرکی ئێمەیە.

**پادشا:** کێ ئەتوانێت رێتان پێبدات توخنی پادشا بکەون، مەگەر تەنها پادشا خۆی.

**مارگریت:** تەنها هێز ئەو رێیەمان پێئەدات، هێزی شتەکان، مەرسومی باڵا، رێنومابییەکان.

**پزیــشك:** (بــە مارگریــت) ئێمــە ئێــستا نوێنەرایــەتی ســەرکردایەتیو رێنومابییەکان ئەکەین.

**پاسەوان:** (لەکاتێکدا ژولێت پاڵ بەعەرەبانە کورسیەکەی پادشاوە ئەنێت کە بەدەوری سەکۆکەدا ئەخولێتەوە) سەرکردەم خاوەنشکۆ باروتی داهێنــا، ئــاگری لەخواوەندەکان دزیو، ئەنجا خستییە ناو باروتەکەوەو، خەریك بوو هەمو شــتێك بتەقێتەوە، بەڵام زوو فریاکەوتو، هەمو شتێکی خستەوە ژێر فــەرمانی خــۆی، هەمو شتێکی کۆکردەوە، منیش هاوکاریم کرد، کارێکی نارەحەت بوو، ئــا زۆر

نارەحەت بوو، هەمو شتێکی لەسەر زەوی بۆ نمونە وەك کات کردە بیستوچوار سەعاتو، دیارە ئێمە لەوەزیاترمان بیرلێئەکردەوە، گەورە ئەندازیار، بەرێز ئەندازیارانی نەخشەکێشی بالۆن، بالۆنی روبەڕوبونەوەی داهێناو، دواتر بەدەستی خۆی یەکەمین فڕۆکەی دروستکرد، ئەمەی یەکەمین جار سەرکەوتو نەبو، یەکەم کەس کە فڕۆکەی تاقیکردەوە ئیکارو خەڵکانی تر بون، ئەوە بوو کەوتنە دەریاوە، تا ئەوکاتە ویستی خۆی فڕۆکەکە لێخوڕێت من هاوکارە گەنجەکەی بووم، شازادەی بچوك بوو، عارەبانەی دەستی دروستکرد، منیش گەمەم لەگەڵدا ئەکرد، دواتر ئاسنو هێڵی شەمەندەفەرو، ئۆتۆمبێلی داهێنا، دواتر تاوەری ئیڤڵی دروستکرد، ئەمەو جگە لە گاسنو، داسو ئامێری دروێنەو، تەرەکتەرو (بە پادشا) وا نییە؟ میکانیکاری گەورەم بیرتە؟

**پادشا:** تەراکتەر، ئاە بیرم چوبووەوە.

**پاسەوان:** گرکانەکانی ئەکوژاندەوە، گرکانی تری ئەتەقاندەوە، رۆماو، نیویۆرکو، مۆسکۆ، ژنێفو، پاریسی دروستکردو، دژەشۆڕشو ئاینو، چاکسازیو، دژە چاکسازی هەڵگیرساند.

**ژولێت:** ئەوەی تەماشای بکات ئەوەی لێبەدی ناکات.

**پاسەوان:** هەروەها ئەلیادەو ئۆدیسای نوسییەوە.

**پادشا:** ئۆتۆمبێل چییە؟

**ژولێت:** (بەردەوامە لە پاڵپێوەنانی عارەبانە کورسییەکە) شتێکە بۆ خۆی ئەڕوات.

**پاسەوان:** لەهەمان کاتدا گەورەم مێژونوس بوە، گەورەم مەزنترین توێژینەوەی لەسەر (هومێراو سەردەمەکەی نوسیوە.

**پزیشك:** لەم حاڵەتەدا ئەو باشترین کەسە، هەر بەڕاستی.

**پادشا:** من هەموو ئەوانەم کردوە، ئەمە ڕاستە؟

**پاسەوان:** تراژیدیاو کۆمیدیای زۆری بە نازناوی شەکسپیرەوە نوسیوە.

**ژولێت:** ئەو شەکسپیر بوو.

**پزیشك:** (بە پاسەوان) ئەبوایە زوو ئەمەت پێبوتینایە ئەوکاتەی کە زۆر بیرمان لە کەسایەتی ئەو ئەکردەوە.

**پاسەوان:** ئەوە نهێنی بوو، نەیئەهێشت بیدرکێنم، تەلەفۆنو، پۆستەو، پەیوەندییەکانی داهێناو، بەدەستی خۆی کاری تێدائەکرد.

**ژولێت:** بەدەستی خۆی هیچی بۆ نەئەکرا، بۆ بچوکترین ئیش تەنەکەچێکەی ئەهێنا.

**پاسەوان:** سەرکردەی گەورەم، هەر زۆر بەهرەمەندی.

**ژولێت:** نەیئەتوانی پێڵاوەکانی لەپێبکاتو، دایکەنێت.

**پاسەوان:** سەردەمانێکی نزیك گەیشتە ئەوەی گەردیلە بشکێنێت.

**ژولێت:** نەیئەتوانی چراکە دابگیرسێنێتو بیکوژێنێتەوە.

**پاسەوان:** خاوەن شکۆ، سەرکردەم، مامۆستام، بەڕێوەبەری گەورەم..

**مارگریت:** (بە پاسەوان) ئێمە هەمو ئەم خەسڵەتە دێرینە ئەزانین، تۆ بۆمانی دوبارە مەکەرەوە.

(پاسەوان ئەگەڕێتەوە شوێنی خۆی)

**پادشا:** (لەکاتێکدا ئەیخولێننەوە) ئەسپ چییە؟ ئەوانە پەنجەرەن، ئەمەش دیوارە، ئەمەشیان زەوییە.

**ژولێت:** دیوار ئەناسیتەوە.

**پادشا:** شتم کردوە، وتیان چیت کردوە؟ نەمئەزانی چیم کردوە، بیرم ئەچێتەوە، بیرم ئەچێتەوە (کە لەسەر عەرەبانە کورسییەکە پاڵی پێوەئەنێن) ئەم تەختی شاهانەیە.

**ماری:** ئەمناسیتەوە؟ ئەوە منم، من لێرەم، لێرەم.

**پادشا:** من لێرەم، ئەوەتام.

**ژولێت:** تەنانەت ئەسپەکەیشی بیر نییە.

**پادشا:** با پشیلەیەکی سوروسپیم بیرە.

**ماری:** پشیلەیەکی پیرە.

**پادشا:** پشیلەیەکی سوروسپیم هەبوو، ناومان نابوو پشیلە چووەکە، لە کێڵگەیدا دۆزیمەوە، لەدایکیم دزی، هەر بەراستی پشیلەکێوی بوو، تەمەن پانزە رۆژ ئەبوو، رەنگە زۆرتریش بووبێت، گازی ئەگرت، دڕ بوو، نانم ئەدایێو، یاریم لەگەڵدا ئەکردو، دەستیشم بەسەردا ئەهێناو، لەگەڵ خۆمدا ئەمبرد، هەر زوو ماڵی ببوو، جارێکیان لە چمکی قۆڵی پاڵتۆی خانمە میوانێکدا خۆی شاردبۆوە، (خانم) هەر زۆر بەئەدەبو، شازادە بوو، نیوەشەوان کە ئەهاتینەوە بە چاوی خەواڵۆوە، سڵاوی لێئەکردینو، ئەنجا بە لارەلار ئەچوو بۆ نوستن، کە بەیانیش

ئەبووەوە ئەهات لەخەو هەڵیئەساندین، بۆئەوەی لەباوەشماندا بنوێت. رۆژێکیـان دەرگاکەی داخـست، هـەوڵی دا بیکاتـەوە، بـەقنگی پاڵیپێوەنـا، تـوڕە بـوو، قرەقرێکی زۆری کرد، هەفتەیەك گرژومۆن بوو، لە گسکە کارەباییەکە ئەترسـا، پشیلەیەکی ترسنۆك بوو، پشیلەیەکی شاعیر بوو، ئاشتیخواز بـوو، مـشکێکی میکانیکیمان بۆ کڕی، لەسەرەتادا بەدودڵییەوە بۆنی ئـەکرد، کـە کلیلەکـەمان بائەدا مشکەکە ئەجولایەوە، تفیئەکردو، هەڵئەهاتو، لەژێر سـینییەکدا خـۆی حەشارئەدا. کە گەورەبوو، پـشیلە مێینـەکان دەوروخـولیماڵەکـەیان ئـەداو، مێبازییان لەگەڵدا ئەکردو، بانگیان ئەکرد. لەمـە ئەترسـاو، لەشـوێنی خۆیـدا نەئەجولایەوە، ویستمان فێرە ژیانی بکەین، شتێك لە دنیا بزانێت، بۆیە لەسـەر شۆستەیەکی بەر پەنجەرەکە دامانناو، ترسی لێنیشتو، کۆمەڵێ کۆتر دەوریـان دا، لە کۆترەکە ئەسڵەمێوەو، بەنیگەرانییەوە بـانگی کـردمو، بەنوزەنوزێکـەوە پشتی بە دیوارەکەوە نابوو. ئاژەڵو پشیلەکانی دی بەنیسبەت ئەوەوە خەڵقەندەی نامۆ بونو، جێێ مەترسی بوونو، دوژمن ئاسا رەفتاریان ئەکرد، لەگـەڵ ئێمـە نەبوایە خۆشحاڵ نەئەبوو، یەك خێزان بوین، لە کەس نەئەسڵەمییەوە، بێئـەوەی رایانبچڵەکێنێت بەسەر شانیاندا هەڵبەزو دابەزی ئەکرد، خۆی بەقژیانەوە ئەسوو، وای هەست ئەکرد ئێمە پشیلەینو، پـشیلەش شـتی دییـە، سـەرەڕای ئـەوەش رۆژێك بەخەیاڵیدا هاتو، دەرچوە دەرێو، پشیلەیەکی ماڵە هاوسێ کوشتی، لە پشیلەیەکی بوکەشوشە ئەچـوو، بوکەشوشـەیەکی بـزاف، چـاوی دەرهێنرابـوو،

قاچیشی بڕابۆوە، ئەی چۆن، لە بوکەشوشەیەك ئەچوو منالێکی سادیزمی شەڕەنگێز لێیدابێت.

**ماری:** (بە مارگریت) نەئەبوایە دەرگاکەت بەکراوەیی جێهێشتایە، پێشم وتی.

**مارگریت:** زۆر رقم لەم ئاژەڵە عاتفییە ترسنۆکە بوو.

**پادشا:** چەند پەشیمانو خەمبارم بۆی! زۆر گوناه بوو، جوان بوو، عاقڵیش بوو، هەمو خەسڵەتێکی باشەی تیابوو، خۆشی ئەویستم، خۆشی ئەویستم، پشیلە گوناهەکەم تاقانە پشیلەکەم.

(پێویستە لە بەشی تایبەت بە پشیلەکە پادشا دور لە هەڵچون ئەدا بکات، پێویستە نزیك بە گەمژەیی وەك ئەوەی لە خەودا بێت، تەنها لەم بەشەی کۆتایی پێویستە گوزارشت لە خەمو پەژارەیی بکرێت)

**پزیشك:** پێم وتن ئەوەتا ورتەورت ئەکات.

**مارگریت:** ئاگام لێیە، مۆڵەتە یاساییەکانی تێنەپەڕاندوە، پێم وتی ئەمە هەر ئەبوو.

**پادشا:** خەووم پێوە ئەبینی.. لەناو سۆپاکەوە بەسەر گڕی ئاگرەوە راکشاوە، ماریش حەپەسابوو چونکە نەئەسوتا، منیش پێم ئەووت پشیلە ناسوتێت، ئەوان ناسوتێن، لە سۆپاکەوە دەرپەڕیو ئەیمیاوان، دوکەڵێکی چڕی لێبەرزئەبوەو، کەچی ئەو نەبوو، چ بەدگۆڕانێکە.. پشیلەیەکی تر بوو، ناشیرین بوو، زەبەلاح

بوو، پشیلەیەکی زل، وەك دایکـی وابـوو، پـشیلەیەکی دڕنـدە بـوو، ئـەتووت مارگریتە.

(بۆ ساتێك ژولێت پادشا کـە لەسـەر عەرەبانـە کورسـییەکە لارەکـە، کـە لەناوەڕاستی سەکۆکەو پێشی شانۆکەوەیە دانیشتبوو، دورئەکەوێتەوە)

**ژولێت:** بەهەرحاڵ ئەمە کارەساتە، خەسارەتە، بەڕاستی پادشایەکی بێوێنـە بوو (پاڵ بە عارەبانە کورسیەکەوە ئەنێت)

**پزیشك:** ئێسك سووك بوو، کەمێکیش شەڕەنگێز بوو، بـوغزاویو تونـدڕەو بوو.

**مارگریت:** لەخۆبایی بوو.

**ژولێت:** لەو دڕندەتر هەبوو.

**ماری:** بەسزمان بوو، بەسۆز بوو.

**پاسەوان:** زۆرمان خۆش ئەویست.

**پزیشك:** (بە پاسەوانو ژولێت) لەگەڵ ئەوەشدا بـەردەوام هـەردوکتان لـێی ناڕازی بوون.

**ژولێت:** ئەم مەسەلانە بیرئەچنەوە.

**پزیشك:** ناچاربووم لەبەر ئێوە چەند جارێك بکەومە بەینەوە.

**مارگریت:** جگە لە ماری کەس گوێی لێنەئەگرت.

**پزیشك:** توندو دڵڕەق بوو، سەرباری ئەوەش بە یـەك چـاو سـەیری خـەڵکی نەئەکرد.

**ژولێت:** زۆر کەم ئەمانبینی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانبینی، زۆرجار ئەمانبینی.

**پاسەوان:** بەهێزبوو، فەرمانی سەربڕینی ئەدا، ئەمە راستە.

**ژولێت:** زۆریش نا.

**پاسەوان:** ئەوەیان لەپێناوی سەلامەتی سەروماڵی خەڵك بوو.

**پزیشك:** دەرئەنجام ئەوەتا بە دوژمن دەوردراوین.

**مارگریت:** گوێتان لە داڕوخانە؟ سنورمان نەماوە، چاڵێکی بەرفراوان ئێمە لە وڵاتی دراوسێ جیائەکاتەوە.

**ژولێت:** باشتر، ناتوانن هێرشمان بۆ بێنن.

**مارگریت:** کەلەبەرەکە بەرفراوان ئەبێتەوە، چاڵێك لەژێرماندایەو، چاڵێکیش وا بەسەرمانەوە.

**پاسەوان:** بەهەڵواسراوی ماوینەتەوە.

**مارگریت:** ئەمە زۆر ناخایەنێت.

**ماری:** چاکتر وایە ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بمرین.

**مارگریت:** ئێمە هیچ نین، لە کەلەبەر زیاتر هیچی دی نین.

**پزیشك:** هەمو خەتای ئەو بوو، نەیهێشت هیچ لەدوای خۆی بمێنێتەوە، بیری لەوانە ئەکردەوە کە دوای خۆی ئەمێننەوە، خۆیو ئەوانەی دوای خۆی، لافاو بوو، بەڵکو لەلافاویش بەدتر، دوای خۆی، هیچ، خۆبەزلزان، خۆپەرست.

**ژولێت:** باسی چاکەی مردوەکانتان بکەن. پادشای مەملەکەتێکی مەزن بوو.

**ماری:** ناوجەرگەی بوو، دڵی بوو.

**ژولێت:** مەنزڵگای بوو.

**پاسەوان:** دەوروبەری مەملەکەت تا چاو بڕێ‌ەکات پانوپۆڕتر ئەبووە، بەڕادەیەك سنورەکەیمان نەئەبینی.

**ژولێت:** لەپانتاییدا رەهاترین سنوری هەبوو.

**مارگریت:** بەڵام لەمانەوەدا سنوردار بوو، لەهەمان کاتدا ناکۆتاو راگوزەر بوو.

**ژولێت:** شازادەی بوو، هاووڵاتی یەکەمی بوو، باوکی بوو، کوڕیشی بوو، هەر لەگەڵ لەدایکبونیدا تاجی پادشایی لەسەرنرا.

**ماری:** هەردووکیان پێکەوە گەورەبون، خۆیو مەملەکەتەکەی.

**مارگریت:** پێکەوەش لەناوئەچن.

**ژولێت:** پادشا بو، گەورەی گەردونەکان بوو.

**پزیشك:** گەورەیەکی سەیر بو، مەملەکەتەکەی خۆی نەئەناسی.

**مارگریت:** بە چاکی نەیئەناسی.

**ماری:** مەملەکەت لە بەرفراوانیو، بەربڵاویدا لەڕادەبەدەر بو.

**ژولێت:** زەویش لەخۆیدا هەرەس ئەهێنیو، هەسارەکانیش ئەکوژێنەوەو، ئاویش وشك ئەکاتو، هەروەها ئاگریش، هەواش، هەمو دنیاش، بگرە هەمو دنیاکانیش، لە چ تەشتێك، چ ژێرزەمینێك، چ گەنجینەیەك ئەتوانین ئەوە هەڵگرین، هەر ئەبێ شوێنێکی گەورە دەست بکەوێ.

**پزیشك:** کاتێك پادشاکان ئەمرن، لـە حەیبەتـدا چـنگ بـە دیوارەکانـەوە، بەدرەختەکانەوە، بە کانیو مانگەوە ئەگرن، چنگ بە.. ..

**مارگریت:** هەمو ئەمانەش لەیەکئەترازێن.

**پزیـشك:** ئەتوێنـەوەو، ئـەبن بـە هـەڵم، دڵۆپەیـەك، زەڕەیـەك، تەنانـەت سێبەرەکەیشی نامێنێتەوە.

**ژولێت:** هەمو ئەمانە لەگەڵ خۆیدا ئەباتە ژێر گڵەوە.

**ماری:** زۆر بەجوانی جیهانی خۆی رێك خـستبو، بەتـەواوەتی گـەورەی ئـەم دنیایە نەبوو، ئەیشیتوانی ببێ، بـەڵام زوو ئـەمرێت، دنیـای کردبـو بـە چـوار وەرزەوە، کاروبارەکانی بەجوانی رێکخستبو، خەیاڵی لە درەختو گـوڵو عـەترو رەنگیش کردبووەوە.

**پاسەوان:** جیهانێك لەسەر ئاستی پادشایەتی.

**ماری:** چیاو ئۆقیانوسەکانی داهێنا، چیای مۆن بلان نزیکـەی پێـنج هـەزار مەترە.

**پاسەوان:** هیمالایەش لە هەشت هەزار زیاترە.

**ماری:** گەڵای درەختەکان ئەوەرینو، دواتر سەرلەنوێ سەوزئەبونەوە.

**ژولێت:** ئەوە هەر زۆر جوان بوو.

**ماری:** هەر لەیەکەم رۆژی لەدایکبونیدا هەتاوی خولْقاند.

**ژولێت:** هەر بەمەوە نەوەستا، هەوڵی دا ئاگریش بکاتەوە.

**مارگریت:** ئەو پانتاییانە بوو کە بێ سنور بون، ئەستێرەکان بوو، ئاسمانو ئۆقیانوسو چیاکان بوو، روخسارەکان بو، دەزگاو ژورو نوێنو روناکیش بو، شەو بوو، جەنگو ئاشتیش بوو.

**پاسەوان:** تەختی پاشایەتیش بو.

**مارگریت:** روانین بوو، هەناسەدان بو.

**ژولێت:** ئەوەتا تائێستاش هەناسەئەدات.

**ماری:** مادام من لێرەم هەر هەناسە ئەدات.

**مارگریت:** (بە پزیشك) راستە تائێستاش هەر هەناسەئەدات.

**ژولێت:** بەڵێ خانمی خاوەن شکۆ، مادام ئێمە لێرەین، تا ئێستاش هەناسەئەدات.

(پزیشك تەماشای نەخۆشەکە ئەکات)

**پزیشك:** وایە.. وایە.. ئەمە شتێکی ئاساییە، تا ئێستاش هەناسەئەدات، هەردو گورچیلەکەی لەکارکەوتون، بەڵام خوێن بەلەشیدا دێ، ئا دێت، دڵی بەهێزە.

**مارگریت:** پێویستە بێدەنگ بکرێت، جا سودی چییە دڵێك بەبێ هۆ لێبدات.

**پزیشك:** وایە، دڵێکی شێتە، گوێت لێیە، گوێت لە لێدانی شێتانەی دڵی پادشایە، بەپەلە لێئەداو دواتر خاوئەبێتەوە، ئەنجا خێراتر ئەبێتەوە.

(لێدانی دڵی پادشا ژورەکـە ئەهێنێتــە لــەرزین، درزی دیوارەکــە گــەورەتر ئەبێتەوە، درزی تر دەرئەکەون، درزێکی گەورە، لەوانەیە دیوارەکـە دارِوخێــتو نەمێنێ)

**ژولێت:** ئەی خودا، هەمو شتێك وێران ئەبێت.

**مارگریت:** دڵێکی شێتە شێت.

**پزیشك:** دڵێکی ترساو، هەمو کەسێکی ترساندوە.

**مارگریت:** (بە ژولێت) ئەوەندە نابات هەمو شتێك هێمن ئەبێتەوە.

**پزیشك:** ئێمە هەمو قۆناغو، گۆرِانکاریەکان ئەزانین، کاتێ ئەمە روئەدات کە دنیایەك لە دنیاکان دارِوخێت.

**مارگریت:** (بە ماری) ئەمە بەڵگەیە بۆئەوەی کە دنیایەکــەی ئــەو دانــسقە نییە.

**ژولێت:** ئەوەی بەخەیاڵدا نەئەهات.

**ماری:** ئەوەتا ئێستاو، لەم ساتەوەختەدا منــی بیرئەچــێتەوە، وازم لێــدێنێ، ئەگەر وازی لێهێنام ئەوسا من وەك نەبو وابم وام، ئەگەر لەدڵە شێتەکەیدا نــەبم ناتوانم بژیم، لەسەرخۆبە، لەسەرخۆبە هەردو دەستت توند بگرە، جێم مەهێڵە.

**ژولێت:** هێزی تیا نەماوە، بێتاقەتە، هێزی تیا نییە.

**ماری:** دەستم پێوەبگرە، جێم مەهێڵە، من وات لێئەکەم بژیت، من چــاکت ئەکەمەوە، تێئەگەیت، تێئەگەیت، ئەگەر لەبیرم بکەی، ئەگەر جێم بهێڵی ناتوانم بژیم، توانای هیچم نابێت.

**پزیشك:** لاپەڕەی کتێبێکی دە هەزار لاپەڕەییە.

ئەخرێتە کتێبخانەیەکی هەزار هەزار کتێبەوە، کتێبخانەیـەك لـەنێو هـەزار هەزار کتێبخانەدا.

**ژولێت:** دۆزینەوەی ئەم لاپەڕەیەش ئاسان نییە.

**پزیشك:** نەخێر ئاسانە، لەو پێڕستەی کـە بـەپێی پیتـە ئەبجەدییـەکان، یـا بەپێی بابەتەکان ڕێکخراوە.. یا تا ئەورۆژەی پەڕەکان ئەبن بە خۆڵ، یـا ڕەنگـە پێش ئەوە بسوتێن، زۆر کەڕەتیش کتێبخانەکان دوچاری سوتان ئەبن.

**ژولێت:** ئەوەتا هەردو مشتی خۆی ئەگوشێت، سەرلەنوێ پەنائەبات، بەرگری ئەکات، ئەوەتا هاتەوە هۆشی خۆی.

**ماری:** دێتەوە لای خۆم.

**ژولێت:** دەنگی تۆ هەڵیـساند، چـاوەکانی کراونەتـەوە، ئـەوەتا سـەیری تـۆ ئەکات.

**پزیشك:** وایە، ئەوەتا تائێستاش دڵی هەوڵئەدات.

**مارگریت:** چ حاڵەتێکی ناخۆشە بۆ کەسێك لەگیانەڵڵادا بێتو، دڕكوداڵیش دەوری دابێت، ئیتر چۆن دەربازی ئەبێت.

**ژولێـت:** ئەگـەر خۆیـشی قوتـار بێـت، پێڵاوەکـەی لـەناو زەلکاوەکـەدا بەجێئەمێنێ.

**ماری:** چاك بگرە، من گرتومیت، ئادەی سەیرم بکـە، مـن تەماشـای تـۆ ئەکەم.

**مارگریت:** ئەتوروژێنێت، ئەوەندە بیری لێمەکەرەوە، ئیسراحەت ئەکەیت.

**پزیشك:** دەی خاوەن شکۆ لە کەلی شەیتان وەرەخوارێ، دەی خاوەنشکۆ.

**ژولێت:** کەوابو دەی بەقسەیان بکە.

(ژولێت پالّی پێوەئەنێتو لەبەردەم ماری ئەوەستێت)

**پادشا:** من گوێم لێیە، ئەشبینم، تۆ کێی؟ تۆ دایکمیت، خوشکی، ژنەکەمیت، کچەکەمیت، کچی براکەمیت، تۆ کچی ئامۆزاکەمیت؟ من ئەتناسم، لەگەلّ ئەوەشدا من ئەتناسم (بەرەو مارگریت وەری ئەسوڕێنێ) ئەی ژنە دلّڕەقەکە، بۆچی بەتەنیشتمەوەیت؟ بۆ بەزەییت پێمدا دێتەوە؟ بڕۆ. بڕۆ.

**ماری:** تەماشای ئەو مەکە، با سەرنجەکانت بۆ من بن، جوان چاوەکانت بکەرەوە، بەهیوابە، من لێرەم، بیرکەرەوە من ماریم.

**پادشا:** (بە ماری) ماری!؟

**ماری:** ئەگەر نامناسیتەوە، تەماشامبکە، سەرلەنوێ فێرببەوە من ماریم، فێری چاوەکانم بە، دەموچاوم ئەناسیتەوە، پرچەکانم، دەستەکانم ئەناسیتەوە.

**مارگریت:** تۆ ئازاری ئەدەیت، ماندوی ئەکەیت، ئەو ناتوانێ فێری هیچ ببێت.

**ماری:** (بە پادشا) ئەگەر نەشتوانم بتگرمەخۆ، لەگەلّ ئەوەشدا لام لێبکەوە، دەموچاوم بهێنەرە بەرچاوت، لەچوارچێوەی بگرە.

**مارگریت:** ئەوەی بۆ ناکرێت، هێزی ئەوەی نییە، ئوە بۆ پیرەمێردێك قورسە، نابێت تارماییەکەی تارمایی خەلّکی تر نیگەران بکات، ئەگینا لەژێر باردا

ئەمێنێتەوە، تارماییەکەی خەڵتانی خوێن ئەبێتو، ناشتوانێت هەنگاو هەڵهێنێت، ئەبێ سوکەڵە بێت (بە پادشا) خۆت رزگار بکە، هەوڵبدە.

**پزیشك:** پێویستە دەست پێبکاتو، قوربانی بەزۆر شت بدات، خاوەن شکۆ خۆت رزگار بکە، (پادشا هەڵئەسێت، بەڵام جوڵەو ڕێکردنەکەی لەرزۆكو، جیاوازە، لە کەسێك ئەچێت خەون ببینێ)

**پادشا:** ماری؟

**مارگریت:** (بە ماری) ناوت نازانێ.

**ژولێت:** ( بە ماری) ناوت نازانێ.

**پاسەوان:** (بەئاگادارکردنەوە) پادشا ناوی ماری نازانێت.

**پادشا:** ماری (کە ئەم ناوە ئەڵێ هەردو باڵی ئەکاتەوەو، دواجار ئەیانهێنێتەخوارەوە)

**ماری:** ئەوەتا ئەیڵێت.

**پزیشك:** بەبێ هەست ئەیڵێتەوە.

**ژولێت:** وەك توتی، خۆیشی نازانێت ئەڵێ چی.

**پادشا:** (بە مارگریت، کە لای لێئەکاتەوە) من ناتناسم، من خۆشم ناوێ،

**ژولێت:** مانای وشەی نازانم ئەزانێت.

**مارگریت:** (بە ماری) لێگەڕێ با بڕوات، مەیووروژێنە، بەمنەوە کۆچ ئەکات، ئامێرێکی تێدایە هەر لەخۆیەوە لێك جیا ئەبێتەوە، ڕێك وك رایموند کۆنترۆڵە. بە (پادشا) چاك بڕوانە. (پادشا ئەڕوانێتە بینەران)

**ماری:** ناتبینێت.

**مارگریت:** ئەو تۆ نابینێت

(بەتەکنیکی شانۆیی ماری ون ئەبێ)

**پادشا:** هەروەها هەیە.. .. هەیە.

**مارگریت:** ئەوەندە سەیری ئەوە مەکە.

**ژولێت:** نابینێت.

**پزیشك:** (نەخۆشەکە بەسەرئەکاتەوە) راستە، نابینێت، پەنجـەت لەبەرچـاوی پادشا بجولێنە، یان مۆمێکی داگیرسـاو، یـا چـەرخێك، یـا تەلـە شـقارتەیەك لەبەرچاوی بیرانژیدا بجولێنە ئەگەر سەرنجی هیچی نەدا.

**ژولێت:** نابینێت، پزیشکەکە ئەمەی بەرەسمی دوبات کردەوە.

**پاسەوان:** بەڕەسمی خاوەن شکۆ نابینایە.

**مارگریت:** لەناخەوە ئەبینێ، بگرە چاکتریش ئەبینێ.

**پادشا:** من شتەکان ئەبینم، روخـسارو، شـارو، دارسـتانو، دادگـاو، کـات ئەبینم.

**مارگریت:** دورتر بڕوانە.

**پادشا:** لەوە دورتر ناتوانم.

**ژولێت:** ئاسۆگە دەوری گرتوە، پەکی خستووە.

**مارگریت:** روانینت سەرخە بۆ ئەودیوی ئەوەی کە ئێستا ئەیبینی، ئــەودیوی رێگاکە، لەلای چیاکەوە، بۆ ئــەولای ئــەو دارســتانەی کــە لەژیانتــدا هــەرگیز دەستێکت بۆ نەبرد چاکی بکەیت.

**پادشا:** لەم دەوروبەرە بەولاوە، ناتوانم سەیری دورتر بکەم، مـن مەلەش نازانم.

**پزیشك:** تۆ نە مەلە ئەکەیتو، نە راهێنانیش!

**مارگریت:** ئەمە تەنها بۆ روکەشە، بچۆ قولایی شتەکانەوە.

**پادشا:** لەهەناومدا ئاوێنەیەك هەیە، هەمو شتێکی تیا بەدی ئەکەم، بینینم پتر رون ئەبێتەوە، جیهان ئەبینم، ژیان ئەبینم کە تێئەپەڕێت.

**مارگریت:** برۆ بۆ ئەودیوی تیشکدانەوەکە.

**پادشا:** خۆم ئەبینم، من لەپشتی هەمو شتێکەوەم جگە لە مــن هیــچی دی نییە، من زەویم، ئاسمانم، بام، ئاگرم، لە هەمو ئاوێنەکاندا ئــەمبینی، یــا مــن ئاوێنەی هەمو شتەکانم.

**ژولێت:** زیاد لەپێویست خۆی خۆشئەوێت.

**پادشا:** ئەمە نەخۆشیەکی دەرونییە، بەنەرجسییەت ناسراوە.

**مارگریت:** وەرە، نزیك بەرەوە.

**پادشا:** رێگە نییە.

**ژولێت:** گوێی لێیە، کاتێك ئێمە قسەبکەین لائەکاتەوە گوێ قولاخ ئــەبێت، باڵی ئەکاتەوە، ئەویتریشیان ئەکاتەوە.

**پاسەوان:** ئەیەوێت جێ بگرێت.

**ژولێت:** بە دوای پاڵپشتێکدا ئەگەڕێ خۆی پێوەبگرێ (ساتەوەختێکە پادشا بێئاگاو بێحەواس رێ ئەکات)

**پادشا:** بەربەستەکان کوان؟ باڵەکان کوان؟ ئەی دەرگاو پەنجەرەکان کوان؟

**ژولێت:** خاوەن شکۆ، دیوارەکان لێرەن.. ئێمە هەمومان لێرەین، گەورەم خاوەن شکۆ ئەمە باڵی منە

(ژولێت پادشا بۆ لای راست ئەباتو، وایلێئەکات هەست بە دیوارەکە بکات)

**پادشا:** دیوارەکە لێرەیە، سەوڵەجانەکە!

(ژولێت سەوڵەجانەکەی ئەداتەدەست)

**ژولێت:** ئەوەتا.

**پادشا:** پاسەوان تۆ لەکوێی؟ وەڵامم بدەرەوە.

**پاسەوان:** خاوەن شکۆ هەمیشە ملکەچی فەرمانی ئێوەم، بەردەوام فەرمانم پێبکە (پادشا چەند هەنگاوێ بەرەو پاسەوان ئەڕواتو دەستی لێئەدات) بەڵێ من لێرەم، بەڵێ من لێرەم.

**ژولێت:** خاوەن شکۆ جێگەی تۆ لێرەوەیە.

**پاسەوان:** خاوەن شکۆ لێتناگەڕێین، سوێندت بۆ ئەخۆم (لەپڕێکدا پاسەوان ون ئەبێت)

**ژولێت:** لێرەین، لەنزیکتەوەین، لێرەش ئەمێنینەوە.

(ژولێت لەپڕ نامێنێ)

**پادشا:** پاسەوان! ژۆلیێت! وەڵامم بدەنەوە، گوێم لێتان نییە، دکتۆر.. .. دکتۆر چییە کەڕ بووم.

**پزیشك:** نەخێر گەورەم، جارێ نا.

**پادشا:** دکتۆر!

**پزیشك:** خاوەن شکۆ ببورە، ئەبێ بڕۆم، بەداخەوە ناچارم، زۆر بەداخەوەم.

(پزیـــشك ئەکـــشێتە دواوە، ســـەردائەنوێنێ، لـــە بووکەشوشـــەیەك ئەچـــێت بەدەزۆڵکە بجولێتەوە، روەو ئەوپەڕی لای چەپی شانۆ، بـــەزەلیلیو تێکـــشکانەوە داوای لێبوردن ئەکاتو ئەچێتە دەرەوە)

**پادشا:** دەنگی دورئەکەوێتەوە، جیرەجیری پێڵاوەکانیشی نزم بووە، لێرە نییە.

**مارگریت:** ئەو پزیشکەو، ئیش‌وکاری خۆی هەیە.

**پادشا:** (دەستی راگرتوە، پێش ئەوەی ژۆلیێت بڕوات، ئەبێ عارەبانەکە بباتە لایەکەوە بۆئەوەی رێی ئاخاوتن نەشێوێ) ئەی ئەوانی دی کوان؟ (پادشا ئەگاتە لای دەرگای چەپ لەمەودای یەکەمی شانۆدا، ئەنجا روەو دەرگـــای لای راســـتی مەودای یەکەم ئەڕوات) رویشتنو، حەپسیان کردم.

مارگریت نارەحەت ئەبوویت، ئەو خەڵکە نەیانئەهێشت هاموشـــۆ بکـــەیت، هۆگرت بون، خۆیان ئەخزانە ناو لنگتەوە، بڕوات هەبێت نارِەحـــەتیان ئـــەکردی، ئێستا هەمو شتێك بەباشی ئەڕوات بەرِێوە (پادشـــا بەئاســـایی رێگـــە ئـــەکات) چارەکەسەعاتێکت لەبەردەمدایە.

**پادشا:** پێویستم بە خزمەتکردن هەیە.

**مارگریت:** لەبری ئەوان من ئەیکەم، من شاژنم‌و هەمو خزمەتێکت ئەکەم.

**پادشا:** من رێم بە کەس نەداوە بڕوات، داوا بکە، بیانهێننەوە.

**مارگریت:** تۆ ئەتویست بڕۆن.

**پادشا:** من وام نەویست.

**مارگریت:** ئەگەر نەتویستایە ئەوان نەئەڕۆیشتن، تۆ ناتوانیت ویستەکانت بگۆڕیت، وازت لێهێنان.

**پادشا:** دەبا بگەڕێنەوە.

**مارگریت:** تۆ ناویان نازانیت، دەی ناویان چی بوو؟

(پادشا بێدەنگە) چەند کەس بوون؟

**پادشا:** کێ؟ .. .. نامەوێت زیندانی بکرێم، دەرگاکان بکەنەوە.

**مارگریت:** کەمێك سەبرت هەبێت، ئەوەندەی بلێی یەك‌و دوو دەرگاکان والائەکرێن.

**پادشا:** (دوای بێدەنگی) دەرگاکان.. دەرگاکان.. چ دەرگایەکن؟

**مارگریت:** دەرگا هەبوو؟ دنیا هەبو، تۆ تیا بژیت؟

**پادشا:** من هەم.

**مارگریت:** زۆر مەجولێرەوە، ماندوئەبیت.

(پادشا ئەوە ئەکات کە پێی وترا)

**پادشا:** من هەم.. ئەم ژاوەژاوە لەقولاییەکانەوە دەنگ ئەداتەوە، ئەوەتادورکەوتەوەو، هێمن بۆوە، من کەڕم‌و گوێم لێ‌نیە.

**مارگریت:** بەڵام من، ئەبێت گوێت لێم بێت، رونتر گوێت لێمە، (پادشا راست ورەپو بێجوڵە وەستاوە، بێدەنگ ورتەناکات)

وا رێك ئەکەوێ هەندێ جار مرۆڤ خەوببینێ، بڕوای پێهەیەو، ئارەزوی ئەکاتو، هۆگریشی ئەبێت، سپێدە کە چاوئەکاتەوە، ئەبینێ هێشتا هەردو جیهانەکە تێکەڵ بەیەکنو، روخسارەکانی شەویش لەبەر روناکی رۆژدا رەنگ پەڕیوون، لەم کاتەدا مرۆڤ هەوڵئەدات بیربکاتەوەو، بیانهێنێتەوە یاد، کەچی بۆی کۆنترۆڵ ناکریو، خەیاڵی پەرت ئەبێت، بونی راستەقینەی رۆژ لێناگەڕێ بمێنێتەوە، ئەوسا مرۆڤ پرسیار لەخۆی ئەکات چیم لەخەوندا بینی؟ چی رویئەدا؟ دەستم لەملی کێدا بوو؟ کێم خۆشئەویست؟ چیم ئەوتو چییان پێئەوتم؟ مرۆڤ خۆی لەگەڵ داخێکی نادیاردا بۆ هەمو ئەم شتانەی کە هەبوون، یان وك ئەوەی کە هەبوون ئەبینێتەوە، بەڵام ناشزانێت چی رویداوەو چی بووە، نازانێت.

**پادشا:** نازانم چیم لەدەوردا بوو، ئەوەی ئەیزانم ئەوەیە کە من نوقمی دنیایەك ببوم، ئەو دنیایەش ئەوەتا لەدەورمدایە، ئەزانم ئەوەی هەبوو من بومو، چی هەبو، چی هەبوو؟

**مارگریت:** گوریسگەلێکت پێوەیەو لەناوتدایە نایکەمەوەو، نایشیپچڕێنم، چەند دەستێکیش پێتەوە ئاڵکاوەو، گەمارۆیان داویت.

(مارگریت مەقەسێکی بەدەستەوەیەو، بەدەوری پادشادا ئەخولێتەوەو، لەبۆشاییدایەو کەس نایبینێ)

**پادشا:** من، من، من.

**مارگریت:** تۆ تۆ نیت، شتگەلێکی نامۆن، لـەحیمکراوون، سـپڵی لاورگـن، بەدگۆڕاون، ئەو سپڵە لاورگانە بەسەر چڵەکانەوە سـەوز ئـەبن، چـڵ نـین، ئـەو لاولاوەی بەدیوارەوە هەڵئەگژێت دیوار نین، تۆ لەژێر بارگیانیدا گۆرانی ئـەڵێی، شـانت داکـەوتوە، ئەمـە ئەوەیـشە واتلێئـەکات پیرببیـت، ئـەم قورسـاییەی رایئەکێشیت، هەر ئەوەیە ناهێڵێت چاك ڕێ بکەی، (مارگریت لائەکاتەوە، شتی قورسی شاراوە لەپێی پادشا ئەکاتـەوە، ئـەنجا هەڵئەسـتێت، وەك دەرئەکـەوێ هەولێکی زۆری داوە بۆ هەڵگرتنی قورساییەکان).

تەنو تەنو چەندین تەن (وا ئەجولێتەوە کە ئەم قورساییەی بە پادشاوە بـوو هەڵداتە ناو ژورەکانەوە، ئەنجا رەپو راست ئەوەستێت بەپێوە)

ئۆف، نازانم چۆن توانیوتە بەدرێژایی ژیانت ئەم هەموە راکێشیت.

(پادشا ئەیەوێ بەپێوە بوەستێت)

بەردەوام لەخۆمم ئەپرسی بۆچی شانت کۆمە، کەواتە لەبـەر ئـەم هەکبەیـە بووە.

(مارگریت وا خۆی ئەنوێنێ کە هەکبەیەك لە کۆڵی پادشا ئەکاتەوەو، توڕی هەڵئەدات)

ئەم گۆرەوییەش (هەمان رەفتار ئەکات بۆ داکەندی گۆرەوییەکە) ئەم پێڵاوە یەدەکەش

**پادشا:** (ورتەورت ئەکات نارازی دیارە) نا.

**مارگریت:** ئارام بگرە، لەمــەودوا پێویــستت بــەم هــەمو شــتە نییــە، ئــەم تفەنگەش، تەنانەت ئەم کلاّشینکۆفەش (بەهەمان رتمی ئاخاوتن) ئەم سندوقە پڕ لە شتەش (هەمان رتم پاشا نارِأزییە) ئەم شمــشێرەش، زۆری بــەلاوە مەبەســتە، شمشێرێکی کۆنە، هەر ژەنگە، (زۆر بەناشیرینیو، بەبێ خواستی پادشــا لــێی ئەسێنێت) ئاقڵ بە، لێم گەرێ با بڕۆم.

(ئەکێشێت بەدەستی پادشادا)

لەمەودوا پێویستیت نییە بەرگری لە خۆت بکــەی، ئەمــەت هــەر ناوێــت، درکو توێکڵو قەوزە بەعەباکەتەوەیە لنجەگەلاّی تەڕی پێوەیە، ئەلکێت پێمەوە ئەلکێت، لــێی ئەکەمەوە، هەڵیئەکەنم، دواتر خۆی پەڵە جێئــەهێڵێت، ئەمــە پاك نییە

(وا جولّە ئەکات کە شتی لێبکاتەوەو هەڵیکێشێت)

ئەو کە خەوی ئەبینی لەخەوەکەی راپەڕی، ئە ئەوها لەم موزاحەمە بچوکانە رزگارم کردیت، لەم سوکە چڵکاوەش، ئێــستا عەباکــەت زۆر جــوانترە، خۆشــت پاکتریت، ئەمەش زۆر چاکترە بۆ خۆت، دەی دەستم بدەرێو، رێ بکە، مەترسە، با سەرسمیش بدەی ئەتگرمەوە، ئەزانم ناتوانیت.

**پادشا:** (بەجۆرێك ورتەورتکردنەوە) من.

**مارگریت:** نا، وائەزانێت خۆی هەمو شتێکە، وائەزانێت ئەگــەر ئــەو نــەبوو ئیتر کەس نیە، ئەبێ ئەمە لە کەللەی دەربهێنم

(ئەنجا وەك ئەوەی هانی بدات)

هەمو شتێك لە زاكیریەكی بێیادەوەریدا ئەپارێزرێ، دەنكە خوێیەك لە ئاودا بتوێتەوە، هەر ئەمێنێتەوە، چونكە ئاوەكە سوێر ئەكات، ئا ئەوەتا رەپو راست وەستاویت، ئێستا پشتت نەچەماوەتەوە، گورچیلەكانت ئازارت نادەن، جومگەكانیشت، ئەرێ ئەوانە قورس نەبون؟ چاك بویتەوە؟ چاك بویتەوە، ئەتوانی هەنگاو بنێیت، دەی برۆ، دەستم بەرێ

(سەرلەنوێ شانی پادشا دائەكەوێت)

مادام هیچت هەڵنەگرتوە شانت مەچەمێنەوە، ئاە، ئەم كردەوە عەكسیانە مەرج ئامێزن، توندورەقن، هیچت بەشانەوە نییە، پێم وتی راستبەرەوە

(یارمەتی ئەدات خۆی راست بكاتەوە)

دەستت!.. ..

(پادشا دودڵە)

چ چەتونێكی لاسارە! دەست مەنوشتێنەوە، پەنجەكانت بكەرەوە، چیت بەدەستەوەیە؟

(پەنجەكانی ئەكاتەوە) هەمو مەملەكەتەكەی گرتوە بەدەستەوە، بچوككراوەتەوە!میكروفیلمە.. .. بنەتۆوە،

(بە پادشا)

ئەم بنەتۆوە گەورە نابن، تۆوەكەی بۆگەن كردووە، بنەتۆوی خراپن فڕێیانبدە، پەنجەكانت پاككەرەوە، واز لەدەشتاییەكان بهێنە، چیاكانیش، ئە ئاوها، ئەمە لەگەڵ زیاتر هیچی دی نییە.

(لەگەڵ ئەوەی رەرگرییەکی زۆر ئەکات دەستی ئەگریٙو رایئەکێشێت)

ئەمە چۆن ئەتوانێت ئاوها بەرگری بکات؟ نانەکەی رابکێشێیت، داشمەنیشە، هیچ هۆیەك نییە سەرسم بدەیت، مەترسە من ئەتبەم

(ئەیباو دەستی ئەگرێت)

ئەمەش ناتوانیت؟ ئەمە ئاسان نییە؟ نشێوێکت کرد بەدەشتایی، دواتر ئەبێت بە چاڵوچۆڵی، ئەویش هەر باشە، ئەوسا هێزێك دێتەوەبەرت مەڕوانە شتێك کە نەتوانی بیبینیت، بەدیقەتەوە سەرنج بدەو، خۆت کۆکەرەوە، بەلای دڵتدا برۆ، برۆ ژوریٙ، ئەبیٙ برۆی.

**پادشا:** (چاوی نوقاوەو هەنگاوئەنێتو مارگریتیش دەستی گرتوە) ئیمپراتۆریەت.. لەژیانمدا ئمپراتۆرییەتێکی لەم چەشنەم نەدیوە، دو هەتاو، دو مانگ، دو گومەزی ئاسمانی روناکیان ئەکاتەوە، هەتاوێکی دی هەڵهاتوە، هەتاوێکی کەیان، فەلەکی سێهەم، ئەدرەوشێتەوە، ئەوەتا پرشنگی داوەتەوە، خۆرێکی دی ئاوابو، چەندین هەتاوی دی ئەدرەوشێنەوە، نیگەرانیو شەفەق لەیەککاتدا، ئەمە دنیایەکە روەو ئەودیوی ئۆقیانوسەکان ئەکشێت، روەو ئەودیوی ئەو ئۆقیانوسانەی کە ئۆقیانوس هەڵئەلوشنو قوتی ئەدەن.

**مارگریت:** بپەڕێرەوە.

**پادشا:** بۆ ئەودیوی هەزارو حەوسەدو حەفتاو حەوت جەمسەر.

**مارگریت:** لەوەش دورتر.. لەوەش دورتر، رابکە، رابکە.

**پادشا:** شینە شین.

**مارگریت:** تائێستاش رەنگەکان ئەناسێتەوە، یادەوەری رەنگاورەنگ، سروشتی بیستراوئامێز، خەیاڵی سەدلەسەد بینراوئامێزە، نیگارکێشە، عەودالی یەکرەنگە، (بەپادشا) لەم ئیمپراتۆریەتەش واز بهێنە، واز لە رەنگەکانیش بهێنە، لەوانەیە ئەمە سەرت لێ بشێوێنێت و، دواتبخات، نابێت دوابکەویت، ناشبێت بوەستیت، هەرگیز نابێ (لە پادشا دورئەکەوێتەوە)

مەترسە، هەر خۆت برۆ، دەی

(مارگریت لەیەکێك لە سوچەکانی شانۆکەدا وەستاوەو، ئامۆژگاری پادشا ئەکات) ئێستا نە رۆژەو نە شەویشە، رۆژ نەماوە، شەویش نەماوە، هۆشت بەلای ئەم عەرەبانەیە بێت کە بەبەردەمتدا ئەخولێتەوە، لێی غافڵمەبە، دوای بکەوە، زۆر لێی نزیك مەبەرەوە، گڕدارە، نەوەك بتسوتێنێ من تووترکەکە دورئەخەمەوە، وریابە خۆت نەدەیت لەو تارماییەی لای راست.. ئەی ئەو دەستو قۆڵانەی بەزەیی ئەوروژێنن، برۆ هەرگیز مەگەڕێرەوە، دەستی لێمەدا ئەگینا لێت ئەدەم (بە پادشا) رو وەرمەگێڕن، ئاگات لەو چاڵەی لای چەپت بێت، لەو پیرەگورگە مەترسە کە ئەلورێنێ، دانی لەمەقەوایە، بونی نییە، (بە گورگەکە) گورگەکە لەم دنیایە مەمێنە! (بە پادشا) لە مشکیش مەترسە، ناتوانێ پەنجەکانی قاچت بگەزێ، (بە مشکەکان) مشکان، مارەکان ئێوەش لەناوچن، (بە پادشا) بەزەییت بەو سوالکەرە نەیەتەوە کە دەستی بۆ درێژکردویت، ئاگات لەو پیرەژنە بێت کە روەو تۆ دێ، ئەو کوپە ئاوەی کە ئەتداتێت نەیخۆیتەوە، خۆ تۆ تینوت نییە (بە پیرەژنە وەهمێیەکە) پێویستی

بەئاوخواردنەوە نییە ئەی پیرەژنە چاکەکە، ئەو تینووی نییـــە، ڕێی پێ‌مـــەگرە، ونبە، (بە پادشا) بە دیوارەکەدا هەڵگژێ، ئۆتۆمبیلی گواستنەوەکە لێت ناکەوێ، سەرابە، ئەتوانیت بپەڕێیتەوە، بپەڕێوە.. تا، گوڵە یەببون گۆرانی ناڵێ، تەنانەت ئەگەر شێتیش بێت دەنگیم لەلا خۆشە، بەڵام ئەو ئەفەوتێنم!..

گوێ لە خوڕەی جۆگەلەکە مـــەگرە، وەك بابـــەت ئـــەو نەبیـــسراوە، ئـــەویش جۆگەلەیەکی درۆزنانەیەو، دەنگێکی درۆزنانەیشی هەیـــە، دەنگـــە درۆزنانـــەکان بێدەنگ بن، (بە پادشا) کەس نییە بانگت بکات، بۆ دواجار ئەم گوڵە بۆنبکەو، توڕی هەڵدە، بۆنەکەی بیر خۆت بەرەوە، تۆ قسەت نییە، ئەی کێ قسە بکـات، بەڵێ ئەو، قاچت هەڵبڕە، ئەویتریشیان، ئەمە پردە مەترسە سەرت گێژ ناخوات.
(پادشا روەو پلیکانی عەرش ئەڕوات)

قەدت راستکەرەوە پێویستت بە تـــێلا نییـــە، تـــۆ هـــەر تـــێلا هـــەڵناگریت، دامەنەوێوە، بەتایبەتیش نەکەی بکەویت، سەرکەوە، سەرکەوە

(پادشا دەست ئەکات بەسەرکەوتنی پلیکانەکانی عەرش) بـــەرزتر، بـــەرزتر، سەرکەوە، دوەمجار، بەرزتر

(پادشا زۆر نزیك ئەبێتەوە لە تەختی پادشایی) رو لە من بکە، سەیری مـــن بکە، لەمیانەی منەوە بڕوانە ئەم ئاوێنە خاڵییە لە وێنە، راست بمێنەرەوە، قاچی راستو چەپتم بدەرێ (لەگەڵ هەر فەرمانێکدا ئەندامەکانی جەستەی پادشا گرژ ئەبنەوە)

پەنجەیەکتم بدەرێ، دوانیان، سیانیان، چـوارەمیان، پێنجـەمیش.. هـەر دە پەنجەکەت، قۆڵی راستم بدەرێ، قۆڵی چەپیش، سنگو هەردو شانت، سکیشت

(پادشا رەپوراست ناجوڵێتـەوەو وشـك ئـەبێ، ئـەڵێی پەیکـەرە) ئـەوەتا ناتوانیـت قـسەبکەیتو، دڵیـشت لێنـادات، هـیچ پێویـست بـە هەناسـەدان ناکات،سودی نەبوو وا نیە؟ ئەتوانیت شوێنێ بۆ خۆت هەڵبژێریت

(خانمی خاوەن شکۆ لەپڕ ون ئەبێت، پادشا لەسەر تەختی شاهانە دانیشتوە، لەمیانەی ئەم دیمەنەدا وردەوردەو، لەسـەرەخۆ دەرگـاو، پەنجـەرەو، دیوارەکـانی هۆڵی عەرش نامێنن تەکنیکی دیکورسازی ئەم دیمەنە ئەنجام ئەدات، لەکۆتاییدا هیچ نەماوە جگە لەم روناکییە خۆڵەمێشییە نەبێ، نەمانی پەنجـەرەو دەرگـاو، دیوارەکانو، پادشاو، تەختی پادشاییو، تـەواوی شـتەکان ئـەبێ زۆر هێـدیو، لەسەرەخۆ بێتو، رونو ئاشکرا بێت، پادشا کە لەسەر عەرش دانیشتوە، ئـەبێ پێش ئەوەی لەناو تەمتوماندا نقوم بێت، پێویستە بۆ تاوێك دیاربێت)

* * *

## بۆ ڕونکردنەوە

- **قوطی:** شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری تەلارسازی لەنێوان کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستو، سەردەمی ڕێنیسانس.
- ئەم نازناوە سەیرە بەمەبەست هاتوە.
- بە رای رەخنەگران ئەمە بەشی دوەمی شانۆییەکەیە.
- وشەی لە چ حاڵێکدایە (ETAT) لە زمانی فەرەنسی بەمانای دەوڵەت یا حاڵەت دێت، ئەمەش جیناسە چونکە رستەکە لەهەمان کاتدا مانای ئەوەیە: لە چ حاڵێکدام، لە چ دەوڵەتێکدام.
- موزیکی قەرب: شێوەیەکە لەشێوەکانی موزیکی هندی.
- گێزەری پاککراو مەعنای هەیە بۆیە ژولێت وا ئەڵێ.
- ئاماژەیە بۆ پرۆمیسوس کە ئاگری لە خواوەند دزی ئەمەش هێمایە بۆ جوامێری مرۆڤ.
- (خانم) مەبەست لە براژنی پادشایە.
- لەئێستا بەدواوە پادشا ڕێی مردن ئەگرێتەبەر.
- (تقاوی) ئەو ڕێگایانەیە کە بەکارئەهێنرێت بۆ باشترکردنی روەك وەك: قەڵەم، خەڵفو گۆپکەو، متوربەکردنو، تۆڕو، بنەتۆو.

وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی د.سەید عەتیە ئەبولنەجا

پێشەکیو پێداچونەوە: د.**حمادة ابراهيم**

**شانۆنامەی**

# چوارینە

**کارەکتەرەکان**

**دۆبۆن: جلەکەی وك دۆرانە.**

**دۆران: جلەکەی وەك دۆبۆنە**

**مارتین: وەکو ئەوەی ئەوانی لەبەردایە.**

**خانمە جوانەکە: شەپقەی لەسەردایەو، جانتایەکی دەستی پێیەو، دەستکێشی لەدەستایەو، پالتۆ یان فەروو عەزیشی لەبەردایە.. .. تا دوایی یان هەر هیچ نەبێت یەکەم جار کە دەرئەکەوێت ئاوهایە.**

## دیمەن

(بەر دالآنێك لەلای راستەوە، مێزێك لەناوەڕاستی شانۆکەدایە، سێ گوڵدانی بەسەرەوەیە، هەرسێکیان بەریز بەتنیشتی یەکەوەن، لەشوێنێکی دیش مەستەبەیەك دانراوە)

## دیمەنی یەکەم و کۆتایی

(دۆبۆن ئەبینیت بەتوڕەیی لەدەوری مێزەکەدا ئەسوڕێتەوە، هەردو دەستی بەپشتیەوەیەتیو بەپێچەوانەشەوە دۆران هەمان شت ئەکات، کە بەیەکئەگەنو بەیەکدادێن، دیسانەوە بەپێچەوانەی یەکترەوە دەست ئەکەنەوە بە ڕێگەکردن)

**دۆبۆن:** .. .. نا

**دۆران:** .. .. نا

**دۆبۆن:** .. .. نا

**دۆران:** .. .. نا

**دۆبۆن:** نا

**دۆران:** نا

**دۆبۆن:** پێت ئەڵێم نا.. .. وریای گوڵدانەکان بە

**دۆران:** پێت ئەڵێم با وریای گوڵدانەکان بە

**دۆبۆن:** بەڵام پێت ئەڵێم نەء

**دۆران:** بەڵام پێت ئەڵێم بەڵێ.. .. ئەڵێم بەڵێ

**دۆبۆن:** وەك ئەتەوێ ئەتوانیت بڵێی بەڵێ، بەڵام نەء.. .. نەء.. .. نەء سەدو پەنجا جار نەء

**دۆران:** دۆبۆن وریای گوڵدانەکە بە..

**دۆبۆن:** دۆران وریای گوڵدانەکان بە..

**دۆران:** تۆ عینادیت، عینادییەکەت لەڕادەبەدەرە

**دۆبۆن:** ئۆە نا وا نیم، تۆ عینادی.. عینادی.. عینادیت

**دۆران:** تۆ خەڵەفاویت، بۆچی پێم ئەڵێی تۆ عینادیت؟ ئاگات لە گوڵدانەکان بێت، هەرگیز من عیناد نیم.

**دۆبۆن:** تۆ خۆشت نازانیت ئەم عینادییەت لە چی، تۆ ئەزانیت منت سەرسام کردوە.

**دۆران:** من نازانم ئەگەر تۆم سەرسام کردبێت یان نا، رەنگە سەرسامم کردبیت، بەڵام بڕوا بکە من ئەمەوێ بزانم بۆچی من عینادم، پێش هەمو شتێك من عیناد نیم.

**دۆبۆن:** عیناد نیت؟ کە هەمو رەتئەکەیتەوە، کە ئینکاری ئەکەیت، کە هیچ شتێ: ناکەی، بەکورتی کە سواری سەری خۆت ئەبی، سەرەڕای هەمو ئەم بەڵگانەی کە ئەیخەمەڕو عیناد نیت

**دۆران:** بەڵگەکانت نرخیان نییە بەلامەوە، قەناعەتیان پێناکەم، من عیناد نیم، تۆ عینادیت.

**دۆبۆن:** تۆ عینادیت.

**دۆران:** نەخێر

**دۆبۆن:** با

**دۆران:** پێت ئەڵێم من عیناد نیم.

**دۆبۆن:** پێت ئەڵێم تۆ وایت.

**دۆران:** بەڵام پێم وتی نەء

**دۆبۆن:** منیش پێت ئەڵێم با

**دۆران:** تا هەتایە ئەتوانیت بڵێ بەڵێ، بەڵام نا.. .. نا.. .. نا.

**دۆبۆن:** تۆ زۆر عینادیت، ئەتوانیت سەیرێکی خۆت بکەیت کە چەند عینادیت..

**دۆران:** هاوڕێی دێرینم، ئەمە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە، خەریکە دەست لە ئیش‌و کارم وەرئەدەیت، ئاگات لە گوڵدانەکان بێت، ئەگەر تۆ لەگەڵ خۆتدا راستت بکردایە، دانت پێدا دەنا کە تۆ عینادیت.

**دۆبۆن:** لەچیدا عینادم؟ ئادەمیزاد کە لەسەر حەق بوو، پێویست ناکات عیناد بێت، ئەشبێت دان بەوەدا بنێیت کە من راست ئەکەم، بەڵێ لەسەرهەقم.

**دۆران:** مادام من لەسەر هەقبم، هەرگیز تۆ راست ناکەیت.

دۆبرن: بەداخەوە، هەر من راست ئەکەم.

**دۆران:** نەخێر من.

**دۆبۆن:** نا، من.

**دۆران:** نەخێر من

**دۆبۆن:** نا

**دۆران:** نا

**دۆبۆن:** نا

**دۆران:** نا

**دۆبۆن:** نا

**دۆران:** نەخێر، وریای گوڵدانەکان بە

**مارتین:** (دێتەژوری) من وایئەبینم ئێوە هەردوکتان پێکهاتون.

**دۆبۆن:** ئۆە نا، بڕوام پێبکە هەرگیز لەگەڵیدا پێکنایەم (ئاماژە بۆ دۆران ئەکات)

**دۆران:** قەد لەگەڵیدا پێکنایەم (ئاماژە بۆ دۆبۆن ئەکات)

**دۆبۆن:** ئەو، نایەوێ دان بە راستیدا بنێت.

**دۆران:** ئەو نایەوێت دان بە راستیدا بنێت

**دۆبۆن:** نەخێر ئەو

**دۆران:** نەخێر ئەو

**مارتین:** ئۆە، ئەوەندە خۆتان مەکەن بە مەخسەرە، وریای ئەو گوڵدانانە بن، کەسایەتی ناو شانۆییەکان ئەوەندە گەمژە نین وك لەژیاندان.

**دۆران:** ئەوە ئەکەین کە بۆمان بلوێت.

**دۆبۆن:** ·لەگەڵ مارتین) بەهەرحاڵ تۆ بەم جگەرە زەبەللاحەوە نارەحەتم ئەکەیت.

**مارتین:** ئەی ئێوە بەم رێکردنە پێچاوپێچ و، دەست بەپشتانەوەو، لەگەڵ یەکیشدا پێکنایەن منتان سەخڵەت نەکردوە؟ ئەوەی ئێوە ئەیکەن توشی سەرئێشەم ئەکاتو، ئەشزانم ئەو گوڵدانانە ئەخەن.

**دۆران:** بەم دوکەڵە پیسەت توشی هێڵنج هێنانم ئەکەیت، چەند سەیرە، بەم رۆژگارە ئەڵێی دوکەڵکێشە جگەرە ئەکێشێت.

**مارتین:** هەر بەتەنها دوکەڵکێشەکان دوکەڵدەکێشن.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) جگەرەکێشانەکەی تۆ لە دوکەڵکێشێك ئەچێت قەد پاکنەکرێتەوە.

**مارتین:** (بە دۆبۆن) چ بەراوردێکی قیزەونە.. ناتوانیت خەیاڵێکی جوانت هەبێ.

**دۆران:** (بە مارتین) وایە دۆبۆن ناتوانێ خەیاڵێکی جوانی هەبێت، هەر تۆش، تۆش توانای ئەوەت نییە....

**دۆبۆن:** (بە دۆران) تۆ دۆران، هاورێی پیرەمێرد

**مارتین:** (بە دۆبۆن) هەروەها تۆش دۆبۆن، ئەی هاورێی پیرەمێرد.

**دۆبۆن:** (به مارتین) ئەی خۆت بۆ نالێیێ، تۆش مارتین هاوڕێی پیرەژن.

**دۆران:** (به دۆبۆن) دۆبۆن تۆش هاوڕێی پیرەمێرد، جارێکی دی بانگم مەکە بە دۆران هاوڕێی پیرەمێرد، من دۆرانی هاوڕێی پیرەمێردت نیم.

**دۆبۆن:** (به دۆران) دۆران هاوڕێی پیرەمێرد تۆش توانای بیرکردنەوەت نییە، جارێکی تر بانگم نەکەی بە دۆبۆن هاوڕێی پیرەمێرد، من دۆبۆنی هاوڕێی پیرەمێرد نیم.

**مارتین:** (بەهەردوکیان) بانگم مەکەن بە مارتین هاوڕێ پیرەژنەکەمان، من مارتین هاوڕێ پیرەژنەکەتان نیم.

**دۆبۆن:** (به مارتین‌و دۆران) بانگم نەکەن بە دۆبۆی هاوڕێی پیرەمێرد، من هاوڕێ پیرەمێردەکەتان نیم.

**دۆران:** (به مارتین و دۆران) بانگم مەکەن بە دۆران هاوڕێی پیرەمێرد، من هاوڕێ پیرەمێردەکەتان نیم.

**مارتین:** بەهەرحاڵ نابێت بەم جگەرە جوانەوە سەغڵەتان بکەم، جگەرەم پێ نییە، گەورەکانم، ڕێگەم بدەن پێتان بڵێم، ئێوە هەردوکتان زیادەڕۆیی ئەکەن، من پەیوەندیم نییە بە قسەکانتانەوە، هەروەها ئەشتوانم بەشێوەیەکی مەوزوعی حوکم بدەم.

**دۆران:** کەواتە حوکم بدە.

**دۆبۆن:** دە دەی خێراکە حوکم بدە.

**مارتین:** کەواتە بێئەوەی لایەی کەس بگرم، ڕێم بدەن پێتان بڵێم ئەمە چارەسەر نییە بۆئەوەی بگەینە دوا ڕێکەوتن، ئەبێ یەکەم جار لەسەر خاڵێك ڕێککەون، ئەبێ لەسەر بنەمایەك، گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن، قسە لەیەکتر قبوڵ بکەن.

**دۆران:** (بە مارتین) لەگەڵ ئەم بەڕێزە (ئاماژە بۆ دۆبۆن ئەکات) قسەی لەگەڵدا ناکرێت، مەرجەکانیشی قبوڵ ناکرێن.

**دۆبۆن:** چ بێشەرمییەکە، مەرجەکانی ڕێکوپێك نین.

**مارتین:** (بە دۆبۆن) لێگەڕێ با قسە بکات.

**دۆبۆن:** (بە دۆران) دەی قسە بکە.

**مارتین:** ئاگاتان لە گوڵدانەکان بێت.

**دۆبۆن:** قسە ئەکەم، ئەگەر کەس بیەوی گوێبگرێت یا نا.. یاخود بیەوێ تێبگات، بەڵام بۆئەوەی هەردوکتان لێم بگەن، یا لەیەکتری بگەین، پێویستە گوێ لە یەکدی بگرین، واش دەرئەکەوێت کە بەڕێز دۆران ناتوانێت تێبگات، تەنانەت وایلێهاتوە گەمژەییەکەی بۆتە قسەی خۆشی سەر زمانی خەڵکی.

**دۆران:** (بە دۆبۆن) چۆن ڕێگە بە خۆت ئەدەیت بڵێی گەمژەییەکەم بۆتە قسەی سەر زاری خەڵکی، بەردەاوم تۆ ناتەوێت تێم بگەیت.

**دۆبۆن:** (بە دۆران) بەسە، لە تامت دەرکرد، چ زەینێکی خراپت هەیە، کۆرپەیەکی سێ مانگان ئەگەر ڕەسەن بێت، ئەتوانێت تێبگات، (بە مارتین) خۆ ئەمجارە گوێت لێبوو، وانا؟.. وانا..؟

**دۆران:** (بە دۆبۆن) نەخێر، لە تامت دەرکرد.. تۆ ناتەوێت تێبگەیت، گوێت لە قسە قۆڕەکانی بوو؟

**مارتین:** گەروەکانم، هاوڕێکانم، نابێت بەمجۆرە کات لەدەست بدەین، با بچینە ناو مەوزوعەکەوە، ئێوە نازانن چی ئەڵێن.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) چی، من نازانم چی ئەڵێم؟

**دۆران:** (بە مارتین) چۆن؟ جورئەت ئەکەیت پێم بڵێی من نازانم چی ئەڵێم؟

**مارتین:** ببورن، مەبەستم ئەوە نەبو بڵێم ئێوە نازانن چی ئەڵێن، مەبەستم ئەوە بوو.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) چۆن ئەتوانیت بڵێی ئێمە نازانین چی ئەڵێین، لەکاتێکدا خۆت وتت ئێوە نازانن چی ئەڵێن، مەحاڵە نەزانین چی ئەڵێین، چونکە ئادەمزاد ئەزانێت چی ئەڵێتو، ئەوەش ئەڵێ کە ئەیزانێت، بەپێچەوانەشەوە ئەزانێت ئەڵێ چیو، چیش ئەڵێت.

**مارتین:** (بە دۆبۆن) وابزانن من پێتان ئەڵێم ئێوە نازانن چی ئەڵێن، ئەمە ئەوە ناگەیێنیێکە ئێوە هەمیشە ئەمە ئەڵێن، بەهەرحاڵ، هەندێ جار لەوە زیاتر ئەڵێن کە مەبەستە، ئەمە پەیوەندی بەو کەسەو، بەو وەختەوە هەیە کە تیادا قسە ئەکات. ئێوە لەم نیوسەعاتەی دوایی چیتان ئەووت، بێگومان قەد مەبەستتان نەبوو، مەبەستم گومان لەوەدا نییە.

**دۆران:** (قسە بە مارتین ئەبڕێت) ئەوە دۆبۆنە نازانێت چی ئەڵێ نەك من.

**دۆبۆن:** (بە دۆران) نەخێر تۆیت.

**دۆران:** (بە دۆبۆن) نەء تۆیت.

**مارتین:** (بە دۆبن‌و دۆران) نەخێر هەردوکتانن.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) نەخێر تۆیت.

**دۆران:** (بە مارتین) نەخێر تۆیت.

**مارتین:** نا، من نیم.

**دۆبۆن:** با، تۆیت.

**دۆران:** ٠بە دۆبۆن‌و مارتین) ئێوە خۆشتان نازانن ئەڵێن چی.

**دۆبۆن:** من نازانم ئەڵێم چی؟

**مارتین:** (بە دۆبۆن) بەڵێ تۆ نازانیت ئەڵێی چی.

**دۆران:** (بە دۆبۆن) بەڵێ تۆ نازانی ئەڵێی چی.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) هەروەها تۆش، تۆش نازانیت ئەڵێی چی.

**دۆران:** (بە مارتین) هەروەها تۆش، تۆش نازانیت ئەڵێی چی.

**مارتین:** (بە دۆبۆن‌و دۆران) ئەوەی کە نازانێت ئەڵێ چی ئێوەن.

**دۆبۆن:** (بە دۆران‌و مارتین) ئەوەی کە نازانێت ئەڵێ چی ئێوەن.

**مارتین:** ( بە دۆران) ئەوە من نیم تۆیت.

**دۆران:** (بە مارتین) نا من نیم، تۆیت.

**دۆران:** (بە دۆبۆن) نا من نیم، تۆیت.

**مارتین:** (بە دۆران‌و دۆبۆن) تۆیت، تۆیت، تۆیت.

**دۆران:** (بە مارتین‌و دۆبۆن) تۆیت، تۆیت، تۆیت.

**دۆبۆن:** (بە مارتین‌و دۆران) تۆیت، تۆیتـ تۆیت.

(لەم کاتەدا خانمە جوانەکە دێتەژوورەوە)

خانم: بەڕێزان رۆژباش.. وریای گوڵدانەکان بن.

(لەناکاو هەرسێکیان ئەوەستن‌و، روبەڕوی ئەبنەوە)

خانم: بۆ بەمشێوەیە بەشەڕ دێن؟

(بەناچاری زەردەخەنەیەك ئەکات)

خانم: گەورەکانم بەیارمەتیتان..

**دۆبۆن:** ئۆه خانمە ئازیزەکەم، ئەوە تۆیت؟ تەنها تۆ ئەتوانیت لەم گێژاوە دەرمان بهێنیت.

**دۆران:** ئۆه.. .. خانمە ئازیزەکەم، ئەوەتا بەچاوی خۆت خیانەتی هزر ئەبینی.

**مارتین:** (قسە بە دۆران ئەبڕێ) ئۆه خانمە ئازیزەکەم، وەرە با هەمو شتێکت لەم بارەیەوە بۆ بگێڕمەوە.

**دۆبۆن:** (لەگەڵ ئەوان) نا.. من هەموو شتێکی بۆ ئەگێڕمەوە، چونکە ئەم خانمە سیحراوییە دەزگیرانمە.

(خانمە جوانەکە بزەیەك ئەکات)

**دۆران:** (لەگەڵ ئەوان) ئەم خانمە سیحراوییە دەزگیرانی منە.

**دۆبۆن:** (بە خانمە جوانەکە) خانمە ئازیزەکەم، تکات لێئەکەم بەم بەڕێزانە بڵێ کە تۆ دەزگیرانی منیت.

**مارتین:** (بە دۆبۆن) تۆ هەڵەی، ئەو دەزگیرانی منە.

**دۆران:** ٠بە خانمەکە) خانمە ئازیزەکەم بەم بەڕێزانە بڵێ کە تۆ لەراستیدا..

**دۆبۆن:** (قسەی دۆران ئەبڕێ) تۆ هەڵەیت، ئەو دەزگیرانی منە.

**مارتین:** (بە خانمەکە) خانمە ئازیزەکەم، تکایە بڵێ..

**دۆران:** (بە مارتین) تۆ هەڵەیت، ئەو دەزگیرانی منە.

**دۆبۆن:** (بە خانمەکە) خانمە ئازیزەکەم..

**مارتین:** (بە دۆران) تۆ هەڵەیت، ئەو دەزگیرانی منە.

**دۆران:** (بە خانمەکە) خانمە ئازیزەکەم..

**دۆبۆن:** ٠بە مارتین) تۆ هەڵەیت، ئەو دەزگیرانی منە.

**مارتین:** (بە خانمەکە) خانمە ئازیزەکەم، تکایە پێیان بڵێ..

**دۆران:** (بە دۆبۆن) تۆ هەڵەیت، ئەو دەزگیرانی منە.

**دۆبۆن:** (بە خانمەکەو بەتوندی دەستی ئەگرێ)

ئۆە ئازیزەکەم

(خانمە جوانەکە تاکێ لە پێڵاوەکانی ون ئەکات)

**دۆران:** (دەستەکەی دی توند ئەگرێ) تکات لێئەکەم بهێڵە با باوەشت پیا بکەم.

(خانمەكە تاكە پێڵاوەكەی دیش ون ئەكات‌و، یەكێك لە دەستكێشەكانی بەدەستی دۆبۆنەوە ئەمێنێتەوە)

**مارتین:** (یەكێك لە گوڵدانەكان ئەبات‌و، خانمەكە روەو لای خۆی وەرئەگێڕی‌و روبەڕوئەبنەوە)

تكات لێئەكەم ئەم گوڵەم لێوەرگرە..

(گوڵدانەكە ئەداتە دەستی خانمەكە)

**خانمەكە:** ئۆە، سوپاس.

**دۆبۆن:** (روەو خانمەكە ئەڕوات‌و، گوڵدانێكی ئەداتێ)

ئەم گوڵە جوانانەم لێوەرگرە..

(لەنێوان خۆیاندا خانمەكە ئەمسەرو ئەوسەر پێئەكەن‌و لەم كاتەدا شەپقەكەی لـێ‌ون ئەبێت)

**خانمەكە:** سوپاستان ئەكەم.. زۆر سوپاس.

**دۆران:** (وەكو دۆبۆن) ئەم گوڵە بۆ تۆ، دڵیشم بۆ تۆ.

**خانمەكە:** خۆشحاڵم (گوڵدانەكەی گرتوە بەدەستەوە، لەم كاتەدا جانتاكەی دەستی لـــێ‌ون ئەبێت)

**مارتین:** (توند رایئەكێشێ بەلای خۆیداو، ئەقیژێنێت)

ماچم بكە، ماچم بكە

(خانمەكە فەرۆكەی لـێ ون ئەبێ)

**دۆران:** (وەك مارتین) ماچم بكە.

(چەند ساتێك وا ئەمێنێتەوە، خانمەکە گوڵەکانیشی لـێ‌ون ئەبێت‌و، عەزییێەکەیشی ئەدرێ، کە لەلای مێزەکەوە وەستاوە، هەرکەسەو بۆ لای خۆی پەلکێشی ئەکات، واتە ئەمیان بۆ ئەوی دی).

**خانمەکە:** ئۆە.. توخوا لێمگەڕێن.

**دۆبۆن:** (بە مارتین) دە لێیگەڕێ.

**مارتین:** ·بە دۆران) لێیگەڕێ.

**دۆران:** (بە دۆبۆن) لێیگەڕێ.

هەریەکێکیان بەوانی دی: داواتان لێئەکات لێیگەڕێن.

**خانمەکە:** (بەوانی دی) هەموتان لێم گەڕێن.

**دۆران:** ( بەسەرسوڕمانەوە) من؟ من؟ من؟

**دۆبۆن:** (بەسەرسوڕمانەوە) من؟ من؟ من؟

**مارتین:** (بەسەرسوڕمانەوە) من؟ من؟ من؟

(ئەوەستن، خانمەکە بەقژێکی بژەوەو جلێکی دڕاوەوە نیوەڕوت هەناسەی سواربوە، هەنگاوئەنێ‌و، قسە بۆ بینەران ئەکات، لەم کاتەدا دەستێکی‌و دەستەکەی تریشی، قاچێکی‌و قاچەکەی تریشی لەدەست ئەدات)

**خانمەکە:** بەڕێزان، خانمان، هەر ئەوندەتان پێئەڵێم، ئەمە هەموو قسەی قۆڕ بون.